# یار و نەیار



ستران عەبدوڵڵا

٢٠١٣

یار و نەیار

ستران عەبدوڵڵا

٢٠١٣

یار و نەیار

*کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ و سەرەتای ٢٠١٣ تەنگژەی نێوان کوردستان و بەغدا سەری هەڵدایەوە. کێشەکان چوونەوە سەر پلێت و وەکو بڵێی عیراقی ئێستا نوێ نەبێ و عیراقەکەی جاران بێت. بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە وتارە زادەی تەنگژەکەیە، بۆیە ئەمیش چۆوە سەر پلێتی کێشەکان. بووە دەرفەتێک بۆ قسەکردن لەسەر چییەتی مەسەلی کورد لە عیراقدا.

*بەشی دووەمیش زنجیرە وتاری گۆشەی (٢٠٠X٢٠٠) کە دیدی ڕۆژانەیە لەسەر پرسگەلێکی سیاسی.

ستران عەبدوڵڵا

یار [illegible]

# یار و نەیار

ناوی کتێب: یار و نەیار
نوسینی: ستران عەبدوڵڵا
نەخشەساز: ئاوارە هیوا
چاپی یەکەم (٢٠١٣)

# پێشەکی

ئەم کتێبە نووسراوەکانی بەندەن لە کوردستانی نوێ لە دوو قۆناغی ساڵی (٢٠١٢- ٢٠١٣)دا.

بەشی یەکەمیان:

عیراقی مالکیشمان بینی، هی مێژوویەکی نزیکترە لە بەشی دووەمیان:

کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ و سەرەتای ٢٠١٣ تەنگژەی نێوان کوردستان و بەغدا سەری هەڵدایەوە. کێشەکان چوونەوە سەر پلێت و وەکو بڵێی عیراقی ئێستا نوێ نەبێ و عیراقەکەی جاران بێت.

ئەم زنجیرە وتارە زادەی تەنگژەکەیە.

بۆیە ئەمیش چۆوە سەر پلێتی کێشەکان. بووە دەرفەتێك بۆ قسەکردن لەسەر چییەتی مەسەلەی کورد لە عیراقدا.

وەك دەگوترێ هەر شەڕەی بۆ جوامێرێکە، شەڕ هەمیشە ناخۆشە، بەڵام شەڕی سیاسیی، کە خوێنی تیا نەرژێ، دەبێتە دەرفەتێك بۆ روونکردنەوەی سیاسەت و بیروڕاکان و بۆ قووڵکردنەوەی ناسنامەی خۆجیاکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان.هەرشەرێك، لە جێی خوێن، مەرەکەبێکی زۆری تێدا برژێت باشترە. لای من ناکۆکی بەغدا و کوردستان دەرفەتیش بوو بۆ نیشاندانی جیاوازییەکان و شەڕ کردن لەسەر کوردستانێتی ویست و داخوازییەکانمان.

بەشی دووەمیان: (کەتنی جەزائیر) زنجیرە وتاری رۆژانەی (٢٠٠X٢٠٠) کە بریتی بوو لە دووسەد وشەی رۆژانە لەسەر باسوخواسێکی سیاسیی. کۆی ئەو وتارۆچکانەم لەم کتێبەدا کۆکردەوە. ئەمانەش هەر جگەرگۆشەمن و هەر بۆ خوێنەران نووسراون.

هیوام وایە جێ بگرن

ستران عەبدوڵڵا

٢٠١٣/٢/٢٦

# I

# عیراقی مالکی شمان بینی

# باسوخواسی گرێبەستەکەی روسیا

باسوخواسی گرێبەستی چەک کڕینی عیراق لەڕوسیا بەمزووانە نابڕێتەوە. لەپێشدا وەک گرێبەستی هەڕەشە دەرکەوتو ئینجا وا وردە وردە وەک گرێبەستی گەندەڵیو گومانلێکراوی خۆی نمایان دەکات.

ئەم باسوخواسە تێکەڵ بەسێ رەهەندی هەستیاری رەوشی عیراق دەبێت، بۆیە ئاڵۆزکاو و گرفتدارە.

-رەهەندی یەکەمیان لەناو فەزای شکستی دەوڵەتی عیراقو ئەو پلەبەندییە نزمەی لەبواری حوکمڕانی ژیرو سەرکەوتوودا هەیەتی. ئەمە یەکەمجار نییە گرێبەستی چەک ئاوێتەی پرۆسەی گەندەڵی و بەرتیل و ژەنگهەڵگرتوویی چەک و تەقەمەنییەکان دەبێت. تائێستا دۆسێکانی چەند ساڵی بەری یەکلایی نەکراونەتەوە.

-رەهەندی دووەم باگراوندی دۆسێکانی گەندەڵییە لەعیراقدا کەزۆربەیان یەخەی رەوتی زۆرینە دەگرێتەوە. زۆرینە وەک رەوتی سیاسی و وەک ئیئتیلافی سیاسیی زاڵ لەحوکمڕانیدا. ئەمەش قەبارەی بەرپرسیارێتییەکەی حکومەتی عیراقی لەو رەوشە چەند قات دەکاتەوە. بەڵێ دۆسێی گەندەڵی بەرۆکی پێکهاتەکانی تریش دەگرێتەوە، بەڵام بەو قەبارەو بەو ژمارەو بەو ئاستی بەرپرسبارێتییە مۆراڵییە، ئیئتیلافی حوکمڕان (دەوڵەتی قانون) روونکردەوەو پاساوی قەناعەتپێکەری لەئەستۆدایە.

-رەهەندی سێیەم پەیوەستی هەڵپەی خۆپڕچەککردنی حکومەتی عیراقە بۆ ئەجێندای ململانێی سیاسی و پەلەکردنە تا ئەو ئاستەی بەڕێز سەرۆک وەزیران و نووسینگەکەی زۆر لەدۆسێی ئەو جۆرە گرێبەستانەو ئەندازەی گونجانی لەگەڵ پێوەرەکانی کەڵکی سەربازی و پێوەرەکانی دەستپاکی و رێڕەوی دارایی بۆ گرێبەست و کڕین و فرۆتن ناکۆڵنەوەو یەکبینە هەڵپەی ئیمزاکردن و رێککەوتنن.

ئەوانە هەموو پرسیار دروست دەکەن داخۆ حکومەتی عیراق کەئاتاجی خۆپڕچەککردنی کردۆتە سەر لیستی پێداویستییەکانی، بۆچی تەداروکی

پێویستی بۆ دەستپاکی و شەفافیەت لەمجۆرە رێککەوتنە هەستیارانەدا نەکردووە.

لەنموونەی رێککەوتنی لەگەڵ روسیادا زیانەکان تەنها زیانێکی دارایی و باسی بەفیڕۆدانی دارایی و توانای وڵاتدا نییە، زیانی وا بۆ عیراقێکی دەوڵەمەندو خاوەنی رەیعی نەوت بەخەم و خەفەتیشەوە بێت قەرەبوودەکرێتەوە. بەڵام زیانی گەورەتر لەوەدایە دابینکردنی ئەمنیەتی ناوەکی و دەرەکی عیراق دەکرێتە پاساوی ئەو هەموو خەرجییە زۆرە. کەچی رێککەوتنەکە لەئەستۆپاکی و شێوازی بەستن و دابینکردنی برینداروکەلێندارە. با ئەوەش لەولاوە بووەستێ کە بەڕێز مالکی لەمیانی جەمسەرگیرییە نێودەوڵەتییەکاندا بازێکی لەناکاو و حیساب بۆ نەکراوی دا وەختێک بەبیانووی دابونەریتی سۆڤێتی توانای چەکداری عیراقەوە رووی لەمۆسکۆ کردو دیقەتێکی باشتری لەناجێگیری جەمسەرگیرییە نێودەوڵەتییەکەی ئێستا نەداو نەقلەیەکی دراماتیکی کرد لەشەترەنجی دیپلۆماسیدا.

حکومەتی عیراق لەڕەدوبەدەلی ململانێی سیاسیی عیراقدا چەندینجار یەخەی کوردستانی گرت و ئاقاری ململانێکەی بەلای تانەدان لەدیدی کوردی بۆ کۆی پرۆسەی سیاسیی عیراقدا برد. کەچی بابەتی گرێبەستێکی لەم چەشنە زیاد لەپرسیارێک لەسەر قودرەتمەندی حکومەتی مالکی و ئاستی لێوەشاوەیی بۆ ئیدارەدانی دۆسێ هەستیارەکان دروست دەکات. لەڕەوشی تاکڕەوی حوکمڕانیدا کە هەموو جومگەکانی لێپرسینەوەی تەشریعی و دەوڵەتی راوەستاون یان لەژێر هەژموونی هاوکێشەی ململانێ سیاسییەکەدان، کێ لەگرێبەستی وا دەپێچێتەوەو پاکێتی و دروستی دەرەنجامەکانی دەستەبەر دەکات؟ لەوەختێکدا کەشی جەمسەرگیریی سیاسیی، نەتەوەیی و مەزهەبی عیراق تەواو قووڵبۆتەوە، کێ دەتوانێت بەرپرسیارێتی لێپێچینەوەی یاسایی و ئیداری لەپرسی وادا بگرێتە ئەستۆو بەدەرەنجامی راست و رەوان بگات؟ ئەگەر لەسەرەتادا جەمسەرگیری و کەشی بەر یەککەوتنی سیاسیی تا رادەی بەرامبەرەکی گرتنی لەیەکتری

پاڵی پێوە نەنایەو حکومەتی عیراق لانی کەمی شەراکەت و شەفافیەتی سیاسی دابین بکردایە نها لەدۆسێی پێویستی شەفافیەتی گرێبەستەکاندا ئەو هەموو پرسیارو هەڵوەستەیە دروست نەدەبوون.

کە کەس لەمەغزای سیاسی خۆپڕچەککردنی بێ حیساب ناپرسێتەوە، لەدواییدا فەزای بەدواداچوون و پشکنینی زیانەکانی دارایی گرێبەستەکانی چەک فەزایەکی تەنگ و خنکێنەر دەبێت، یارمەتی دادپـەروەری و شەفافیەت نادات.

فۆرماتکردنەکە لەپڕۆسە سیاسییەکەوە دەستپێدەکات کەچارەسەری ئەوانی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

٢٠١٣/١/١٣

# ئەو تەنگژەیەش تێدەپەڕێت

شتمان هەیە ناخوازین لەدەستی بدەین، دەخوازین گەشەی پێبدەین. مافمان هەیە هێشتا بەدەستنەهاتووە، ناخوازین لەترسی لەدەستچوونی ئەوی بەدەستمان هێناوە، دەستەبەرداری بین.

سیاسەتی ژیرانە بەتولەڕێی نێوان ئەم دوو پێدراوەدا گوزەر دەکات، چاڵ و چانسیشی لەپێشە.

ئەوەی بەدەستهاتووە: هەرێمێکی گەشەکردووی ئاوەدانە، دیموکراسییەکە رۆژانە ململانێی فراوانبوون و گەورەبوونێتی. ژانی لەدایکبوونێکی بەردەوامە کە لەگەڵ گەشەی زیاتردا گرفت دێنێت و لەگەڵ چارەسەری گرفتەکاندا گەشەیەکی تر نما دەکات.

ئەوەی بەدەستنەهاتووەو خەباتی بێوەچانی بۆ خراوەتەڕێ: کەرکوک و خاوەندارێتی لەوڵاتی خۆمان و تەواوکردنی بینای دەوڵەتێکی فیدراڵ و دیموکرات و دەستوورییە، رۆژانە سیاسەت بۆ ئەم ئامانجە کەڵەکە دەکرێت.

سیاسەتی کوردستانیی ژیر وایە کە لەهیچ نەقلەیەکی شەترەنجی ململانێکەدا بەدەستهاتووەکان لەدەست نەدەین و لەهیچ تەشقەڵەیەکی بەلاڕێدابردنی رێڕەوە دەستوورییەکە بەشداری لەهاتنەکایەی دۆخێکدا نەکەین هیواو کاری بەدەستهێنانەوەی مافە بەجێماوەکانمان پەکبخات. تولەڕێی سیاسەتی ژیرو بەرپرس لەو نێوانەدایە، بڕیاردەری سیاسیی کوردستان و بژارەی دەستەبژێری سیاسی، رۆشنبیریی و میدیایی لەو پانتاییە ژیارییە، پڕجوڵەیەدا، دەتوانێت هەڵسوکەوت بکات و نەخشە دابڕێژێت، بۆئەوەی شەمەندۆفێری بەڕێکەوتووی دیموکراتی، فیدراڵی، پێکەوەیی و دیالۆگ، لەکوردستان و عیراق، هەروا بەڕێی دروستی خۆیدا بڕوات.

ئەمانە پرەنسیپ و سەرەتاکانن، هەموو دەیزانین و وەبیرهێنانەوەی شتی نوێی تێدا نییە، ئەوە نەبێت سەرەتاکان لەبنچینەدا بۆ ئەوە دانراون لەتەنگژەکاندا کاریان پێ بکرێت.

٢٠١٢/١١/١٨

# بکرێتە ئەجیندا

گفتوگۆی نێوان ڕووناکبیرانی کوردو عەرەب و بگرە ڕووناکبیرانی کوردو هەموو نەتەوەکانی پەیوەستن بەپرسی کوردەوە، پێداویستییەکی هەمیشەییەو بۆ هەموو زەمان و زەمینێک دەست دەدات. ئەمڕۆ بۆ تێگەیشتن لە پرسی کوردو سبەینێ بۆ مەسەلە هاوبەشە ئینسانییەکانی جێی بایەخی دەستەبژێری هەموو نەتەوەیەکن، گفتوگۆی ئەکادیمیان و ڕووناکبیرانی نەتەوەکان سەرمایەی لێک حاڵی بوونن بۆ ئایندەو پێچەوانەی (دانووستاندن)ی سیاسییەکان کە بۆ پرسی دیاریکراون لەوێستگەی دیاریکراودا، ئەو جۆرە دیالۆگانە فەزای تێگەیشتن و زانیاری لەسەر یەکتری فراوانتر دەکەن. ئاسۆ بۆ پەیوەندی دروست و ئیجابیش دەکەنەوە، چونکە ئەوانە دوژمنی یەکن کە یەکتری ناناسن.

سەیر لەوەدایە لە گەرمەی تەنگژەی سیاسی ئەم دواییەدا، لەچەندین وێستگەدا هامشۆی ڕووناکبیرانمان بینی، دەستەیەک لە چالاکەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەبەغداو باشوورەوە هاتنە کوردستان، بەدوایدا ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەنووس و ئەکادیمییانی عەرەب هاتنە مەکتەبی سیاسی و چوونە زانکۆو ناوەندەکانی ترو چوونە هەولێری پایتەختیش، ئینجا وەفدێکی سیاسی و ڕووناکبیری خۆمان چوونە بەسرەو لەم چەندانەشدا تەجەموعی دیموکراتی عیراقیش هاتن و ئەوانیش دۆسێی دیموکراسی و هاووڵاتیبوون و عیراقێکی نوێیان پێ بوو. سەرۆک مام جەلالیش میوانەکانی گەلاوێژی بینی و فەزای گفتوگۆیەکی گەرم بەرپا بوو.

ئەمانە هەمووی وەک شاعیر دەڵێ: جوانن شیرینن، ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆئەوەی ئەم هەموو هامشۆو دیدارانە بەرهەمدارو بە کەڵکبن دەپرسین چی کراوە بۆ لێکگرێدانەوەی؟

ئایا ئەم دیدارە نوخبەویانە هەر لەیادەوەری و دەفتەری بچووکی تێبینی ڕووناکبیرانی کوردو عەرەبدا دەمێننەوە یان وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت بە قازانجی پێکەوە ژیان و دیموکراسی و پەیوەندی کورد و عەرەب؟

لە تەرەف قەومی نەجیبی کوردەوە کێ ئەم دیدارە دەوڵەمەند، بەڵام پەرت و لێک دابڕاوانە کۆدەکاتەوەو ئەجیندایەکی تەراکومی لێ دروست دەکات؟

٢٠١٢/١١/١٩

# ناوی چییە؟

ئەدەبیاتی کوردایەتی هاوچەرخ لەسەر ئـەوە گیرسایەوە کە بەناوچەکانی پشتێنەی تەعریب و راگوێزان بێژێ (ناوچە دابڕێنراوەکان) کەئەم ناولێنانە لەگەڵ راستییە مێژوویی و جوگرافییەکاندا دەگونجێت.

بەمدواییە سـەرۆک وەزیـرانـی عیراق بەڕێز نـوری مالکی دەستەواژەی (ناوچە تێکەڵەکانی) داتاشیووە، دەستووری عیراقیش لەچوارچێوەی مادەی (١٤٠)دا بەتێکڕای ئەو ناوچە دابڕێنراوانەو هەموو ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان پارێزگاکانی تری عیراقیش دەڵێت (ململانێ لەسەرەکان-متنازع عليها).

پەرلەمانتاری عیراقی حەسەن عەلەوی ئەم جیاوازییە لەناولێنان دەخاتە چوارچێوەی جەمسەرگیریی نەتەوەییەوە، گوایە کوردستان جەمسەرێک و مالکی و ئەوانەی لەگەڵین جەمسەرێکی ترن.

بۆ کوردستانییەکان ئەم ناوچانە بەشێکی بێ چەندو چۆنی کوردستانن، بژارەی پەسەندکراوی کوردایەتی بۆ چارەنووسی ئەو ناوچانە ئەوەیە بەشێک بن لەکوردستان و بڕایەوە، بەڵام کورد کە لەگەڵ عیراقییەکان بەنەخشەی دەستووری رازیبووە، بۆ ئەوەیەتی بەکردەوە بیسەلمێنێ لەگەڵ دەستوورو یاساو چارەسەری سیاسی و سازانە.

ناولێنانی کوردستانی لەناوچەکانی جێی ناکۆکی هەم لەگەڵ راستی مێژوویی و جوگرافیی ئەو ناوچانەدا دەگونجێ و هەم رێی لەوەش نەگرتووە کورد وەفاداری دەستوور بێت و ئەگەر گلەییەکیشی لەبەغدا هەبێت گلەیی ئەوەیە بەگوێرەی دەستوور کێشەی (ململانێ لەسەرەکان) چارەسەر ناکات، ئەوی جێبەجێشی دەکات خاوە خاوی تێدا دەکات، نەک گلەیی ئەوەی بۆچی وەک ئێمە ناوی (ناوچە دابڕێنراوەکان)ی لێ نانێت.

ئەمڕۆ سیاسەتی کوردستانیی میراتگرێکی شەرعی و مێژوویی داخوازی چەندین دەیەی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوە (ناکۆکی لەسەر)ەکانە کەحکومەتە قەومییەکانی عیراق و بەتایبەتیش حوکمی سەدام سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی لەبەرامبەریان پەیڕەو کرد.

سیاسەتی کوردستانیی میراتگری داخـوازی جارانی خۆیەتی لەکەرکوک و خانەقین و مەخمورو شەنگال و بۆ ســازان و چارەسەریش نەخشەڕێی دەستووریی قبوڵکردووە. ئەدی ئەوانەی بە بەکارهێنانی ناونیشان و قودرەتمەندی (حکومەتی ئیتیحادی) نازناوی (ناوچە تێکەڵەکان)ی لێ دەنێن، میراتگری چی سیاسەتێکن؟.

٢٠١٢/١١/٢٠

# کێشەکە لەکوێدایە؟

پەیوەندیی نێوان سەرێ کانی و دووزخورماتوو چییە؟ هەردووکیان کوردستانن

بەڵام پەیوەندی جێی باس لێرەدا هەڵێنجانی وانە و ئەزموونە بۆ گەلی کورد

دووزخورماتوو بەشێکە لەناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان کە کوردایەتی لە پێناو چارەسەری مەسەلەی کورد و پێکەوەیی عیراقییەکاندا داوای دەکاتەوە تا سنووری کوردستان لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا دیاری بکرێت.

لە خەباتی سەردەمی ئۆپۆزسیۆنییدا هێزە سیاسییەکان دژی رژێمی دیکتاتۆری سەددام بەرنامەیەکی تۆکمەیان بۆ عیراقی دوای سەددام دارشت: عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ کە چارەسەری کێشەی ناوچەکانی تەعریب و راگوێزانیشی پێ بێت.

دوای کەوتنی بتەکەی سەددام لە بەغدا عیراقییە تازەکان هەم لە پرۆسەی سیاسیی و هەمیش لە دەستووردا نەخشەرێی چارەسەری ناوچە دابڕاوەکانیان پاراست و دووزخورماتووش لەو چوارچێوەیەدا چاوەڕێی ئەوە بوو هاوپەیمانەکانی کورد لەئۆپۆزسیۆن و لەحوکمیشدا وەفاداری بەڵێنە نووسراوەکان بن.

سەرێ کانی بەشێکی ناوچەکانی کوردستانی سوریایە کە هەمان پشتێنەی تەعریب و راگوێزانی لەدژ پەیرەوکراوە. رەوتە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کورد لە سوریا لە سەرەتای شۆڕشی سوریاوە خۆیان لە چوونە ژێر چەتری ئۆپۆزسیۆنی سوریا پاراست مادام ئەو ئۆپۆزسیۆنە هیچ لە بارەی مافەکانی کوردەوە ناڵێ و سەرئەنجام بەڵێنی سڕینەوەی ئاسەواری تەعریبی ناوچە کوردییەکانیش نادات.

لەبەر ئەوە کورد لە سەرەتاوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن نێوانی ناخۆش بوو، ئەوەش سەری کێشا بۆ پێکدادان لەگەڵ (سوپای سوریای ئازاد-رەوتی

جیهادی)ی ئۆپۆزسیۆندا.

باشە! کوردی عیراق لە سەرەتاوە، بەڵێنی نووسراوی لە ئۆپۆزسیۆنی عیراق وەرگرت و لە دەستووری دوای دیکتاتۆریشدا ئەمەی تۆمارکرد. کوردی سوریا ئەزموونی ئەوەی تاقیکردەوە کە هاوپەیمانێتی بێ مسۆگەری مافەکان نەکات.

ئـەوان لەوێ تووشی بەر یەککەوتنی سەرێ کانی هاتوون لەگەڵ بەشێکی سوپای ئۆپۆزسیۆنی ئێستا و ئێمەش لێرە تووشی بەر یەککەوتنی دووزخورماتوو هاتووین لەگەڵ بەشێکی سوپای ئۆپۆزسیۆنی جاران.

کێ ئەزموونی لە کێ وەرگرتووە؟

خوێنەری بەڕێز لە دەرەوەی سیاسەتی رەسمی با پێکەوە گفتوگۆیەکی هێمنانە بکەین لەسەر ئەم پرسە تا ئەدەبیاتی کوردایەتی و ئەزموونی خەباتی گەلەکەمان دەوڵەمەند بکەین و بزانین کێشەکە لە کوێدایە؟

**٢٠١٢/١١/٢١**

# مەدام میتران

نەوتی کوردستان لە دەستی کورد خۆی نەبوو کە مەدام میتران لەسەر کورد هاتە جواب و بڕیاری دا سۆزی دایکایەتی خۆی بۆ پشتگیری سیاسیی و لۆبی کردن بۆ کورد تەرجەمە بکات.

مادام میتران، پێویستی بە کێشە نەبوو وەختێک لە کارەساتی هەڵەبجەوە هاتە سەر ئەوەی پشتگیری کێشەی کورد بکات. هاوسەری سەرۆک کۆماری فەرەنسا بوو، بۆ رۆڵی خانمی یەکەم وڵات و میللەت زۆر بوون کە شان بداتە بەر کێشەکانیان. کێشەی نەتەوە و وڵاتانی تر چەند گرانیش بن ناگەنە ئاڵۆزی کێشەی کورد. دەیتوانی رۆڵێکی خێرخوازانەی رووکەش بگێڕێ و ئەوی پرۆتۆکۆڵ دەیخوازێت لە چەند وێنەی فۆتۆگرافی و دوو سەیرانی شۆی سیاسیی کورتی بکاتەوە و بڕایەوە. بەڵام ئەم دایکە میهرەبانە ئاڵۆزترین کێشەی دونیای هەڵبژارد، کێشەی میللەتێک کە چەند سەدەیە بندەست و دابەشکراوە و چەند دەیەش بوو بەشێکی ئەو میللەتە بۆ ئازادی و مافی خۆی لەگەڵ سەددام دەستە و یەخە بوو.

مەدام میتران لە ناو جەرگەی لانەوازی و بەلەنگازی کورددا دۆسێکەیانی بردە کۆشکی ئەلیزێ و سەرۆک میترانی هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی وەبەرهێنان لە دۆستایەتی بزووتنەوەی کورددا بکات. ئێمە باسی دەوڵەتێک دەکەین کە دیبلۆماسیی و ڕارەوی سیاسەتی خۆی هەیە و ئاسان نەبوو، وەکو دەورانـی قەدیمی دەوڵەتان، ژنێک هەر لەبەر ئەوەی ژنی سەرۆکە بتوانێت لۆبی بۆ مەسەلەی نەتەوەیەک بکات.

مەدام میتران هەموو ئەمانەی کرد. لە ناو سیاسەتی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیادا، فەرەنسای کردە شانۆی کۆنفرانسی مەسەلەی کورد لە ساڵی ١٩٨٩دا. وا هاتە ناو ژیانی نەتەوەکەمانەوە

شەریکە بەشی مەراسیمی راگەیاندنی یەکەم حکومەتی هەرێم بوو و بە سەرپەرشتی حکومەتی فرانسوا میترانیش رێککەوتننامەی پاریس بۆ ئاشتی کوردستان،هاتە بەرهەم.

که کورد بووه خاوەن دەسەڵات و داهات و نەوت، دایکی کورد جگە لە دوعای خێر و هاندانی ئەوەی کورد یەک بن و برابن هیچ خشتەیەکی داخوازی پێ نەبوو.

ئەم دایکە قەڵایەک بوو بۆ کورد، سەلماندی جگە لە چیاکان ژنی بە جەرگ دەتوانێ قەڵا بێت بۆ میللەتی بێ نەوا.

٢٠١٢/١١/٢٢

# گەل لەبزووتنەوەکەی جیا ناکرێتەوە

گەلی کوردستان لە بزووتنەوەکەی جیاناکرێتەوە، ئەمە بۆ ئەو کاتەش راست بوو کە بزووتنەوەی کوردایەتی نوێنەرایەتی شەرعیەتی مێژوویی و شۆڕشگێڕی دەکرد، نها کە ئەم شەرعیەتە بە شەرعیەتی هەڵبژاردن و دەنگدانی گەلی کوردستانیش پاڵپشت کراوە، مانای شەرعیەتی دووقات و چەند قات دەگەیەنێت. لەبەر ئەوە هەر لێدوان و شرۆڤەیەک کە هەندێک ناوەندی دەسەڵات لە بەغدا دەیدەن گوایە ئەوان کێشەیان لەگەڵ گەلی کوردستان نییەو کێشەیان لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی هەیە، دەچێتە چوارچێوەی چەواشەکاری و هەوڵی لێکدابڕینی میللەت و دەستەبژێرە هەڵبژێردراوەکەی و، بۆ ئیستفراد کردنە بەگەل دوور لە بزووتنەوە سیاسییەکەی.

گەلی کوردستان بزووتنەوەی سیاسی خۆی هەیە کە ئەرکەکانی کوردایەتی دیموکراتی و پێشکەوتنی کوردەواری گرتۆتەئەستۆ، کەموکوڕی و کەمتەرخەمیش هەبێت پرۆسەی دیموکراسی ناوخۆی کوردستان میکانیزمی چارەسەر و لێپرسینەوەو راستکردنەوەیان دادەنێت و ناشێ و ناکرێ لەلایەن ناوەندی دەسەڵاتداری بەغداوە بکرێتە دەسکەلا بۆ گێچەڵ کردن بەکوردستان، یان بکرێتە بیانوو بۆ کەمکردنەوە و گەمارۆدانی ویستە دەستووریی و رەواکانی کوردستان.

ئەو سیاسەتکار و هەڵسوڕاوانی نێوەندی دەسەڵاتی بەغدا کە باڵۆرەی ئەوە لێدەدەن ئەوان کێشەیان لەگەڵ گەلی خۆشەویستی کورد نییەو کێشەیان لەگەڵ سیاسەتی کوردستانی دا هەیە، ئەوانە هەمان قسەی جارانی حکومەتەکانی پێشوو دەڵێنەوەو گەرەکیانە کوردایەتی لە ژینگەی خۆی دابڕن و ئینجا ئیسیتفراد بە کوردایەتی بکەن.

جاران لەئەزموونی دیموکراتییە تازەکاندا دەگوترا سیستمە دیموکراتەکان لەنێوان خۆیاندا شەڕ ناکەن ناکۆکیشیان هەبێت میکانیزمی چارەسەری بۆ دەدۆزنـەوە. بزووتنەوەی کوردایەتی دەخوازێت لە چوارچێوەی بزووتنەوەی دیموکراتی عیراق و لەناو هێزە هەڵبژێردراوەکانی عیراقدا میکانیزمی بەردەوام و ستراتیژی بۆ ئیدارە دان و چارەسەری ناکۆکییەکان هەبێت، بەر یەککەوتنی توند ناخوازێت، بەڵام دیموکراسییەکەی توانای ئـەوەی هەیە نوێنەرایەتی ویستی گەلەکەی بکات، بۆیە لە گەل دانابڕێت و گەلیش خاوەنداریێتی لێ دەکات.

٢٠١٢/١١/٢٣

# گۆزەکە نەشکا؟

خەریک بوو گۆزەکە بشکێ، گۆزەی پەیوەندی نێوان عیراقییەکان و گۆزەی بژارەی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ کەوتە بەر هەڵمەتی ئۆپەراسیۆنی دیجلەو ئەو عەقڵەی لەپشت ئۆپەراسیۆنی واوەیە. خەریک بوو گـۆزەی ئایندەی هاوبەش بشکێ و بۆ یەکجاری عیراق ببێتەوە جەهەننەمەکەی جاران و دەورانی حکومەتە شۆڤێنییەکان ، شتێک نەمێنێ بە ناوی عیراقی نوێوە.

ئەگەر پێکدادانی سەربازی روویدا با، ئەوە گرنگ نەبوو کێ گورزی لێ دەدراو زیانی مەیدانی بەر دەکەوت، ئەسڵی مەسەلە ئەوەیە دڵی هەردوولا و بەتایبەتی دڵی کورد وا دەشکا ئیتر مەگەر دەورانێکی تر پەرجوویەک بقەومێ کە دڵی شکاو چاک بکاتەوە.

نزیکەی دە ساڵە کورد لەگەڵ عیراقییە دیموکراتەکاندا رەنجی فەرهادی دەدەن و بەرد و تاوێری بێستون هەڵدەکۆڵن و سەرمایەی بۆ کەڵەکە دەکەن. ئەم کۆششە لە بەهاری ٢٠٠٣وە ، پرۆسەی رزگاری عیراق لە (٢٠٠٣/٣/٩) دەستی پێکرد، و لە بەهاری داهاتوودا دە ساڵی کۆشش و زەحمەتی تەواو دەکات.

ئەوی دە ساڵە بەدە رۆژ درایە دەم باوەو لەمەشدا بازنەکەی مالکی زۆرینەی بەشی دەکەوێت، رەنگە کوردستان بەشەکەی لە کەموکوڕی و باعیسی لێکترازاندا هەر بەقەد (١٧٪)ەکەی بێت.

چی بکەین بۆ چاککردنی دۆخەکە؟ هیچ نەبێ بۆ پارێزگاری لەمەسەلەی کوردو کوردستان؟

لەپێشدا کورد پێگەکانی خۆی لەجومگەی عیراقدا پتەو بکات و لەدەستی نەدا، چونکە نەیارەکان دەخوازن ئێمە ئەو دەسکەلایانە لەدەست بدەین و لەململانێی سیاسیدا هیچمان لەبەردەستدا نەبێت.

ئینجا دەبێ گوتاری ئاشتیخوازی تێکەڵ بەگوتاری مافە رەواکان بکەین، نە لە ترسی هەڕەشەش مافە رەواکان بشارینەوە و نە زمانی داخوازیشمان

وا زبر بێت دۆستان تەرە بکات و بیانوو بداتە دەست نەیارەکانمان تا خەڵکی خۆیان لە دژمان هان بدەن. دەبێ گوتاری مافەکانمان روون و زمانەکەی کەمەندکێش بێت.

هەروەها دەبێ بزانین ئەم تەنگژەیە چەند قووڵ بێت و بخایەنێت، هەر تەواو دەبێت. هەموو تەنگژەیەک کۆتاییەکەی دەرفەتە بۆ پێداچوونەوەو ناسینی کەلێنەکان و بەرنامەڕێژی بۆ قۆناغی داهاتوو. ئەمە بەشەکەی کوردە ، بەشەکەی هاوبەشە عەرەبەکانمان خۆیان دەیزانن.

ئەمجارە گۆزەکە نەشکا، رەنگە دوا دەرفەت بێت و (والله اعلم).

٢٠١٢/١١/٢٥

# یــار و نەیــار

هەن وا سەیری دۆخی سیاسیی کوردستان و عیراق دەکەن  کە دەبێ دۆخێکی رەش و سپی بێت. یان دەبێ بەغدا وەک جاران دوژمنی سەرسەخت بێت، یان دەبـێ وەک هەموو کـورد دەیخوازێت دۆسـت و لایەنگری داخوازییەکانی بێت.

ئەوانەی بەغدا وەک دوژمنی سەرسەخت سەیر دەکـەن دونیامان لەبەرچاو تاریک دەکەن و دەرفەتی ئەوەش ناهێڵنەوە کە سبەی کوردستان بۆ سەربەخۆییش بێت ناچارە دوا دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بکات و تەنانەت دوای سەربەخۆییش دەبێ بۆ دراوسێتی چاک پەیوەندی لەگەڵ بەغدا هەبێت.

ئەوانەشی بەغدا وەک دۆستی سەرڕاست و پایتەختی عیراقی نوێ و ناوەندی  بەشداری بێ گرێ و گۆڵی کورد دەزانن، ئەوانە موجادەلەی ئەوە دەکەن کورد پۆستی باڵای هەیە، ئیتر بۆچی دەبێ کێشەمان لەگەڵ بەغدا هەبێت. ئەم شەبەنگە وای دەردەخـەن ناکۆکی لەگەڵ بەغدا نمایشە بۆ شاردنەوەی ناکۆکی ناو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری.

هەردوو ئەم ئاراستەیە شاش و هەڵەن، جوڵەی ژیانی سیاسی و دیالکتیکی دوژمنایەتی و دۆستایەتی نازانن.

بەغدای نوێ کە پایتەختی عیراقی دیموکراتی فیدراڵ و دەرفەتی دیالۆگ بێت، دۆست و هاوپەیمانیی کوردستانەو دەبێ یارمەتی بدەین  تا لەسەر ئەم رێبازە راست و دروستە بەردەوام بێت.

بەغدایەک کە بەهۆی پاشماوەی عەقڵیەتی شۆڤێنی و تایفی و پەراوێزخستن  باوەڕی بە لەشکرکێشی و پاوانخوازی هەیە ئەو بەغدایە نەیارە، قینی لەدیموکراسیی و داخوازییەکانی کوردە، ئەم بەغدایە دەبێ بەرپەرچ بدرێتەوە، دەرفەتە دەستوورییەکانی ناوی بۆ ئەو بەرپەرچدانەوەیە بەکار بێنین و سەنگی بەشداری کورد لەو بەغدایە بکەینە دەرفەتی راماڵینی مەیلی شەڕانگیزی و دیکتاتۆری.

دۆخەکە نە ڕەشە و نە سپی، نە هی پاڵدانەوەیە وەک خۆش باوەڕەکان

وای دەبینن، نە هی پەلاماردانیشە وەک رەشبینەکان پێیان وایە.

بەغدا لەقۆناغی گواستنەوەدایە، نە دۆست و یارە کە هەموو شتێکی بە دڵی کوردستان بێت و نە دوژمن و نەیاریشە هیچی لێ شین نەبێت. قۆناغی گواستنەوەش وەک ئەنتۆنیۆ گرامشی دەڵێ: کۆنە لە گیانەڵادایە و تازەش هێشتا جێگیر نەبووە. لەو نێوانەدا شت گەلێک دەقەومێن.

ئاگاداری بەغدا بین بەهەردوو بارەکەیدا.

٢٠١٢/١١/٢٦

# لەباری نەبەین، مرداری نەکەینەوە

ئومێدێک لەناو دڕکدا چرۆ دەکات، ئومێدی ئەوەی تەنگژە ببێتە دەرفەتێکی تر. دەشێ تەحەدداکانی بەردەمی کوردستان لەم تەنگژەیەدا ببێتە دەرفەتێکی نوێ بۆ تێهەڵچوونەوەیەکی تریش لەڕێی ئامانجە ستراتیژییەکاندا، رەوڕەوەی رووداوەکـان دەتوانن بزاوتێک بخەنە ناو ژیانی سیاسییەوە با تەنانەت رووداوەکان گوزارشت بن لەتەنگژەو ئەگەری بەریەککەوتن.

سروشتی رێککەوتن و بێ کێشەیی وایە کەدڵنیایی و رۆتینی کار زاڵ دەکات، سروشتی تەنگژە وایە ئەنگێزەی بەئاگاهاتنەوەو بیرکردنەوەو تەگبیرکردنە.

چەند ساڵە کوردستان لەگەڵ بەغدا لەدۆخی جێگیرو بێ گرفتی جەوهەرییدا دەژی، تەنگژەی ئەمدواییە پێی نیشانداین زۆر شتمان هەیە هێشتا لەسەری ناکۆکین و گەرەکە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، وەک چۆن زۆر شتمان هەیە دەستکەوتە بۆ هەردوولاو سەرمایەیە بۆ ئارامی و ئاشتی و جێگیری، زۆر شتی تریش هەیە مایەی ناکۆکی و لێک دوورکەوتنەوەیە ئەگەر دەرفەتی چارەسەرکردنیان کەنالیزە نەکەین.

ئومێدێک لەناو دڕک و داڵی تەنگژەی ئۆپەراسیۆنی دیجلە چرۆ دەکات، تا کورد بپرسێت کە لەکوێدا هەڵەیەو دۆسێکە لەکوێوە چارەسەربکەین؟ بەغداش رووبەڕووی ئەو پرسیارانە دەبێتەوە کەداخۆ تاکەی لەهەموو دەوران و زەمانێکدا لەگەڵ کوردستان تێکی دەداو دۆخەکە دەگەڕێنێتەوە چوارچێوەی یەکەم؟

کوردستان لەهەموو ئاستەکاندا بەم پرسیارانە بووژاوەتەوەو یادەوەری تاڵی جاران دەبێتە کەرەستە بۆ مەنزومەیەکی داکۆکی لەخۆکردن و پاراستنی ئەزموون و دەستکەوتەکان. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ساغڵەمی کوردایەتی و راستی رێگاکەیە. ئەدەبیاتی کوردایەتیش بۆ رۆشنکردنەوەی رێگای داهاتووی بزووتنەوەکەمان چانسی نوێی لەبەردەمدا دەکرێتەوە

کەخۆی مشتوماڵ بکاتەوەو وەڵامی پرسیارەکانی سەردەم، سەردەمی نوێی سەدەی بیستو یەک، بداتەوە.

لەسەدەی بیستەمدا کوردایەتی مامەڵەو بەریەککەوتنی لەگەڵ ئاراستەی وەک پادشایی و کۆماری، ڕەوتی عروبەو چەپ، سەرمایەداری و سۆشیالیستی و شەڕی سارددا بوو کە دەبوا لەناو ئەو گێژەنەدا شوێن بۆ خۆی و بۆ کوردستان بکاتەوە. لەم سەدە تازەیەدا هەڵکشانی ململانێی تایفەگەریی و ویستی گەلان بۆ دیموکراسی و گۆڕانکاریی سیاسی، دەرکەوتنی جەمسەرگیریی ئیسلامیی ئیخوانی حوکمڕان و هاتنەسەر شانۆی مەسەلەی کوردستان لەسەرتاسەری کوردستاندا، لەبابەتە گرنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی کوردایەتین و دەبێ ئەدەبیاتەکەی وەڵامی ئەو پرسانە بداتەوە تا بەچاو ساغییەوە ڕێی ئاییندە دەر بکات.

ڕاستە ئەم تەنگژەیە ناوخۆیی بوو، بەغدایی و کوردستانیش بوو، بەڵام لەو فەزا ئیقلیمی و ڕۆژهەڵات ناوەڕاستییەش دوورنییە.

دەبێ حوکمی پێشوەخت نەدەین، بەڵام زۆریش دوای نەخەین. نە لەباری ببەین، نە مرداری بکەینەوە.

دەفتەرەکانی جارانی مێژوو دەربکەینەوەو دەفتەرەکانی تازەش ئامادە بکەین: مەسەلەی کوردستان لەم سەردەمەدا چۆنە؟ کوردستان چۆن مامەڵەی بەغدا بکات؟.

٢٠١٢/١١/٢٧

# لەزەمان‌و زەمینی خۆیدا بوو

بڕیاری پەرلەمانی سوید بۆ ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید بڕیارێکە لە جێی خۆی، گرنگتر لەوەش بڕیارێکە لەکاتی خۆیدا، هیچ شتێکیش وەک بڕیاری لەجێ و کاتی خۆی نموونەیی نییە.

بڕیارێکە لە جێی خۆی چونکە کردەوەکانی ئەنفال هەر ئەو ناونیشانە هەڵدەگرێت کە دۆستانی گەلی کورد لەپەرلەمانی سوید پێیان داوە:جینۆساید. جینۆسایدی گەلی کوردو هەوڵێک بۆ قڕکردنێکی یەکجارەکی توخمێکی بەشەر کە خوا بەکوردو کوردستانیی خەڵقی کردوون.

لەجێی خۆیەتی چونکە ناساندنی ئەو تاوانە گەورەیە بەناوی راستەقینەی خۆیەوە هەستی دادپەروەری و ئومێدی هێشتا لە دونیادا مانەوەی خێرو پەرۆشی مرۆڤایەتی بەرزتر دەکات. ئەمەش رێگایە بۆ سارێژی زامەکان و بڵاوبوونەوەی کەلتووری لێبوردەیی و ئاشتی دوای ئینسافکردنی زوڵملێکراوان.

ئینسافکردن و هەق پێدانەوەی زوڵملێکراو  بە وەک خۆی ناساندنی ئەو تاوانەی لە دژی کـراوە نیوەی رێگایە بەرەو ئاسوودەیی و دادپەروەری و ژیاندۆستی، پەرلەمانی سوید ئەم ئەرکەی راپەڕاندو ئەم سەربەرزییەی بۆ گەلی سوید تۆمارکرد و ئەم قەرزە گەورەیەی خستە سەرشانی گەلی کوردستان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی. گەلی کوردستان بۆ ئەوەی لەیادی نەکات و ئەم هاوسۆزییە نێودەوڵەتییە بکاتە پردی پەیوەندی کردنەوەی بە دونیای مرۆڤایەتی. کۆمەڵی نێودەوڵەتیش بۆ ئەوەی کراسێک لەم بەرگی شەرەفمەندییەی سوید دادڕێ و چاوی لێ بکات.

لەکاتی خۆیدا بوو چونکە ئەم باسوخواسە سویدییە هاوکاتە لەگەڵ تەنگژەی نوێی کورد لەگەڵ بەغدای نوێدا، ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید پارێزگارییەکی نێودەوڵەتییە لە گەلی کوردستان

که هێشتا رۆژهەڵاتی ناوین، سەرەڕای نەمانی بەعس و سەرەڕای بەهاری عەرەبیش، گرژە لەگەڵی و نێوانی لەگەڵ ئازادی و مافی گەلاندا خۆش نییە.ئەم بڕیارە وزەیەکی مەعنەوییە بۆ کورد و هەر دەبێ پابەندێتی نێودەوڵەتی بە دوای خۆیدا بهێنێت کە کورد دووچاری هەڕەشە و گوڕەشەی جاران نەبێتەوە.

بە جینۆساید ناساندن وا دەکات قوربانییانی کورد لەگۆڕی غەریب و گومناو و بێ ناونیشاندا ئاسوودەبن و بحەسێنەوە، هەروا فەرامۆشیشە بۆ کەسوکاریان و بەرپرسیارێتی یاسایی و مۆراڵی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، زیاتر لەوەش قەڵغانە بۆ دڵنیایی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەنفال کەچیتر لەداهاتوو نەترسن، داهاتوو بۆ میللەتان و بۆ ئیرادەو ئازادییانە.

**٢٠١٢/١٢/٢**

# ئایا دوو دەقی دەستوورمان هەیە؟

ئایا دوو دەقی دەستووری عیراق هەیە؟ دەقێکی وا بە دڵی کوردو یەکێکی تر بە دڵی نەیارانی دیموکراسی و کوردایەتی و فیدراڵییە؟

خالێک،وێرگولێک هەیە کە مانای وشەکان بگۆڕێت و ناکۆکی تەفسیرو تەرجەمەی لێ بکەوێتەوە؟ دەبێ دوو چاپ هەبێ یەکیان ئەوی لیژنە دەستوورییەکەی هومام حەمودی کە لە راپرسیدا دەنگی لەسەر درا و دانەیەکی تر کە چاپێکی سنووردار بێ و ئێمە پێمان نەزانیبێ؟

زمانی عەرەبی، زمانێکی دەوڵەمەندە، زمانی قورئانی پیرۆز و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندە کە لە زیاتر لە بیست دەوڵەت خزمەتی دەکرێت، بەتایبەتی لە عیراق کە باشترین زمانەوانەکانی عیراق لە شیعە و کوردن. یانی قەدەریان وایە لەوێش هاوپەیمان بن لە خزمەتی زمانی قورئاندا.

زمانی کوردیش، زمانێکی شیرین و جوانە (شیرن و خۆشە زمانی کوردی)، چەندین شێوەزار و بن زار لەچوار بەشی کوردستان خزمەتی دەکەن و بە وشە و دەستەواژە دەوڵەمەندیان کردووە.

دوو زمانی رەسمیی لەعیراق بوونەتە قەڵغانی ویستی ئازادیخوازانەی عیراقییەکان لە دەستوورێکی رەوان و رەوادا، لیژنەی دەستووری نووسینەوەی دەستووری عیراق لەدانایی و لێوەشاوەییدا هەرگیز لەگەڵ لیژنە دەستوورییەکانی وڵاتانی بەهاری عەرەبی بەراورد ناکرێن. نەتەوە یەکگرتووەکان و شارەزایانی دەستوور لە زۆر جێوە هاوکاریان بوون. لەسەر (مع) و (معا)، یانی (لەگەڵ) و (پێکەوە)، سەد مشتومڕ و گفتوگۆ کراوە.

دەقی دەستوورەکە بە کوردی و بەعەرەبی هەر یەکە و

تێکستی هەردوو زمانەکەش وەک لە سایتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیشدا بڵاوکراوەتەوە، رەسمییەو هەڵە قبوڵ ناکات.
کەوابێ ئەم تەنگژەیە دەبێ لە شوێنێکی تر بێت.
هەڵەکە لە دەستوورو دەقەکەی و تەنانەت شێوازی خوێندنەوەشیدا نییە، هەڵەکە ئەوەیە ئەوانەی چاویان بە دەستوور هەڵنایە نایخوێننەوە، یان هەر ئەو بڕگانە دەخوێننەوە کە بەدڵی خۆیان بێت و مانای (موختەڵەت)یان هەبێت هەر وەک نها بە ناوچە دابڕێنراوەکان دەڵێن.
هەڵەکە لەرەوانی زمانی عەرەبی، لە زەلالی زمانی کوردیدا نییە، هەڵەکە لە زەمانێکە کەعیراق تێیکەوتووە:
زەمانی وا دەستوور پەیژەیە تاوەکو دەگەنە حوکم، دوای ئەوە پەیژەکە لەسەر رێ لادەبرێت و لە سەکۆی سەربان هەڵدەگیرێت، تا کەسی تر نەیخاتە کار.

٢٠١٢/١٢/٣

# سوپای عیراق هی کێیە؟

بەرێز سەرۆک وەزیرانی عیراق لە پرێس کۆنفرانسەکەیدا لەسەر هەموو شتێک قسەی کرد و وەڵامی هەموو پرسیارێکی لابوو.

لەوەگەڕێین جوابەکانی رەوا بوون یان نا؟ بەڵام هەر ئەمە کە سیاسەتمەدار وەڵامی هەموو پرسێکی دایەوە مەیلێکی چڕ بۆ ئینفراد بەرجەستە دەکات. سیاسەت کاری رێژەیی و سیاسەتمەداریش هەموو راستییەکیش لای خۆی شک ببا، هەر بەشی دانوستاندن بۆ بەرامبەرەکەی دەهێڵێتەوە. شتێک کە بەڕێز مالکی زۆر مەبەستی نەبوو.

بۆچی؟ چونکە کۆی قسەکانی بە ئاراستەی هەڵکشانی ململانێکە پاڵی دەنا. قسەکانی وا قفڵدا کە گوتی ئەمجارە ئەگەر شەڕ بێت دەبێتە شەری کورد و عەرەب.

ئەم دەربڕینە و زۆر تەوەرەی تری ئاخاوتنی سەرۆک وەزیر ، پێشتر لەلایەن نزیکەکانییەوە گوتراون. ئەمەش مانای وایە قسەکانی تریش قسەی خۆی بوون، بێدەنگی لەمەوپێشی مالکی لە لێدوانی بازنەی پەیڕەوانی دەوڵەتی قانوون باعیسی ئەوەیە سەرقاڵی دیمەنی دوایی بوو وەک لە پرێس کۆنفرانسەکەیدا بینیمان: هەڵکشانێکی دراماتیکی تەنگژەکە.

لەگەڵ ئەوەی عادەتەن سەرۆک وەزیر بە عەرەبییەکی لێبڕاو قسەدەکات، بەڵام هێشتا دەربرینی (ئەمجارە دەبێتە شەڕی کورد و عەرەب) تەلیسماوییە.

یانی چی دەبێتە شەڕی کورد و عەرەب؟ ئایا مالکی مەبەستی شرۆڤەکردنی دۆخەکە بوو، یان مەبەستێتی بڵێ ئەمجارە پاڵی پێوە دەنێین بۆ شەڕێکی نەژادی؟ یاخود دەخوازێت بێژێت ئەوانەی پێشتر شەڕی دەوڵەت بوون دژی کوردستان ، دەبێ وای لێ بێت کە ئەو پێشبینی دەکات: شەڕی دوو نەتەوە

ئایا سەرۆک وەزیر لە کۆبوونەوەی گشتیدا پێشبینی هەواڵ دەکات کە بقەومێ، یان لە سەرێتی نەخشە رێگای وا بخاتە روو بەریان پێ بگرێت؟

ئینجا کێ ئەم شەڕە بۆ کورد و عەرەب، یان لە جیاتی هەردوو نەتەوە، دەکات؟

لە تەرەف کوردەوە مەعلومە هێزی پێشمەرگەی کوردستان داکۆکی دەکات. بەوەدا کە مالکی سوپای خستۆتە ئامادەباشییەوە، داخۆ دەیەوێ سوپای عیراق شەڕەکە لە تەرەف عەرەبەوە بەرپا بکات!

پرسیاری جددی ئەوەیە ئایا سوپای عیراق، کە ئەو وەک سەرۆک وەزیر فەرماندەی هێزە چەکدارەکانێتی، سوپای عەرەبە؟

نا!قەرارە سوپا هەموو عیراقییەکان بێت.

٢٠١٢/١٢/٤

# بێدەنگی شکا

خـاوەن مافەکان، بەتایبەتی خـاوەن مافە غەدرلێکراوەکانی مێژوو، دەسـت بە بنەماکانەوە دەگـرن. چونکە هەر ئەمە لە ساردیو گەرمای ئاڵوگۆڕە بێ ڕەحمەکان دەیانپارێزێو ڕاستە ڕێی خەباتیان تووشی لە ڕێ لادانو شێوان ناکات. بنەماکان بۆ گەلانی خاوەن ماف بریتین لە ڕاستییە مێژووییەکان، بەڵگەنامەو سەنەدە نێودەوڵەتیو ڕەسمییەکانی مافی داواکراو دەسەلمێنن، هەروەها بریتین لەو ئاماژەو دانپیانانو گرێبەستە سیاسییانەی نەیارەکانیش ئیمزایان لەسەر کردووەو سەلماندویانە.

بۆ گەلی کوردستان دەستووری عیراق بنەمایە. چونکە ئەوە کاکڵەی مافی تائێستا بەدەستهاتووە لەعیراقدا. دەستوورەکە هی لیژنەی دەستووری یان هی زۆرینەی عیراق نییە. ئەم دەستوورە گۆشراوەی کۆششی سیاسیو ڕەنجی فەرهادی بزووتنەوەی کوردایەتییە لە سەد ساڵی ڕابردوودا، پێمان کەمەو شایانی هی زیاترین باسێکەو بەهیچ سەیر نەکردنی ئەوەی تائێستا بە دەستهاتووە باسێکی ترە. ئەوە وزەی ڕەوتی کوردایەتییە تا ساڵی ٢٠٠٥، لەو ساڵەوە زیاتر خورتبووینو هەست بە وزەی سەربار دەکەین، بێگومان هاندەرە بۆ خەباتی زۆرتر تا بەڵگەو بنەمای ترمان چنگ بکەوێت، ناشێ هاندەر بێت بۆ لەتوپەتکردنی دەستوورەکە بە هەنجەتی ئەوەی تێری پێویستی ئەمرۆمان ناکات.

هەروا دەستوور گرنگیشە چونکە بەرامبەرەکەشمان ئیمزای لەسەر کردووەو دانی پێداناوە. یانی مۆری پەسەندی خۆی لەسەر ئەو ڕادە لە مافەکانی ئێمەش داناوەو دەیسەلمێنێ. وەختێکیش قینی لە دەستوور بێت پێچە بەدەوری لێ دەکات، بەڵام ناتوانێ حاشای لێ بکات، پاشقولی لێ دەگرێت، بەڵام ناتوانێ هەڵیوەشێنێتەوە، مەگەر دەوڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە. دەستوور بەڵگەی مافەکانی

ئێمەیە کە لە جێبەجێکردنیدا بۆ ئێمەو ئەوانیش دەبێتە نەخشە ڕێگاو لە پێشێلکردنیش بۆ ئێمە دەبێتە دەسکەلاو حوجەی قانونی کە بەڵێ ئێمە پابەندین، هەق بەلای ئێمەوەیەو ئەوە ئەوانی ترن لێی بە دەعوان. با تەکلیفی هەردوولا ڕۆشن بێت.

میللـەتە غەدرلێکراوەکانی مێژوو دەتوانن خەباتو شۆڕش بکەن، بەڵام ناتوانن سەرچیغ بن‌و سەرچڵی بنوێنن. ئەوە دابی میللـەت خواپێداوەکانە کە بەڵکو خوایە ئێمەش ڕۆژێکی ئەم سەدەی بیستویەکە بگەینە پلەی خوا پێداو.

لەبەرئەوە نابێ لە پێشێلی دەستوور بێدەنگ بین.

٢٠١٢/١٢/٥

# بەشەکەی کاک ئەحمەدی شێخ

سێ یەکی بەهەشت بۆ کاک ئەحمەدی شێخ و کوردەکانی شتێکە هەق و حیسابی لای خوای گەورەیە، ئەوی لەسەر زەمینە دەرفەتی ئیجتیهاد و دەستپێشخەری بەندەکانی خوا دەدات. کوردستانیانیش لە سەریانە بە سیاسەت و تەگبیری دەستووریی ئەم ئیجتیهادە بنوێنن. برایانی عەرەبیش ئەگەر بخوازن ئەمجارەش وەک جارانی شا فەیسەڵ ریسەکە نەبێتەوە بە خوری، لەسەریانە بە هەمان نەفەسی هاوپەیمانێتی و یەکێتی ئیختیاری چوارچێوەی دەستووری فیدراڵی، بە هەمان نەفەسی هۆسەکەی شۆڕشی بیستەوە، بەرخورد لەگەڵ دۆخەکە بکەن.

((ثلثي الجنة لهادينا و ثلثه لكاكه احمد واكراده)) ئەمە دروشم و بنەمای یەکەم دۆستایەتی جەنتڵمانی نێوان کورد و شیعە بوو لە شۆڕشی بیستدا، پێش ئەوەی لە دوا دواییەکانی هەمان سەدە و سەرەتای سەدەی نوێشدا ئەو دۆستایەتییە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژیدا خۆی بنوێنێ، دیکتاتۆری بروخێنێ و دینگە پتەوەکانی عیراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی لە دەستوورێکی ئیختیاریدا جێگیر بکات. ئەم دروشمە دروشمێکی سەرنجراکێشە لە کاتوساتی هەڵگرتن و لە مانا فراوانەکەشی.

لە کاتەکەی: دەوڵەتی نوێی عیراق خۆی لە بیستەکان دامەزراو شۆڕشی بیستیش مامانی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە بوو. ئەگەرچی شیعە، کە شۆڕشەکەیان هەڵگیرساند و کوردیش، کە ئەو شەڕەیان دژی ئینگلیز بۆ سەرفرازی خۆیان کرد و بوونە هاوپەیمانێکی بابەتی باشوور و فوراتی ناوەڕاست، لە دەسکەوتەکانی دەوڵەتەکە بێ بەش بوون. جاڕدانی مەملەکەتەکە و ئەنجوومەنی دامەزراندن و دەستووری ساڵی ١٩٢٥یش بێ حزوری ئەوان گەڵاڵە کران. لەبەرئەوە ئەوەی شا فەیسەڵ کردی بە بادا چوو و عیراقییەکان جارێکی تر لە ٢٠٠٥دا دانیشتنەوە و دەوڵەتێکی نوێیان دامەزراند.

ماناکەشی فراوانە: چونکە سێ یەکی بەهەشت رێژەیەکی زۆرترە لە

(١٧٪)ی سەرزەمینی عیراق کە بۆ بەشی کوردستان لە بودجەی گشتی دانراوە.

دەشێ هاوپەیمانەکانمان لەشۆڕشی بیست حیسابی کەرکوک و خانەقین و حەمرینیان لەسەر کوردستان دانابێ بۆیە لە (٣٣٪) و قسووریان پێ ڕەوا بینیوین، لە کاتێکدا ئەوانەی لە پەیرەوانی جیاکردنەوەی زەمانی ئۆپۆزسیۆنن لە زەمانی دەوڵەت داوای ڕێژەی زۆر لە ١٧٪ کەمتر دەکەن بۆ کوردستان. دەگوترێ داوای لە ١٢٪ـەیان کردووە کە ئەمەش نیشانەی بەرتەسکبوونەوەی دەرفەتەکانی پێکەوە ژیانە لە ڕوانگەی بازنەی شۆڤێنیزمەوە.

سێ یەکی بەهەشت بۆ کاک ئەحمەدی شێخ و کوردەکانی شتێکە هەق و حیسابی لای خوای گەورەیە، ئەوی لەسەر زەمینە دەرفەتی ئیجتیهاد و دەستپێشخەری بەندەکانی خوا دەدات. کوردستانیانیش لە سەریانە بە سیاسەت و تەگبیری دەستووریی ئەم ئیجتیهادە بنوێنن. برایانی عەرەبیش ئەگەر بخوازن ئەمجارەش وەک جارانی شا فەیسەڵ ریسەکە نەبێتەوە بە خوری، لەسەریانە بە هەمان نەفەسی هاوپەیمانێتی و یەکێتی ئیختیاری چوارچێوەی دەستووری فیدراڵی، بە هەمان نەفەسی هۆسەکەی شۆڕشی بیستەوە، بەرخورد لەگەڵ دۆخەکە بکەن.

٢٠١٢/١٢/٦

# خەونە، دەبێتە واقیع؟

ئەم خەونە خۆشە ببینن: لەپەرلەمانی یەمەن، هی میسرو تونسو لیبیای نوێ گفتوگۆی پڕۆژەیاسایەک دەکرێت کەئەنفالی گەلی کوردستان وەک جینۆساید بناسێنێ.

ئەو خەونە خۆشە بهێننە بەرچاوی خۆتان کەکۆمکاری عەرەبی بێژێ ئەو بڕیارەی پەرلەمانەکانی یەمەن، میسرو تونسو لیبیا دەیدەن ئێمەش لەکۆمکاری عەرەبی تەبەنی دەکەین‌و دەیکەینە بڕیاری ناساندنێک لەئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو.

لە بەرچاوتان بێت کە ئەنجومەنی کاتی ئۆپۆزسیۆنی سوریاش بۆ کەمەندکێشکردنی دڵی کوردانی ڕۆژئاوا لە ئەساسنامەی خۆیدا دەنووسێت: لە یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی سوریای نوێدا هەمان بڕیار لە بارەی ئەنفالی کوردستانەوە دەدەین.

ئەمە خەونە، هەتا خەونیش بێت و پەیتاپەیتا لەسەر زەمینی واقیع نەچەسپێ مانای وایە ناوچەی عەرەبی نە بای دیوە، نە باران، نە بەهاری چرۆی کردووەو نە نەورۆزی ئازادی و دیموکراتی سەری لە کەلی ڕۆژێکی نوێ دەرهێناوە.

ئەمە خەونە، جارێ زۆری ماوە بۆنی بارانی وا خۆش بێت، بۆیە کوردیش مەزەندەی نەکردووەو چاوی لە سویدی ساردو سڕە تا ئەم دۆستە وەفادارەمان نیگای چاوەڕوانی گەرم بکاتەوە، چاوی لە ڕۆژهەڵاتی گڕگرتوو نییە بڕیاری وای بۆ بدات.

هەرچەندە ئەم ڕۆژهەڵاتە وا خۆی نمایان دەکات کە بەهاری ئازادی هاتووەو هەر چەندە ئیسلامییەکان دەڵێن ئێمە گوڵی ئەو بەهارەین و ئیسلامیش زوڵموزۆر قبوڵ ناکات بەتایبەتی لە بابی (رحماو بینهم) کە کورد نـەوەی سەڵاحوددینی ئەیوبییەو لەلایەن یەکێک لە ڕێژمە ستەمکارەکانی ناوچەکەوە ئەنفال و کیمیاباران کراوە. رژێمێک لە زوڵم و ستەمدا سەد بەقەدەر هەموو رژێمە رووخاوەکانی بەهاری عەرەبی زوڵم

و ستەمی کردووە.

ئەمە خەونە، بەڵام خەیاڵ نییە، خەیاڵ خۆش باوەڕییە، بەڵام خەون هیوایە کە ڕەوڕەوەی مێژووو، ڕەوتی خەباتی میللـەتان هەڵدەسووڕێنێ. یانی زەحمەتە، بەڵام موستەحیل نییە کە ڕۆژێک بێت پەرلەمانی ئەو وڵاتانەش بڕیاری وا بدەن.

ڕۆژی وا پێوەرە بۆ بەهاری ڕاستەقینە کە حەملی کازب نەبێت، بەڵکو بەهارێکی

بە پیت و بەرەکەت بێت، کورد ئینساف بکاو سەری ئەو گەلانەش بەرز بکاتەوە کە دەخوازن لە ڕابردووی ستەمکارانەی (شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی) دابڕێن و تەوەللا بن.

وەکو کورد چی تەداروکێکمان بۆ ئەو خەونە، ئەو ڕۆژە، کردووە؟

٢٠١٢/١٢/٧

# کێشە سنووری پێش ٢٠٠٣ نییە
# کێشە عەقڵییەتی پێش ٢٠٠٣ یە

کێشەکە لە عیراق کێشەی کوردستان و کەرکوکە، یان کێشەی عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی وڵاتە؟

کێشەی کوردستان لەوەتەی دەوڵەتی عیراق دامەزراوە هەیەو هی کەرکوکیش لەوەتەی هەوڵی چارەسەری کێشەی کوردستان دەدرێت ئەم هەوڵی چارەسەرییە لە ئاستیدا دەستەوەستانە.

کەرکوک چەقی مەسەلەی کوردە لە عیراق و مایەی چەقینی چارەسەری ئەو مەسەلەیەشە. وەختێک دۆسێی کەرکوک دەچەقێ هەر چارەسەرییەکیش بۆ مەسەلەی کورد کرابێت پاشەکشێ دەکات و دەگەڕێینەوە سەر حیکایەتی مار و پەیژەکە.

سروشتی ململانێکە وایە، وەختێک بزووتنەوەی کوردایەتی کوردستان لە چوارچێوەی عیراقدا بە دیموکراسی و حوکمی خۆبەخۆ و فیدراڵی رێکدەخاتەوە و لەگەڵ بەغدا پێکدێت ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات سنووری دەسەڵاتی ئەم حوکمڕانییە کوردییە چەندەو لە کوێیە؟ چەندە بە مانای سەلاحیاتی سەروەری و لە کوێیە بە مانای ئەوەی سنوورە جوگرافییەکەی تا کوێ بڕ دەکات؟ یانی رێک ئەوەی مامۆستا برایم ئەحمەد ناوی لێنابوو (حقوق و حدود).

حقوقمان چەندە و حدودمان کوێیە؟

هەموو ململانێکانی جاران لەسەر ئەو دوو چەمکە و ئەمی ئەمجارەش هەر لەسەر ئەوەیە.

دەستووری عیراق جوابی ئەم پرسیارەی داوەتەوە:

حقوق فیدراڵی و حدودیش ماددەی ١٤٠ نەخشە رێگاکەیەتی. بۆیە تا ئەم دەستوورە کارا بێت هەر قسەیەک بگوترێ ئیجتیهادی خاوەنەکەیەتی. کەمتر لە بەشی ئەم دەستوورە نیازی نەیارانی

کوردە و زیاتر لەوەش هیوایەکە کۆششی گەرەکە.
دەگەڕێینەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکە: کێشەکە لە عیراق چییە؟ راستێکەی کێشەکە عەقڵییەتە، ئەگینا وەک باسمان کرد باسوخواسی مەسەلەی کوردستان و کەرکوکەکەی دیارە و نەخشەی چارەسەریشی دەستوورییە.
بۆیە کە دەگوترێ بگەڕێنەوە سنووری کوردستان لە پێش بەهاری ٢٠٠٣، ئەوە ئەسڵی کێشەی عیراق نییە، ئەسڵی کێشەی عیراق گەڕانەوەیە بۆ عەقڵییەتی پێش ٢٠٠٣، عەقڵییەتی پێش کەوتنی بتەکەی شەقامی فیردۆس.

**٢٠١٢/١٢/٩**

# ڕێـگـای ئـاوەدان

دەست نیشانکردنی پێشێلی دەستوور و دۆزینەوەی ڕێوشوێنی سەروەرکردنی بە جۆرێک دابی سیاسەت لەم وڵاتەدا وابێت ئەسڵەکە پابەندبوون و حاڵەتە نەشازەکە پێشێڵکردنی بێت، ئەمە تەئکیدکردنەوەی سـەرۆک تاڵەبانییە لەخولی تـازەی گفتوگۆ و تەگبیر بۆ چارەسەری تەنگژەکانی عیراق بەوەی نێوان هەرێم و بەغداشەوە. سەرۆک لە دیداری کەناڵی عەرەبییەدا جوانی شرۆڤە کرد، هۆکارێکی سەرەکی ئەم تەنگژەیە بێدەنگ بوونە لە پێشێڵکردنی دەستوور. زیاتر لەوەش لە پێشەوە رەخنەی لە خۆی گرت کە لەو پێشڵکردنە بێدەنگ بووە. سا بەڵکو سیاسەتکارانی وڵات کراسێک لەم جوامێرییەی سەرۆک تاڵەبانی دادڕن و بەم هاندانە دیموکراتییە رەخنە لە خۆگرتنێکیش لەوانەوە ببیستین. هەر بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابین ئەوانیش وەک حاڵەتێکی ئینسانی ئیجتیهادی هەڵە و راست لە خۆیان شک دەبەن.

دەستنیشانکردنی پێشێڵی دەستوور و بەکارهێنانی ئەو فلتەر و ئامرازانەی خودی دەستوورەکە دایناوە بۆ بەرگرتنی فێڵ و پێشێلی باشترین بژاردەیە بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی. ئەگەر ئەم رێبازە ببێتە بەشێک لە نەریتی سیاسیی  لە عیراق ئەوا نەک هەر بەر بە تەنگژەی تر دەگرین، بەڵکو هەر نەخوازراوێکیش چارەسەر دەکەین پێش ئەوەی هەو بکات و ئیتر  تیمار نەکرێت و لە ڕێ لادانی تر قووڕەکە خەستتر بکاتەوە.

هەروا ئەم رێبازە رێ لە شەخسەنەکردنی ململانێی سیاسیی دەگرێت و دەرفەت دەدات تا بەرەنگاری لاساری ببینەوە بێ ئەوەی کەس بیهێنێتە سەر خۆی یان داوای یاسا سەروەری و دەستوور پەروەری بخاتە قاڵبی دژایەتی شەخسییەوە.

دەستوور کائینێکی بێ گیانە تا کارەکتەرەکانی سیاسەت و دەستەبژێر بیخەنە پەراوێزەوە، کائینێکی رۆح لەبەر و بزۆزە وەختێک بۆ داوەری

هەمووان پشتی پێ دەبەستین و دەیکەینە سەیوانی پاراستنیان لە باو و بۆرانی غەفڵەت.

هیچ پرۆسەیەکی سیاسیی بزێو و دەوڵەمەندی ململانێی ئیرادەکان سەرکەوتوو نابێت ئەگەر دەستوورێک بنەمای گەمەکە رێکنەخات نەخاسمە پرۆسەی قۆناغی ئینتیقالی وەکو هی عیراق.

بەڵێ دەستوور، کە دایکی یاساکانە، وەک هەر یاسایەک ئێمەشی کۆتوبەند کردووە، بەڵام ئەو خەوشەی بەوە داپۆشیووە کە هەر بەو کۆتوبەندە رێی لە ملهوڕی بنەچە دیکتاتۆرەکان گرتووە. لەبەر ئەوە با لە پێشێلی دەستوور بێ دەنگ نەبین.

٢٠١٢/١٢/١١

# دیموکراسیی ساده!

دیموکراسی یارمەتیدەرە بۆ خستنەڕووی کێشەکان و نیشاندانی داخوازییەکان، بەڵام بە تەنیا بەس نییە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری. دەستوور و یاسا، ئیرادەو پێگەیشتنی هەلومەرجی چارەسەری، هوشیاری و ئاستی تێگەیشتنی پێکهاتەکان و لەهەموو ئەمانەش گرنگتر هاوسەنگی هێزو قودرەتمەندی لایەنەکان، ئەمانە کەرەستەو تفاقی چارەسەریین، نەخاسمە لەمەسەلە نەتەوەییەکاندا.

دیموکراسی لەقۆناغی ئینتیقالی و قۆناغی جێگیریشدا دەتوانێت دەرفەت بداتە پرسە نەتەوەییەکان باسی خۆیان بکەن، ڕەوایەتی بسەلمێنن و کەمپینی بۆ بکەن، بەڵام نابێتە تاکە گرەنتی چارەسەری بە تایبەتی لەبابەتە جەوهەرییەکانی وەکو کەرکوک بۆ نەتەوەی کورد.

دیموکراسیی ڕێگا دەدات نەتەوە ئەندامەکانی خۆی بۆ ڕەوایی مەسەلەکەی جۆش بدات، بەڵام جەمسەرگیری بەرامبەریش دروست دەکات کەپێچەوانەی پرۆژەی نەتەوەیی نەتەوەی بندەست گەلەکۆمەکێ بکەن. لەم ئاستەدا دیموکراسی ئالیەتی جەمسەرگیری و بەرابەرکی دروست دەکات. جا بۆ چارەسەری کێشەکان تفاق و کەرەستەی وەکو دەستوور و ئیرادەو هاوسەنگی هێزو پێگەیشتنی کۆمەڵگەش پێویست دەبن.

بەمەش دیموکراسیی پێشکەوتوو و فرە ئاستی تەوافوقی دەتوانێت چارەسەر بدۆزێتەوە. دیموکراسیی سادە ناتوانێت ئەمانە بکات.

ئەگەر ئەو تفاق و کەرەستانە نەبن دیموکراسی زۆرینە دەبێتە دیکتاتۆرییەکی شاراوەو لەمپەری چارەسەری پرسی نەتەوەیی. وەک ئەوەی هەندێک دەیانویست هەموو عیراقییەکان، کە زۆرینەی عەرەبە، دەنگ لەسەر چارەنووسی کەرکوک بدەن. نەک تەنها خەڵکەکەی وەک لە مادەی ١٤٠دا چەسپا.

یان وەک ئێستا هەن دەخوازن دەنگ لەسەر کەمکردنەوەی بەشە بودجەی کوردستان بدەن بێ هیچ پرۆسەیەکی سەرژمێریی و ئامار.

دیکتاتۆریی زۆرینە جەمسەرگیری نەتەوەیی دژی پرسی نەتەوەیی دروست دەکات بۆ نیازی هەڵمەتی هەڵبژاردن، ئەمەش خەوشێکی دیموکراسی سادەیە کە ناخوازێت فیلتەرەکانی تەوافوق و ئامرازەکانی دیموکراسیی مورەکەب لەپرسە چارەنووسسازەکاندا بەکار بێنێت.

دیموکراسیی رێگای گفتوگۆ لەسەر پرسی نەتەوەیی دەکاتەوە، بەڵام چارەسەرەکەی فلتەرو فاکتەری تری گەرەکە. دەستووری عیراق فلتەری چاکی هەیە. ئەمەش هیوایەکە بۆ بندەستەکان، وەگەرنا هەمیشە سیاسەتکاری وا هەن لە بەغدا کە گەلەکۆمەکێی زۆرینە لەدژی کورد بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و بۆ هەڵمەتی تریش بەکار دێنن.

**٢٠١٢/١٢/١٢**

# شەوی دیجلە

هەموو جارێک تەنگ پێهەڵچنینەکە بە کورد دەستپێدەکات و ئینجا لە تەواوی عیراقییەکان دەقەومێت. هەموو جارێک مەیلی دیکتاتۆری لە سەرەتادا مەیلێکە دەکرێ چارەسەر بکرێت و بەری پێ بگیرێت، بەڵام چونکە کورد یەکەم ئامانجیو کوردستانیش یەکەم هەنگاوی پەلاماردانێتی بۆیە ئەم مەیلە لە غەفڵەتێکدا دەبێتە راستییەکی دیکتاتۆری تاڵ، دەبێتە خۆرەی گیانی عیراقییەکان، بە شیعە و سوننە، بە کورد و عەرەب و تورکمان ومەسیحییانەوە، بە ئیسلامی و شیوعی و دیموکراتخوازیانەوە، هەموویان دەماشێنێتەوە و وەک نەهەنگێکی ستەم حەپەلۆشیان دەکات.

لە پێشدا بەغدای بەعس لە کوردایەتی دا، ئینجا لە بزووتنەوەی چەپ و رەوتی دیموکراتیی و تەنانەت قەومییەکانیش. ئەنفال و هەڵەبجە لە کورد قەومان، سێ ساڵی پێ نەچوو بلدۆزەری ستەم گۆڕی بە کۆمەڵی بۆ شیعەکان هەڵکەند. شیعە نەما ئینجا کەوتنە گیانی ئەفسەرانی سوننە و تەنانەت باجی خوێن نرخێک بوو گەیشتە بەر هەیوانی دیکتاتۆر خۆشی. دیکتاتۆریی "داکوباب"ی نییە، نەتەوە و مەزهەب و هۆزی نییە، لە سنفێکی تایبەتی بەشەرە و بۆ دەرکەوتنی یارمەتی ناوێت، هیچی ناوێت هەر ئەوەی بەسە لە زوڵموزۆرەکەی بێدەنگ بیت و دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگری تا با نەیبات، جا بە خۆتت نەزانیووە نەک کڵاو، سەریشت هی خۆت نییە.

عیراق زۆرجار بەم دەورانەدا تێپەریووە و ئێستاش نۆبەی دەورانێکی ترە. مەیلی ستەم دەیەوێت زەفەر بە کورد بەرێت و هەر ئێستا کە پاشقول لە کورد دەگرێت، دۆزەخی بۆ عیراقییەکانی تر داخستووە.

بەشێکی دەستەبژێری عیراقی ئەم ئەزموونە دەناسن، ئەم مەیلە ستەمکارانەیان بۆن کـردووە، بۆیە لێی بێدەنگ نابن و لەسەری وە جواب هاتوون. بەشی بەرچاویشی لەبەر ئەم جەمسەرگیرییە لە خەوی غەفڵەتدان ئەوانیش بە ئاگا دێنەوە و دەبێ یارمەتی ئەوانیش بدەین کە

وەخەبەر بێنەوە.

ئەوانەی لەگەڵ کورددا هاوپەیمانێتی دژی ستەم پێکدێنن. ئەوانە دۆستی کوردن بەڵام بەری هەر تشت لەبەر خۆیان وا دەکەن. دەزانن هەموو جارێک بە کورد دەست پێدەکات و ئینجا تەنگ بە دیموکراسی و ئازادی ئەوانیش هەڵدەچنرێت و... شەوی دیجلە نوتەک دەبێتەوە.

٢٠١٢/١٢/١٤

# دەفتەری ئەعمالی ٢٠١٢

ساڵی ٢٠١٢ لەپێچانەوەی لاپەڕەکانی نزیک دەبێتەوە. کۆتایی هەموو ساڵێک دەرفەتە بۆ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن، داخۆ لەئاستە جیاجیاکانی ژیاندا چ مەڵۆیەک خراوەتە سەر خەرمانی رابردوو؟ ئەمە بۆ کایەی سیاسیش راستە کە شەئنێکی گشتییەو تۆڕێکی ئاڵۆزو تێکچڕژاو بەکۆمەڵگەوەو خەم و خواستەکانییەوە گرێی دەداتەوە.

مینبەرەکانی میدیاو کەناڵەکانی دەبنە سەکۆی ئەو پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنەو وڵاتی ئێمەش، بەکوردستان و عیراقیشەوە، لەم نەریتە بەدەر نییە، دوور نییە لەم هەفتەوە تادوو هەفتەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ش پەتای ئەم نەریتە بەرمان نەدات.

کوردستانی ئەمساڵ لەپرسی هێوری سیاسی ناوخۆدا لەچاو ساڵانی رابردوو، بەتایبەتی لەچاو ساڵی ٢٠١١، باشتربوو، جموجوڵێکی لەپێشدا شەرمن و پاشان دەستپێشخەرانە پەیوەندی هێزە سیاسییە ناکۆکەکانی مشتوماڵ کردەوەو زەمینەیەکی سازاندووە بۆ تەبایی لەپرۆژە سیاسییەکانی لەخزمەتی هەرێمدان و ئەم تەباییەی پانتاییەکی بۆ جیاوازی و ناکۆکی کەنالیزەکراویش هێشتۆتەوە، سەرەنجام باڵی بەسەر تەواوی کوردستاندا کێشاوەو کوردستانی لەسەر یەک لیست بۆ ململانێی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، رێکخستووە.

رۆژئاوای کوردستان و باکووری گەورەش حزوریان لەنەبەردیدا مەعلومی گشت عالەمە.

حاڵەکە بۆ عیراق و لەگەڵ عیراقدا پێچەوانە بوو. عیراق لەناو پرۆسەی سیاسی بەغدا تووشی بەریەککەوتنی زۆر هات. ئەم بەریەککەوتنە تەشەنەی سەندو بەرۆکی کوردستانیشی گرتەوە. ساڵە عێراقییەکەمان لەسەرەتاوە تائێستا کە خەریکین مۆمی رۆژەکانی دەکوژێنینەوە. تاڵ و ژاڵە بوو، بەڵکو سا هەوڵەکانی سەرۆک تاڵەبانی، کە لەمڕۆوە دەستی پێنەکردووە، بەڵام لەمڕۆوە وێستگەیەکی تری تاو دەدرێت، بەربگرێت و ساڵی ٢٠١٣ بێ دیجلەو رووبارەکانی دیکەی تەنگژە، دەست پێ بکات.

لەئاستی ناوچەدا پریشکی تەنگژەی سوریا بەر هەموولایەک کەوتووەو بەهاری عەرەبیش لەساڵی دووەمیدا ناسنامەی ئیسلامی هەڵگرتووە. لەتونس بۆ میسر ژانی جێگیری و دیموکراسی هەروا بەئازارە. ئەمەش بەهارەکەی سوریای خستۆتە ناو گێژەنی جەمسەرگیری ئیقلیمییەوە. نەخاسمە ئەوی نێوان تاران و ئەنقەرە.

کۆتایی ئەمساڵ، ئۆبامای دووەم بە (چاپێکی بژارکراو)و دەستێکی کراوەترەوە فەرمانڕەوایی ئەمەریکا دەکاتەوە. کۆڵێک دۆسێ قەرزارەو ساڵی نوێش بەشی ئیستحقاقی خۆی دۆسێی تر لەئۆفیسە چەرمووەکە کەڵەکە دەکات.

چینیش بەگوێرەی هەلومەرجی خۆی سەرکردایەتییەکی تازەی بۆ دەیەیەکی تازە هەڵبژاردووە کە فۆکس دەخاتە سەر چەندین تەوەرە. هەر لەمشتوماڵکردنی کادیرانی حزبەوە تا زۆرانبازی لەگەڵ ژاپۆن لەسەر دوورگەکان و پەرەپێدانی کاریگەری ئەم خێوە ئابوورییە سیاسییە زەبەلاحە بەشێوەیەکی نەرم کە هەڵلای ناوەندەکانی بڕیاری رۆژئاوای بەدواوە نەبێت و میدیای ئەمریکاش ئەوەندە لەسەری نەڕۆن.

روسیا هەر هی پۆتینەو بۆ ساڵی نوێش لیستێک ئەجیندای نێودەوڵەتی خشتەبەندی کردووە، هەرچەندە باخچەی پشتەوەی ماڵەکەو داڵانەکانی پڕن لەناڕەزایی ناوخۆیی کە بەشی بەهارێکی عەرەبی دەکات لەمۆسکۆو بوترسبۆرگ. ئەوروپا لەیۆنانستان تا مەدریدو ئیتاڵیا زەخم و برینی دارایی و ئابووریی هەیە. ئەم زەخم و برینە سیحری دیموکراسی و سندوقەکانی هەڵبژاردنیش رووی خۆشی نادەنێ.

لەباسوخواسی بابەتە دووبارەبۆکاندا غەززە هێشتا کیسی بۆکسێنی ملهوڕیی ئیسرائیلە و فەلەستینی ئەبومازنیش کورسی لە UN دابین کردووە تا هەمیشە هیوای نەتەوەکان، لەکۆسۆڤۆ بۆ کوردستان، زیندوو بێت.

باقی وڵاتان لەدەوری شەمعی ئەم بەسەرهاتانە پەروانە بوون و ئەوی ناوی نەهاتووە با تەکانێ باو ناوی خۆی بخاتە ئەجیندای ٢٠١٣ـەوە.

**٢٠١٢/١٢/١٦**

# هەبین یان نەبین؟

((هەبین یان نەبین ئەمە گرفتەکەیە)) پرسیارە ئەزەلییەکەی شکسپیر کە بۆ هەموو زەمەن و زەمینێک دەگونجێت پرسیارێکی جەوهەری مرۆڤایەتییە، سەرشانۆی دراما تێدەپەڕێنێ و هەموو درامای ژیان دەگرێتەوە. شکسپیر ئەم پرسیارەی بەئینگلیزی و چەرخی فەزای شانۆنامەی (هاملێت) کرد. بەڵام بەدەیان زمان فەلسەفەی هەبوون و نەبوونیان لێ وەرگرتەوە کە ئەندازەی زمانی وەرگێڕانی دەقەکانێتی. دواجار زمانی شیرینی کوردیش ئەم پرسیارە ئەزەلییەی لەناو جەرگەی ئەنقەرە کردو بەقەدەر راپەڕینێکی رووناکبیری نەرم کاریگەری لەسەر ناوەندە فەرهەنگییەکەی پایەختی تورکیا دانا.

(هەبین یان نەبین، ئەمە گرفتەکەیە) پرسیارێکە بۆ کێشەی سەرتاسەری کوردستان گرنگەو بەتایبەتیش بۆ تێکۆشانی دیموکراسیی و پەرلەمانی و رووناکبیری کورد لەتورکیا. شانۆگەرییەکە کە بە رۆحێکی ئینسانی، شارستانی و بە بەرگ وخەسڵەتێکی کوردانەی شەو و رۆژگارەکانی کوردی بۆتان پێشکەشکراوە، باسوخواسێکی ئیجابی لەنێوەندی دەستەبژێری تورکیا پێکهێناوە. وەزیری رۆشنبیری تورکیاو ژمارەیەک پەرلەمانتارو سیاسەتمەداری کورد و تورک لەنمایشەکە ئامادەبوون. وەزیر دەستخۆشی لەنمایشی شانۆنامە کردو بەهەنگاوێکی باشی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی دانا. وەک سری ساکیک پەرلەمانتاری بەدەپە پێی گوتم: ( لە شانۆگەرییەکە بە جلوبەرگی کوردی و زمانی کرمانجی یەک پەیام گەیەنرا ئەویش ئەوەیە کە پەخشکردن بەزمانی دایک گیانی برایەتی و لێبوردەیی بڵاودەکاتەوە، نەک دونیا بەسەر یەکدا بروخێنێت)

شانۆگەرییەکی ئینگلیزی بەزمانی کرمانجان، لەناو جەرگەی پایەختی تورکیا بۆ کۆمەڵگەیەکی راقی و دەستەبژێر کارێکی گەلێک باشە، ئەمە هەروا دزەکردنێکی نەتەوەیی و شارستانیی قووڵیشە. باسەکە لەسنووری زمان و فەرهەنگ تێدەپەڕێ و رەهەندی سیاسیی وەردەگرێ مادام زمان لەگەلێک وێستگەی مێژوویدا دەبێتە چەکێکی سیاسی بۆ دیالۆگ و بۆ

سەلماندنی بوونی نەتەوەیی. مادام زمانە یەکەم کایە بوو کە بۆ نکۆڵیکردن لەنەتەوەیەک گەمارۆدرا.

لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری هەبین و نەبین هەر بۆ (هاملێت)ێک نییە، بەڵکو بۆ کۆمەڵگە و سەرتاسەری وڵات و نەتەوەکانێتی.

نەتەوەیەک بەشانۆو مینبەری شکسپیرییەوە بێتە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی بۆ ماف و داخوازییەکانی، مانای وایە لەسەر رێی راستە، پایتەخت و کۆمەڵگەیەکیش ئامادەی بینینی شانۆگەری وا و گوێگرتن لەشکسپیر بێت بەزمانی ئەحمەدی خانی، مانای وایە هیوایەک هەیە بۆ ئەم سەدەیە.

٢٠١٢/١٢/١٧

# دایکی شەهید

دایکی شەهید ئیبراهیم عەزۆ کۆچی دوایی کردو رۆحی فریشتە ئاسای بەرەو لای کوڕە شەهیدەکەی هەڵکشا. ئیتر رۆحی دایک و رۆحی شەهیدێک بە یەکتری شادو شوکر دەبنەوە.

هەواڵەکە لە چێوەی دەیان هەواڵی کۆمەڵایەتیدا دێت و دەڕوا و مەرگیش قەدەرێکە یەخەی هەموو لایەکمان دەگرێت، بەڵام مەرگی دایکی شەهیدێک بۆنەیەکە بۆ باسی شەهیدو بۆ باسی دایکە خۆڕاگرەکانی نرخی تێکۆشان بۆ رزگاری، کسپەی لە دڵیان هەڵسادووە. چ ئەوانەی ململانێی ژیان دەکەن و چ ئەوانەی وەکو دایکی شەهید عەزۆ کۆچیان کرد.

لە باسی شەهیددا شەهید ئیبراهیم عەزۆ پاڵەوانی دیرۆکی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کوردستان و بڵێسەی هەڵایساندنەوەیەتی. فەرماندەیەکی لاوی جێی ئومێد، بەورێکی کوردستانیی کە بەسەر تەلبەندی تەعریبدا بازی دا و بووە کوڕی بە ئەمەکی یەکێتی. خۆی و هەڤاڵەکانی شاهیدی بە خوێن ئاودراوی شۆڕشێکی نوێی گوزارشتکەرن لە فرەیی ئاینی و ئاینزایی لە کوردستاندا، ئاماژە بوون بەوەی ئەم یەکێتییە یەکێتییەکە بۆ تێکۆشەران لە هەر کوێوە هاتبن و نیشتمانییەکەشی چەمکی تازەی قۆناغی رزگارییە و کوردستانەکەشی یەک کوردستانە بە تەعریبکراوەکانیشییەوە.

لە باسی دایکی شەهیدیشدا عیدە خان سەردەستەی دایکانی شەهیدە کە باجی خوێن و خۆڕاگری داوە، (٣٦) ساڵە شاهیدی باڵابوونی ئەو شۆڕشەیە کە کوڕەکەی گیانی خۆی لە پێناودا بەخت کرد. ئەو لەوە دڵنیابوو کوردستان رزگار و یەکێتیی کوڕە شەهیدەکانی شۆڕشی نوێش هەروا لە کۆڕی نەبەردیدا گەشەدەکا و هێشتاش دەستبەرداری سنجار و شێخان و کەرکوک و خانەقین نەبووە، بۆیە بە ئاسوودەییەوە چاوی لێک نا کە کوردستان رێی

راستی گرتووه.

دایکی شەهید عەزۆ ماڵئاوی لێکردین و دایکی سەدان شەهیدی تر هێشتا لە ناوماندان، بە ئیرادەی بەردەوامییەوە سەرفرازن کە بۆ ئەوان کوردستانی رزگار جوانترین سەبوورییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لاواندنەوە و بەسەرکردنەوە و دڵنەواییان ئەرکێکی کوردانە و کوردایەتییە چ بۆ حزب و چ بۆ حکومەت و کۆمەڵگە. میللەتی هوشیارو کۆمەڵگەی ئازاد و وڵاتی رزگار هەمیشە شانازی بە سونبولەکانیانەوە دەکەن.

تا ئەبەد شەهید تاجی سەر و تا ئەبەد دایکی شەهید لەسەر سەر بێت.

٢٠١٢/١٢/١٨

# خۆشتان ئیجابی بن

ڕەوشی سیاسیی لە عیراق بە زوویی نیشانی دایەوە بێ سەرۆک تاڵەبانی حاڵی خاس نییە،  نەک تەنها لە دەستە وەستان بوون لە چارەسەری تەنگژەیەک کە هەیە، بەڵکو تەنانەت خۆنەگرتن لەبەردەم ئارەزووی دروستکردنی تەنگژەی دیکەدا. ئەوە هیچ کە کەس داوا ناکات تەنگژەی هەبوو چارەسەر بکرێت، بەڵام خۆ هیچ نەبێ ئەوی هەیە لە تەنگژە هەم بەسە و هەم دەبێ دەرس بێت بۆ هەموو لایەک کە کەس ناتوانێت ئیرادەی ئەوی تر بشکێنێت لە تەوقیتێکدا هەموو لایەک جەمسەری خۆی گرتووە.

ڕەنگە هەبن جەدەلی ئەوە بکەن ئەم تەنگژەی دوو ڕۆژی ڕابردوو تەنگژە نییە و ئیجرائێکی قەزایی ئاساییە و لەقەبارەی خۆی گەورەتر کراوە، بەڵگەشیان بۆ ئەوە بەڵگەی نووسراوی قەزائی و ئینجا زوو ئیحتیواکردنی لێک زووير بوونەکەیە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی بە دوای دروستکردنی ناکۆکیدا بگەڕێت هەمیشە بایی ئەوە کەرەستە هەیە بیهۆنێتەوە و دیمەنی ناکۆکییەکی یاسایی یان سیاسیی ڕەوامان بۆ دروست بکات. تا بەری ناڕەزایی نەیارەکەیان بۆ بگرێت.

کەس داکۆکی لە تیرۆرو ئەوانە ناکات کە تێوەی گلاون. داکۆکی لە ژینگەی ئارامی سیاسیی و گلەیی لە هەڵبژاردنی ئەو تەوقیتانەیە کە بە قەدەر دە کردەوەی تیرۆریستی کێشەو بێشە بۆ پرۆسەی سیاسیی دەنێنەوە.

مەترسیدارترین جۆرەکانی ئیدارەی سیاسیی ئەوەیە لەو شوێنەی سیاسەت پێویستە بەرپرسەکان وەک ڕۆبۆتێکی بیرۆکراتی و فەرمانبەری مەسەلەکە مامەڵە لەگەڵ قەزاو قەراردا بکەن و لەو شوێنەش یاسا پێویستە ژینگەی سیاسیی وا ئالودە بکرێت کەس هەق و ناهەق، یاساو پێشێلی یاسایان پێ جیا نەکرێتەوە. لە ژینگەیەکی وا دایە عیراق تەنگژە بە تەنگژە دەسپێرێ و ڕێز لە کۆششی ئاشتیخوازی و هەوڵەکانی دیالۆگ و تەبایی

و هێمنایەتی ناگیرێت.

سیاسەتی عیراقی کەمێک بەرپرسیارێتییەکی قووڵتری گەرەکە لەوەی کە ئێستا هەیە. وەکو پێیان چاک ناکرێت دەکرێ لەوە زیاتر نەیشێوێنن.

ئەگەر دەشخوازن هەوڵەکانی سەرۆک، کە هاتەوە، بەربگرێت دەتوانن هیچ نەبێ رەوشەکە لەو ئاستەدا رابگرن کە جەنابی لەم پشووی جەنگاوەرەدا پێی سپاردوون.

بەرپرسیارێتی مۆراڵی هەر ئەوە نییە کۆششەکانی سەرۆک تاڵەبانی بسەلمێنن و هیوای لەسەر هەڵبچنن، دەکرێت خۆشتان ئیجابی بن تا هەوڵی سەرۆک ئاکامی زووترو دوو قات بدات.

٢٠١٢/١٢/٢٤

# کۆڵنەدەر

ئەگەر بخوازرێت لەسەر خەسڵەتە بێ شومارەکانی سەرۆک مام جەلال بنووسرێت لەکوێوە دەست پێ دەکرێت؟ دەشێ هەر یەکێک لەم قەڵا نەتەوەییە بڕوانێت لەگۆشەیەکەوە سەیری بکات و لەبانێژەیەکەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، بەڵام ڕەنگە باشترین ناساندن بۆ ڕەوتێکی زیاتر لەشەست ساڵە نازناوی (کۆڵنەدەر) بێت.

ئەم نازناوە زۆر بەکاردێت، زۆر جار لەگەڵ نازناوی تێکۆشەردا وەک هاوتا یان وەک تەواوکار ریز دەکرێت. بەڵام ڕاستییەکەی (کۆڵنەدەر) خەسڵەتێکی هەمەلایەنەی گشتگیرەو لەهەمان کاتیشدا لوتکەی قۆناغەکانی تێکۆشانە.

لەمێژووی میللەتاندا تێکۆشەر زۆرن، لەمێژووی نەتەوەی کوردیشدا هەروایە، ئەم ریزی دوورودرێژی کوردایەتیشە، ئەگەر تەنها سەدەی بیستەمی حسێب بکەین، سەدان و هەزاران تێکۆشەر رێبواری کاروانەکەی بوون، هاتن و ڕۆین و قوربانیاندا، لەوێستگەیەک، یان چەند وێستگەدا لەکۆڕی تێکۆشاندا لەڕیزی پێشەوە بوون و (نە کەمیان کردووەو نەدرەنگیش هاتوون).

بەڵام گرەوی ڕاستەقینەی (تێکۆشەر) لە (کۆڵنەدەر)یایە، کۆڵندەر ئەو تێکۆشەرەیە لەکۆشش و خەبات کۆڵ نـاداو دەستبەرداری ئامانجەکەی نابێت.

مام جەلال هەر رابەر و تێکۆشەر نییە، خەسڵەتی گەورەی مام جەلال کۆڵنەدانێتی، لەهەموو وێستگەکانی تێکۆشاندا کۆڵی نەداوە، لەتەنگژەو تەنگانەو ناخۆشیدا هیوای بەئامانجە ڕەواکانی لەق نەبووە، لێنەگەڕاوە ئیرادەی خەباتی سیاسی خۆی و بزووتنەوەو میللەتەکەی کول ببـێ و ژەنگ هەڵێنێ. ئیرادەی خەباتی مام جەلال سەبری شۆڕشگێڕییە لەسەر ناخۆشی و تەنگانە، ئیرادەی تێپەڕاندنی قۆرت و ڕێگرییە بەرەو دروستکردنی شانسی سیاسی نوێ و کردنەوەی

دەرگای تێهەڵچوونەوەی تازە، ئیرادەی مام جەلال مەشقی رۆحییە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە بابەتییەی هەندێک جار کێوی هەلومەرجە زاتییەکان لەبن دێنێ، ئیرادەی پشوو درێـژی و سەبری ئەیوبە وەختێک کەرەستەکانی سەرکەوتن ئامادە نین و ئەوودەیانخولڤێنێ، دەست دەگرێت بە یەک فاکتەری بچووکی هێزەوەو گەورەی دەکات و دەیکاتە دەسکەلای ململانێی شێنەیی لەگەڵ بەربەستەکاندا.

رەوتی خەبات شەمەندۆفەرێکە تا دەگاتە مەنزڵ زۆر تێکۆشەر هیلاک دەبن و بەشەرافەتمەندییەوە تا ئەوێ دەکەن کە دەتوانن و هی دیکە لەجێیان سەردەکەوێت و تێکۆشان دەکات. ئەوە تەنها کۆڵنەدەرانن ئیرادەی بەردەوامیان شان لەشانی ئیرادەی تێکۆشانی دەستپێک وسەرەتایان دەدات.

مام جەلال لەسنفی دەگمەنی کۆڵنەدەرانەو ئەم رەوتە پڕ هەورازو نشێوەی کوردایەتی و دیموکراتی، لەم ناوچەیەدا، بێ کۆڵنەدانی وا قەت بەرگەی نەدەگرت و ناگرێت.

ئەم تێکۆشەرە کە ئەم هەموو کەندو کۆسپانەی تێپەڕاندووە، لەم ئاستەشدا کۆڵ نادات، کۆڵنەدەرە.

٢٠١٢/١٢/٢٥

# شەرەفەدین ئێڵچی

سوارێکی تری داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی لە ئەسپەکەی هاتە خـوارەوە و زینی ژیانی بەنەوەکانی دوای خۆی سپارد. شەوی (١٢/٢٦\٢٥) تێکۆشەرێکی دیاری کوردو سیاسەتمەدارێکی ناسراوی دیموکراتیزەکردنی تورکیا، شەرەفەدین ئێڵچی لەنەخۆشخانە گیانی بەکوردەواری و کاروانی دوور و درێژی کوردایەتی سپارد.

تەمەنێکی زیاتر لەشەست ساڵی لەتێکۆشانی سیاسیی لەدۆسێی گرتنی پەنجا تێکۆشەرەکەوە دەستی پێکرد. تا گەیشتە بەشدارییەکی چەپگەرانە لەحکومەتەکەی بلّند ئەجەوید لە ساڵی ١٩٧٣دا. لە تاریکایی رۆژگاری ئینکاری لە بوونی کورد و کوردستاندا، ئێڵچی وەک وەزیری ئاوەدانکردنەوە هاتە قسە و گوتی: لە تورکیا کورد هەنە، ئەزیش بۆ خۆم کوردم.

لەسەر ئەمە گێچەڵێکیان پێکرد نەبڕێتەوە. لەحکومەت وەدەر نراو لەکودەتای ساڵی ١٩٨٠شدا، وەک سەدان تێکۆشەری تری کورد تۆڵەی لێکرایەوە و لە زیندان پەستێنرا.

بەڵام هەر کۆڵی نەدا. ئێڵچی باوەڕی بە ئاشتی و ئازادی، دیالۆگ و ماف هەبوو، ئاشتی بۆ هەموو تورکیا و ئازادیش بۆ گەلی کورد. دیالۆگ لەگەڵ میللەتی تورک بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی. ئەمە رەوتێکی درێژی تێکۆشانی نهێنی و تێکۆشانی ئاشکرای دیموکراتی بوو بەدرێژایی تەمەنێکی ٧٤ ساڵە. لەحزب و لە ناو پەرلەمانی تورکیا کە نوێنەرێکی سەربەخۆی دیاربەکر بوو.

ئێڵچی دیدێکی ستراتیژی هەبوو لەسەر مەسەلەی کورد، باوەڕێکی پتەوی بە ئەزموونی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان هەبوو، بە قەڵایەکی کوردایەتی دەزانی و هیوای لەسەر هەڵچنی بوو. بۆ تورکیاش باوەڕی بە هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی یەکسان هەبوو لەنێوان تورک و کورددا. لەبەر ئەوە کورد و تورک بۆی بە داخن.

ئەو جارەی چاوپێکەوتنم لەتەکدا کرد ئەمانەی بە روونی وت. بە داخەوە لەسەفەری ئەمجارەدا لەگەڵ کاک بەهرۆز گەلاڵی کە چووینە لای، لەنەخۆشخانە،

هەناسە سواری و دەردەداری پێوە دیاربوو. بەو حاڵەشەوە پەرۆشی تەندروستی سەرۆک مام جەلال بوو، مامی وەک قودرەتمەندییەکی نەتەوەیی گەلی کورد لەسەرتاسەری کوردستان دەزانی. سوپاسگوزاری مشووری مام بوو کە بەردەوام سۆز و پشتیوانی بۆ دەنارد. دڵی لای کەرکوک و تەنگژەی نێوان کوردستان و بەغدا بوو.

سەرەئەنجام ناخۆشی و نەخۆشی و پەرۆشی ئەم تێکۆشەرەیان تەواو و هیلاک کرد. ناخۆشی ژیانێکی پڕ کێشە و بێشە، نەخۆشی حوکمی زاڵمانەی زەمەن و پەرۆشی بۆ دوا ڕۆژی کوردو کوردستان پێکەوە سێ کوچکە بوون، زەفەریان بەم جوامێرە برد.

ئەمڕۆ لە جەزیرەی خاکی دێرین، بە دایکی نیشتیمان دەسپێردرێت.

سوارێک پشووی دا و کاروانەکە بەردەوامە.

٢٠١٢/١٢/٢٧

# بـەغـداو ژاپـۆن

دوای ساڵی ١٩٩١ نـووسـەری عیراقی کەنعان مەکیە لە نووسینێکی سەرنجڕاکێشدا داوای کرد عیراقی دوای سەددام تەبەنی دەستووریکی شێوە ژاپۆنی بکات کە عیراق لە سوپای پڕچەک و کەشوهەوای شەڕ دوور بخاتەوە. هەر وەختێک دۆخ لەعیراقدا دەگاتە بەر یەککەوتن ، وەک ئەوەی لە تەنگژەی هەرێم و بەغدا قەوما، ئەو پێشنیازەی مەکییەم وەبیردێتەوە. سەیرکەن ئێمە چەند لەخەون و ئەندێشەی جارانی دوورکەوتووینەتەوە؟ وەختێک عیراقییەکان لە ئۆپۆزسیۆن بوون چەند پێشنیازی جوان لە ئارادا بوو، ئێستاش لەچ حاڵێکی خۆ پڕچەککردنی سوپادایین؟

عیراقی تازە وا تێکەڵی عیراقی کۆن بۆوە کە نازانی دژی کام بەهاو پێوەری سیاسی ململانێمان کردو کام بەها وپێوەری نوێمان جێگیرکردووە؟

لە رێککەوتنی سۆفا بۆ رێکخستنی کشانەوەی ئەمریکا لە عیراق بەغدا بەحاڵ قەناعەتی کرد ئەوە جێگیربکرێت سوپا بۆ ململانێی ناوخۆیی بەکار نەبرێت. ساڵێک بەسەر کشانەوەدا تێنەپەڕی دەبابەکان جێگای دیالۆگیان گرتەوەو تازە وا دەستوپەنجە لەگەڵ رێککەوتنی هێورکردنەوە نەرم دەکرێت.

مەکییە ئەم پێشنیازەی لە دەستووری ژاپۆنەوە هێنابوو. بڕگەی (٩)ی دەستووری ئاشتی کە (هیوا کینیو)شی پێدەڵێن رێگە بە ژاپۆن نادات شەڕ بکات. کەچی تنها زۆرینەی براوەی هەڵبژاردنی ژاپۆن ، لەپەنا ململانێ لەگەڵ چین لەسەر دوورگە جێ ناکۆکەکان، تێزی گۆڕینی ئەم دەستوورە دەخەنە ڕوو.

پەکین نارازییە لەم دەستکارییە چونکە مانای زیندوکردنەوەی مەیلی عەسکارتاریی ژاپۆن دەگەیەنێت لەوەختێکدا پەکین و تۆکیۆ ململانێی دوورگەکان دەکەن.

ڕۆژنامەی ڕەسمیی (گەل) کە زمانحاڵی حکومەتی کۆمۆنیستی چینە ئەم ترسەی بەئاشکرا دەربڕیوەو باگراوندێکی مێژوویشی پێداوە کە چین و فلپین و چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا پاوانی عەسکەرتاریای ئیمپراتۆریای ژاپۆن بوون لە جەنگی جیهانی دووەمدا. یانی هەمان ئەو جەنگەی یادەوەری چینییەکان دەبزوێنێ باعیسی ئەوەبوو هاوپەیمانەکان ئەم دەستوورە بۆ ژاپۆن دابنێن.

ئایا مۆدێلی دەستەمۆکردنی مەیلی عەسکەرتاریی دەکوژێتەوە؟ مۆدێلێک کە عیراقییەک بۆ دوا ڕۆژی وڵاتەکەی خۆی پێشنیازی کرد، نها لەنیشتەنی خۆیدا لێی پاشگەز دەبنەوە. ئایا ئەم جۆرە ئەندێشەی داوا دەکات سوپا تەیار نەبێ بیرۆکەیەکی ڕۆمانسییە؟

فەرقێک هەر هەیە ژاپۆن لە (١٩٤٧) بەم دەستوورە دەژی و هەرچی خەرجی جەنگی هەبوو خستییە خزمەتی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و بازدانی ئابوورییەوە، ئینجا تازە پێداچوونەوە دەکات. عیراق کەمتر لەدە ساڵی دوای سەددامی بەڕێکرد کۆششی بۆ خۆپڕچەککدرن و عەسکەرتاری لەجاران بە تین ترە.

بەغدا لەکۆتایی تۆکیۆوە دەست پێدەکات!

٢٠١٢/١٢/٢٨

# عیراقی کەمەندکێش؟

دیقەت لەم لێدوانانە بدەن
-ئەگەر برا کوردەکان دەخوازن دەتوانن جیاببنەوە. خوا حافیزیان بێت.
-ئەگەر لیستی عیراقییە ئارەزوو دەکا دەتوانێت لەحکومەت بکشێتەوە، ماڵئاوا.
-گەلی عیراق هەڵکردنی ئالای کوردستانی پێ ناخۆشە تەنانەت لەکوردستانیش، چ جای لەفەللوجە.
-با سەفیری تورکیا لە عیراق دەر بکەین.
-کورد پابەند نابێ بە دەستوورەوە، بۆچی پۆستی باڵایان هەبێت؟
ئەم لێدوانانە هەمووی گوتراون و تۆمارکراون و بەشێکن لەناونیشانەکانی بارگرژی دۆخی سیاسی بەغدا.
خاڵی ناوکۆیی نێوان ئەم لێدوانانە چین؟
هەموویان لەجێی ئەوەی یارمەتی کەمەندکێشکردنی عیراقییەکان بدەن بەرووەو یەکێتیی پرۆسەی سیاسی و خڕبوونەوە لەدەوری ئامانجی هاوبەش، دەبنە باعیسی نەفرین و تەوەللا بوون.
ئەوانەی بەم تۆنە قسە دەکەن ناتوانن سیاسەتێکی کەمەندکێش بەرهەم بێنن کە خەڵک هان بدات لێیان نزیک ببێتەوە و دیالۆگیان لەگەڵدا بکات.
ئەمەش رەوتێکی پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی و خودی حزب و ئیئتیلافی حوکمڕانە.
حکومەتەکان وەک نەریت ئەو زمان و دەربڕینانە بەکار دەبەن کە هەرچی زیاترە پێکهات و گروپەکان دێنێتە پای سازان و هەڵکردن لەگەڵ خۆیاندا. ئەمە بەڵگەی سەرکەوتنی ناوەندی حوکم و گرەنتی روونەدانی بەر یەککەوتن و کەنالیزکردنی جیاوازییە لەنێوان حکومەت و رەخنەگرەکانیدا.

حکومەتەکان لەشێنەییدا زمانی هاوبەشی و هاندەر دەدۆزنەوە، خۆ لەتەنگژەدا هەروەتر.

لێدوانی کەمەندکێش دەربەستی حکومەت بۆ ئاشتی و دیالۆگ دەسەلمێنێ و تا دێت بازنەی نەیار و رەخنەگرەکانی کەم دەکاتەوە لەسەر بنچینەی دوژمنێک کەمتر دۆستێکی زیاتر.

ئەم جۆرە دەربڕین و تۆنە توندە بەڵگەی ڕاشکاوی و شەفافیەت نییە وەک هەندێک جارِسکردن و تەوەللاکردنی هاوبەشەکان بە سیجالی سیاسی و دەربڕین راشکاوی وێنا دەکەن، راشکاوی شتێکەو بێ منەت کردنی خەڵک و تەحەدداکردنی وروژێنەر شتێکی ترە.

تەرەکردنی پێکهاتە و گروپەکانی تر لەڕێی جارِسکردنیان ژینگەی سیاسی بەرەو کەمەندکێش و دەورەدانی بەغدای پایتەختی سیاسی نابات . بەپێچەوانەوە تەوەللایان دەکات و تووشی نەفرینیان دەکات.

پەیامی کەمەندکێش بەشێکی چارەسەرە.

٢٠١٢/١٢/٣٠

# ساڵێك كە ڕۆیی و نەیەتەوە!

جارێكیان تۆدۆرۆف گوتی ئەگەر بكرابایە سەدەی بیست لە تۆماری سەدەكان دەربكەین. دەتگوت ئەم فەیلەسوفە باسی كوردی دەكرد. سەدەیەكی ناخۆش كە هیچی تیا بەسەر نەبوو بۆ كوردستان و بۆ مرۆڤایەتیش. پڕ بوو لەشەڕی جیهانیی و شەڕی سارد و پێشێلی مافی چارەنووس.

بەشوێن پێی ئەو پێشنیازەدا كە فەیلەسوفێك بۆ سەدەیەك كردی دەشێ بابایەكی وەك ئێمەش بوێرین بڵێین ئەگەر بكرابایە ئەم ساڵە لە تۆماری ساڵەكان دەربكەین. ساڵێكی ناخۆش بۆ كوردستان و بۆ عیراقیش كە سەراپای خەموخەفەت بوو.

ساڵێكی داڕزاومان هەبوو لەعیراق. تەنگژە لەدوای تەنگژە كە بە هەوكردنی دۆسێی هاشمی دەستیپێكردو بە كردنەوەی دۆسێیەك بۆ عیساوی كۆتایی دێت. لەو نێوانەشدا تەنگژە قوڵەكە ئەوەبوو كە لەگەڵ كوردستان قەومانیان. بەغدای سەرۆك وەزیران كە خەریك بوو ئەمانەتی حكومەتی لێوەربگرن، هەموو كاغەزەكانی تێكەڵ كرد بە جۆرێك نها كەس كاغەزی كەس ناخوێنێتەوە. ساڵێك بوو دیموكراسییەكەی عیراق گەیەنرایە لێواری هەڵدێر و تا ئێستاش لەگەڵ ویستەكانی كوردستاندا بە بارمتە گیراوە.

ساڵێكی چاوەڕوانی بوو لە كوردستان كە دەرگا بۆ هەموو ئەگەرێك كراوەیە. هەڕەشە هەیە لەسەر كوردستان و تەحەدداش هەیە لەپێشی. دونیا و ناوچەكەش خەریكی نەخشە كێشانەوەی هەموو شتێكن و ئێمەش نەكا لە كاروانەكە دوابكەوین باشبوو فریای یەكخستنی هەڵوێستی هێزە كوردستانییەكان كەوتین. بەڵام ئەو یەكێتی هەڵوێستەش بچوكترین گازەندەو گلەیی لەیەكتری بەسە بۆ لەقكردنی.

ساڵێكی پەرۆش و چاوەڕوانیش بوو بۆ كوردستانییان و بۆ ئەو عیراقیانەی شتێك باوەڕیان بە دیموكراسی و سازان و فیدراڵی ماوە، سەرۆك تاڵەبانی سەمام ئەمانی هیواو ئاواتەكان كەوتووی جێگەیەو هیلاكی دەست ڕەنجێكی فەرهادییە كە بەردی دەمارگیری هەڵدەكۆڵێت. نەخۆشی مام دوو وێستگەی

پشووی کورتی جەنگاوەرێک بوو کە سەبری شۆڕشگێڕی لەسەر لادان و بادانەکان گرتووە و هێشتاش کۆڵنەدەرە.

هەواڵدێری چاکبوونەوەی رەوشی تەندروستی سەرۆک تاقە ئومێدە لە پێچانەوەی ساڵێک کە خۆزگە هەر نەبواو لەتەمەنی کوردستان و عیراق دەسڕدرایەوە. بەڵام بەوەدا کە دژوارە تۆماری ساڵ دەستکاری بکرێت وەک ئەوەی زەحمەتە مێژووی سەد ساڵی مەحف بکرێتەوە، ئەوا زوڵملێکراوانی وڵاتی ئێمە شایستەی قەرەبووکردنەوەن.

با ساڵی نوێ ٢٠١٣ موژدەی خۆشی پێ بێت. بە پێچەوانەی ژمارەکەی کە سێزدە بە شووم دەناسرێت کوردستان و گەلانی ناوچەکەش شایانی ساڵێکی باشترن.

**٢٠١٢/١٢/٣١**

# عیراقی هیواو... کار

لەبیرەوەریی دە ساڵەی پرۆسەی رزگاری عیراق نزیک دەبینەوەو دۆخی وڵاتەکە وەک ئەوە وایە گەڕابێتەوە بۆ چوارچێوەی یەکەمی، هۆکاری ئەمەش زۆرە ، گرنگترینیان تێکەڵبوونەوەی دوو قۆناغە لە ژیانی سیاسی ئەم وڵاتەدا : عیراقی کۆن و عیراقی نوێ.

پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسیی بۆ ئەوە نەبوو شەخسێک بە شەخسێکی تر بگۆڕدرێتەوە کە کەرەستەکانی هێز بۆ یەک ئاڕاستە و یەک ئەندێشەی سیاسی بەکار بێنێت. پرۆسەکە بۆ ئەوە بوو چەند بەها و نێرینێکی نوێ جێی ئەو بەها و نێرینانە بگرێتەوە کە حوکمی عیراقی سەددام حسێنی دەکرد. عیراقی سەددام خۆشی گوشاوەی هەموو خراپەکارییە بۆماوەییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنی عیراق بوو لە سەرەتای فەیسەڵەوە تا قاسم و دوو عارفەکە و بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر.

بەها و نێرینی نوێ خۆی لە چەندین ئامرازی دەستووریدا رێکخست و دەسەڵاتە جیاجیاکانی بە چەندین فلتەری یاسایی لێک جیاکردەوە تا ئەمانیش بە دەوری خۆیان هێز دابەش بکەن و چاودێری یەکتریش بن، وەگەر نا خۆ لە سەردەمی سەددامیشدا حکومەت و پەرلەمان و دادگاو خوا پێم نەگرێت رۆژنامەگەرییش هەبوو، بەڵام ئەمانە هیچ نەبوون جگە لە کەرەستەی هێز بەدەستی سەددامەوە بۆ پەراوێزخستن و پەکخستن و خەساندنیش. ئەگەر عیراقی نوێش وا بکات نوێیەکەی لەکوێیە؟ هەر ئاوی ساردەکەی خۆمانەو مای باردی پێ دەڵێن.

عیراقی نوێ چۆن دەبێ پاساوی تەعریب بداتەوە؟ خۆ عیراقی کۆنیش ناوی رۆمانسی لەم پرۆسەیە نابوو، بۆ نموونە: گەشەپێدان، بەرژەوەندی نیشتمانیی، ناوچەی هەستیاری ستراتیژی... هتد. ناو عەیبی نییە، ناوەڕۆک بەڵایە، دەنا پرۆسەی تەعریب لە جەزائیر پرۆسەیەکی پێشکەوتنخواز بوو بۆ سڕینەوەی ئاسەواری داگیرکاری کە لە نموونەی شۆڕشی جەزائیردا بریتیبوو لە بەرپەرچدانەوەی بە فەرەنسایی کردن. مامۆستای کوردیش هەبوون

که چوونه جەزائیرو بەشدارییان لەو پرۆسەی تەعریبەدا کرد بێ ئەوەی فەرەنسییەکان لە کوردو لە جەزائیرییەکان زوویربن.

عیراقی نوێ نوێیەتییەکەی لە کوێدایە کە لە جێی نەجەف و دیوانییەی دەورانی سەددام ئەمجارە ئەنبار بە سەنترالیزمی حوکم کۆتوبەند بکرێت؟ عیراقی نوێ لە کوێیە کە بە بیانووی تۆڵەکردنەوە لە سوننەی ئەنبار و موسڵ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی بەسرەو نەجەف و دیوانییە پەک بخرێت؟ عیراقی نوێیە لەکوێیە ئەگەر بە بیانووی تۆڵەکردنەوە لە کوردستان پرۆسەی بوژاندنەوەی شیعەستان و سوننەستان دوا بخرێت؟

گوایە سا بەڵکو بە بڕینی لە ١٧٪ بودجەی هەرێم و وشککردنی نەوتی کوردو رەوتی ئاوەدانکردنەوەی (عیراقەکەی تر) بتوانن مایەو سەرمایە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراقی عەرەبی دابین بکەن؟ ئەگەر دونیا قاعیدەو نەزم و ئوسولی و حسابی با پێش لە ١٧٪ پرسیاری ئەوە دەکرا ئەدی خێرە لە ٨٣٪ی بودجە هیچ بەرەکەتێکی تێدا نییە بۆ ناوچە عەرەبییەکان؟

کورد ئەمەی بەخۆی گوتووە: خوا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکات. ئەم رەخنە زاتییەی کورد بۆ برا عەرەبەکانیش دەست دەدات، عیراقی کۆنیش وای دەزانی کوێتی گەشەکردوو باعیسی پاشکەوتوویی عیراقە، بۆیە پەلاماری دا. هەموو کەس دەیزانی کوێت نەوتی کەرکوک و بەسراشی نییە.

ئەو عیراقە کۆنە ئەم وانە بەلاش و خێرخوازیانەی دەور نەکردەوە، بۆیە هیوا بە (عیراقی هیوا و ئاشتی) بوو ، بزانێت دەردە لەکوێیە؟

عیراقی نوێ تێکەڵ بە عیراقی کۆن بووە، بۆیە ژێرخانی بەغدا بەرگەی بارانی راستییەکان ناگرێت، عیراق وەک ڤینیسیا ژێر ئاو دەبێت بێ ئەوەی وەک ڤینیسیاش ببێتە قیبلەی ئاواتی دونیا.

عیراقی نوێ بۆ ئەوەی نوێ بێت دەبێ کەرەستەکانی دەوڵەتداریی بۆ بیناکردنەوەی وڵات بەکاربێنێت نەک بیکاتە موقەدەراتێک بۆ زاڵکردنی پێکهاتەیەک بە سەر ئەوانی تردا . وەک دە ساڵە وا دەکرێت، وەک لە هەشتا ساڵەی رەوتی عیراقی کۆندا وا کرا بوو.

**٢٠١٢/١/٤**

# ئاشتی لەدیاربەکر

ئەگەر خولی نوێی (کرانەوە)ی پارتی دادو گەشەپێدان بەڕووی دۆسێی کورددا سەر بگرێت ئەوا تورکیا بازێکی چۆنایەتی دەدات لەدابینکردنی ئاشتی ناوخۆیی لەوەختێکدا نەک رەوشی ناوخۆیی وڵات بەڵکو رەوشی ناوخۆیی هەموو وڵاتانی ناوچەکە گرێدراوی یەکتری و درێژکراوەی هەرێمایەتی هەیە. بەو ئاشتییە ناوخۆییە داشی تورکیا لەچەندین ئاستدا سوار دەبێت.

## جەنگێکی بێ ئاسۆ

لەنیوەی دووەمی دەیەی حوکمڕانی دادو گەشەپێداندا، رێک لەساڵی (٢٠٠٧)ەوە، بەرێز ئەردۆگان، سەرۆک وەزیران، کرانەوەی کوردی، کە دوایی کردی بەکرانەوەی دیموکراتی، راگەیاندو ئەوی بەدەستهات لەلابردنی رەوشی ئاوارتە تا کردنەوەی کەناڵی شەشەمی تەرەتە بەرهەمی ئەو قۆناغە بوو، لەگەڵ باسوخواسی گۆڕینی سیستمی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی و دەرکەوتنی سەنگێکی گەورەی بەرەی کوردایەتی لە هەڵبژاردنی (٢٠١١) دا کەسەرۆک وەزیرانی لەجەماوەری باکوور تەوەللا کرد، ئەم کرانەوەیە پەکی کەوت. شەڕ لەبەرەی شەڕ و ململانێی توند لەشارەکان بووە سیمای دوو ساڵی پێشوو، بەتایبەتی لەو دۆسێیەی لەمیدیای تورکیادا بەناوی کەجەکە رۆیشتووە. ئەم تەنگژەیە لەباری دابوو بۆ ئەمساڵیش درێژە بکێشێ. ئەوەتا گۆڤاری فۆرن پۆلەسی لەژمارەی کانوونی دووەمیدا ململانێی تورک و کوردی وەک دە شەڕی چاوەڕوان کراو کەهەڕەشە لەئارامی دونیا دەکات لەساڵی (٢٠١٢) دا، ناساندووە. گۆڤارەکە دەڵێ شەڕی دەوڵەت و PKK تەنها لەنیوەی (٢٠١١)ەوە (٨٧٠) کەسی کردووە بەسووتەمەنی جەنگێکی بێ ئاسۆ. چڕبوونەوەی ململانێکەش کارێکی کردووە تا دێت حزبی پەرلەمانیی بەدەپەش لە سەنگەری PKK جێ دەگرێت.

## پەکخستنی ئۆسلۆ

بەڵام وەک یاسر عەرەفات دەیگوت: (اشتدي يا ازمة تنفرجی) لەلوتکەی تەنگژەدا هەندێک راستی دەردەکـەون کەشێنەیی ناتوانێت ئەنگێزەی دەرخستنیان بێت. دەرەنجامی خوێن پەستانی رەوشەکە لەپایزی رابردوودا کوردستانییان لەباکوور گەورەترین چالاکی مانگرتنی زیندانیانیان بەرپاکرد. چالاکییەک کە گەیشتە ترۆپک و رجا و تکای دەوڵەت فایدەی نەبوو تا بەڕێز ئۆجەلان رایسپاردن کۆتایی پێ بێنن. ئەمە یەک لەچەندین وێستگە بوو کە بۆ ئەنقەرەی دەرخست کلیلی چارەسەر لای ئۆجەلانە و ئۆجەلانیش لەئیمرالییە.

تورکیا کەرەستەی دەستپێکردنەوەیەکی چۆنایەتی لەبەر دەستدایە لەوانەش: زنجیرەیەک گفتوگۆ لەئۆسلۆ کە بەربەستی بێ مانا پەکی خست، بڕیارێکی کۆنگرەی حزبی حوکمڕان کەدەیگوت ئەگەر پێویست بکات دەچینە ئیمرالی، ئامادەگی ئۆجەلان بۆ رۆڵگێڕانێکی ئەوتۆ کە سەنگی شایانی ئەویش دەربخات، پێ سپاردنی ئەرکی موخاتب لەلایەن قەندیل و بەدەپە بەو. ئەمانە هەمووی زەمینەسازی ئەوەیان تێدایە کە ئەوی پساوە لە گفتوگۆکانی ئۆسلۆ دەست پێ بکاتەوە. لەسێ دیداری جیادا لەگەڵ ئەحمەد تورک، گولتان کیشاناک، سڕی ساکیک، هەر سێکیان پێیان گوتم ئۆجەلان نوێنەرایەتی ئیرادەی ئێمەش دەکات، چونکە زیاتر لە سێ ملیۆن ئیمزای تەفویزی بۆ کۆکراوەو بەری چەند رۆژێکیش بەڕێز موراد قەرەیەڵان لە پەیامی ساڵی نوێدا گوتی ئیمزای زیاتر لە سێ ملیۆن کەس نوێنەرایەتی ئیرادەی ئێمەش دەکات.

## رۆڵی سەرۆك تاڵەبانی

لەناو ئەم پڕۆسەیەدا رۆڵی بەڕێز سەرۆک تاڵەبانی-ش لەدۆخی سێبەرەوە ئیتر دێتە بەر خۆرەتاو، هەردوولا دەوڵەت و تەڤگەری کوردی

باکوور، چەند ساڵێکە بەڕێز مام جەلال-یان وەک ناوبژیوانێکی نەزیە قبوڵ کردووە. دوا وێستگەی هەوڵەکانی لەکەناڵی دیپلۆماسییەوە گواستەوە بۆ پەیامی دۆستایەتی ئاشکرا وەختێک چەند هەفتەیەک بەر لەنەخۆشکەوتنی لەڕێگەی ریپۆرتاژێکی تێروتەسەلی حەسەن جەمال-ەوە پەیامێکی بەناوی (برام ئەردۆگان) نارد کەپێشنیازی نەخشە رێیەک بوو بۆ ئەوەی کوردەکان لەچیاکان بێنێتە خوارەوەو مافەکانیان پێ بدات.

ئێستا زنجیرە دیدارەکانی ئیمرالی لەدیتنی وەفدی دەوڵەتەوە بۆ دیتنی بەڕێز ئەحمەد تورک و نوێنەرایەتی کورد خەبەری خۆشن بۆ سەرۆک تاڵەبانی لەپشووی ئەڵمانیایدا، دوای ئەوەی موژدە لەدۆسێیە عیراقییەکە سڕکراوەو بەتێکڕایی گەڕاوینەتەوە بۆ وێستگەی (لاخبر، لاشربت، لاحامچ حلو).

## نادیاری پرۆسەکە

وێستگەی ئەمجارەی (کرانەوە) تورکییەکە چۆنایەتییە، چونکە لەوەی یەکەمدا حکومەتی دادو گەشەپێدان بەتەنها خۆی هەنگاوی دەنا، لەم وێستگەی دەیەی دووەمی حوکمیدا ئەم حزبە حوکمڕانە موخاتبـی قبوڵە بۆئەوەی ئەو (دەستکەوتانە)ی دەیدات کەسێک هەبێ وەری بگرێت و خاوەندارێتی لێ بکات تا لە بەرامبەردا حکومەتیش داخوازی خۆی لێ داوا بکات و پرۆسەکە (دان) و (ستاندن) بێت.

ئەگەرچی هێشتا دیار نییە ئەم پرۆسەیە لە کوێ دەگیرسێتەوە، بەڵام ئەگەر لە شوێنێکی باش دابمەزرێت ئەوا تورکیا وەک لە ئاشتی ناوخۆدا قازانج دەکات لە ئاستی سەنگەربەندی هەرێمیشدا قازانجی دەبـێـت. بەتایبەتی لەدۆسێی سـوریـاو درێـژبـووە هەرێمایەتییەکەی رەوشی سوریا لەئێستاو لەدوای ئەسەدیش، چونکە ئاشتی تورکیاو فاکتەری کوردی هەر لەدیاربەکر رەنگ ناداتەوە.

هەموو لایەک بەئاگاهییەوە لەگەڵ دەستپێکدا مامەڵە دەکەن، تەجرەبەش وەک چۆن وانەو پەند دابین دەکات هەروا ترس و دڵەڕاوکێش بەرهەم دێنێت، نەخاسمە تەجرەبەی داخدار: ساڵی ١٩٩٢ هێشتا ئۆجەلان لە بیقاع بوو، ئۆزال لە چوارچێوەی دانانی بە "ڕاستییە کوردییەکە"دا یەک بینە لە ڕێی مام جەلال-ەوە داوای درێژکردنەوەی ئاگربڕی لێ دەکرد. کەشەکە باش بوو تا چالاکی کوشتنی سەربازی مۆڵەت پێدراو هەموو شتێکی (زیرۆ) کرد، ساڵی ٢٠٠٩ کرانەوەی کاروانی دیموکراتی گەیشتە ترۆپک پێش ئەوەی شێوەی گەڕانەوەی کاروانی گەریلاکان بۆ باکوور بەهانە بداتە دەست جەمسەرگیری ناسیۆنالیستی لە تورکیا.

گفتوگۆکانی ئۆسلۆش ئەجیندای نووسراوی باش بوون، ئۆپەراسیۆنی دۆسێی کەجەکەو کەڵکەڵەی سیستمی سەرۆکایەتی سێوی ڕێککەوتنەکەی بەردایەوە پێش ئەوەی پێبگات. لەوێ خەریک بوو سەری ئەم هاکان فیدانەی حاڵی حازر گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان دەکات ببێتە قۆچی قوربانی. ئێستاش هەر تەڵقە تەنورەیەکی لاسار دەتوانێت ریسی داناکانی ئاشتی بکاتەوە بە خوری، بۆیە چاکترین گفتوگۆکانی نێوان دوو بەرەی دژ بەیەک ئەو گفتوگۆیانەن پەراوێزێکیان بۆ ئەگەری لاساری لێرەو لەوێ دابین کردووە، ئەمە چانس بە گفتوگۆیەکی دامەزراو دەدات.

٢٠١٢/١/٦

# مەتەڵەکەی عیراق

بێگومان دەبێ کورد سیاسەتێکی هەبێت بۆ ئەم رەوشەی عیراق، بێگومان ناشبێ ئەم سیاسەتە ئێستا وا بکەوێتەوە کە کورد خۆی بە لایەکی دوو پێکهاتەی تری عیراقدا ساغ کردۆتەوە. هەردوو پێکهاتە لایەنی ئەرێنی و نەرێییان هەیە بە نیسبەت داخوازییەکانی کوردو دیموکراتیزەکردنی عیراقیشەوە. ئەم پرسە مەبدەئییە قەت نابێتە رێگر لە مامەڵە و دەستوپەنجە نەرم کردن لەگەڵ هیچ کامێکیان.

بە شێنەیی، کورد کاری دەکرد لایەنی ئیجابی هەر لایەنێکیان بەسەر لایەنی سەلبیاندا زاڵ بکات و هانیان بدات بۆ داخوازییەکانی کورد چاکبن و بێنە پای پەسەند کردنییەوە. هەندێک وێستگە باش چووین و هەندێکیش بەردی رەقمان هەڵدەکۆڵی. بەڵام لە وەختی وەرچەرخانە گەورەکاندا رەنگە دەرفەتی ئەم خواپێداوییەمان نەبێت، بۆیە کورد پێویستە خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکات. ئەمە قسەیەکی گشتییە بەڵام دەربڕی هێڵی گشتی سیاسەتی کوردستانیشە.

هێڵی گشتیی سیاسەتی کوردستانیی داخوازییە (جێگیرەکان) ی کوردە بە رەچاوکردنی فاکتەرە (گۆڕاوەکان). وەستایی لە ئیدارەدانی پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان (جێگیرەکان) و (گۆڕاوەکان) لە تەنگژەکاندا دەردەکەوێت. گەلێک تەنگژە وەستایی کوردی دەرخستووە و هیوا وایە ئەمجارەش وا بێت.

بژارەکانی بەردەم کورد وەک ئەوانەی بەردەمی شیعە و سوننەش کەمن، بەڵام تەجرەبەکانی هەموو لایەک زۆرن. لە نێوەندی دەستەبژێری کورددا چەند ساڵێک بوو گفتوگۆکان لە دوو تەوەرەدا چڕ بووبوونەوە:

-با کورد شیعە و سوننە ئاشت بکاتەوە تا زوو بپەرژێینە سەر

یەکلاکردنەوەی داخوازییەکانی خۆمان لەگەڵیاندا.

-با کورد هەقی بەسەر کەسیانەوە نەبێت، لاوازترینیان ویستەکانی ئێمە دەسەلمێنێ.

بەڵام لە راستیدا سیاسەت لە چاوەڕوانی براوە و دۆڕاوی ململانێکادا ناکاتە سیاسەتی دەستپێشخەرانە، دەکاتە چاوەڕوانی دەستەوەستان ئامێز. کورد لەناو ئەم گێژاوەدا ناتوانێ لە پێگەی دەستەوەستانەوە چاوەڕێی گۆدۆ بکات.

ئینجا با باسەکە کۆ بکەینەوە:

-بەشی ئەوە چاوەڕێبین کە بزانین ئەدگاری قۆناغی داهاتوو چۆن دەبێت و لە خۆڕا خۆمان نەدەینە پاڵێکەوە.

-چاوەڕوانییەکە بە ئاگاییەوە بێت و یەدەگی وزە و رەمان هەبێت.

-دەست بە پرنسیپەکانی خۆمانەوە بگرین کە داخوازییە سەلمێنراوەکانی کوردە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عیراقی فیدراڵی خاوەن دەستووردا.

بەم سێ توخمەوە دەتوانین لەگەڵ موفاجەئەشدا مامەڵە بکەین.

٢٠١٢/١/٧

# ئەندێشەکە خراپە

سالّی ٢٠٠٦ لەعیراق بەفیعلی شەڕی تایفی هەبوو، لەشەقام و کۆلانەکان خەلّک لەسەر ناسنامە دەکوژران، دەمانچەی بێدەنگ و هەلّکوتانە سەر خەلّک لەلایەن میلیشیاکانەوە دیمەنێکی رۆژانەی ململانێی سیاسیی عیراق بوو، لەگەلّ ئەوەشدا، چونکە عیراقییەکان ئیرادەی چارەسەری کێشەکانیان هەبوو، چونکە دەستەبژێری سیاسیی لەگەلّ پێکەوەیی و شەراکەتدا بوون کەس نەیدەسەلماند کەئەوی دەقەومێ شەڕی ناوخۆییەو کوشتن لەسەر ناسنامە جێبەجێکردنی کردارەکی شەڕی تایفەگەرییە.

دوو سالّ دوای ئەوە، سالّی ٢٠٠٨، هێزەکانی سوپای عیراق بەبیانووی ئۆپەراسیۆنی بەشائیرولخەیرەوە بۆ "راونانی تیرۆریستان" هاتنە خانەقین، خەریک بوو بەر یەککەوتن لەنێوان پێشمەرگەو سوپای عیراقدا بقەومێت. لەگەلّ ئەوەشدا لەمینبەرەکانی میدیاوە کەس هەڕەشەی لەکەس نەکردو کەس نەیوت شەڕی نەتەوەیی بەڕێوەیە. چونکە ئومێد بەهاوبەشێتی و هەلّکردن هەبوو.

بەلاّم ئێستا لەدوو واقیعەی بەر یەککەوتنی سیاسیدا لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، لەنێوان سوننەو بەغدا هێشتا هیچ روویندداوەو مەسەلەکە لەچێوەی سیجالێکی سیاسیدایە. کەچی وا لەبەغداوە گوێمان لەو کەڕەنای شەڕ دەبێت. شەڕ شەڕی سیاسییە لەنێوان هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی کەچی دەهۆلّی شەڕی نەتەوەیی و هەڕەشەی شەڕی یەکگرتووی عەرەب لەدژی کورد دەکرێت. شەڕ شەڕی داخوازییە لەنێوان پارێزگاکان و پایتەختدا کەچی هەر لەئێستاوە موژدەی شەڕێکی تایفەگەری لێدەدرێت.

بەغدای رەسمی بەئاشکرا دەلّێ ئەم دۆخە چوار بژارەی لەپێش داناوین: یان دابەشکردن، یان شەڕی ناوخۆ، یان هەلّبژاردنی پێشوەخت و یاخود دیالۆگ بۆ چارەسەرکردن.

باشە بۆ دەبێت بەغدای ڕەسمی، نەک شرۆڤەکاران و سیاسەتکارانی دەرەوە، ڕاستەوخۆ ناوی شەڕی نەتەوەیی و شەڕی تایفەگەری بێنن؟

دەوڵەتی بەرپرس دەبێت دەوڵەتێک بێت پێداگری لەسەر بژارە باشەکانی وەک دیالۆگ دیموکراسی و ئاشتی بکات، نەک پێشبینی شەڕو دابەشکردن بکات و ئەمەش بەئاشکرا ڕابگەیەنێت.

ئەمە بابەتێکی جێی سەرنجە کە بەغدای ڕەسمی لەدوا خاڵەوە دەستپێدەکات نەک لەخاڵە بەردەستەکانی چارەسەری. ئەگەر نییەتێک نییە بۆ هەڕەشەو نییەتێک نییە بۆ کەمکردنەوەی بژارەکانی چارەسەری بۆچی بەغدای ڕەسمی خۆی کار لەسەر ئەوە دەکات دەم و زارو گوێی عیراقییەکان بەمجۆرە بژاردانە ڕابێنن؟

پێشتر چونکە ستراتیژیی عیراقی نوێ بۆ فیدراڵی و فرەیی و پێکەوە ژیان بوو، ڕەوشەکە لەسەر زەمینی واقیع چەند تاڵ و ناخۆش و بارگاوی بوو، بەڵام لەئەندێشەی دەستەبژێری سیاسیدا لەبزی شیرین و موژدەی خۆشی هەبوو، ئێستا لەسەر زەمینی واقیع کوشتارو تەلەف نییە، بەڵام ئەندێشەکە چرای ئومێدی کز بووە.

٢٠١٢/١/٨

# کێشەکانمان
# هــی پێشــکــەوتــنن

کوردستان بێ کێشە نییە بـەڵام بەشێکی کێشەکانی بەڵگەی دروستی ڕەوشەکەیە، کێشەکانی ئەمڕۆی کوردستان، بەڵگەی ئەوەیە پێ بە پێ لەسەر ڕەوتی خۆمان بەردەوامین، بەڵگەی گەشەکردنێتی و هەموو گەشەکردنێکیش کێشەی قۆناغی خۆی لەگەڵ خۆیدا دێنێت.

ئەمڕۆ کە سەیری ڕەوشی گشتیی وڵاتەکەمان دەکەین لە گەلێک بواردا گرفت و کێماسی دەبینین، لە میدیاکان و لە نێوەندی سیاسیدا باسی ئەم کێشە و گرفتانەش دەکرێت. ئەمانە هەمووی بەشێکن لە دابونەریتی پڕۆسەی سیاسیی دروست و دیموکرات و هیچ خەوشێکی تێدا نییە با تەنانەت تێبینی و سەرنج لەسەر شێوەی باسوخواسەکان و زمانی باسکردنی هەبێت. بەڵام هێڵە گشتییەکە دڵخۆشکەرە و نابێ لێی بسڵەمێنەوە.

کەسێک کە لە دەرەوە بێتە وڵاتەکەمان ترسی لێ دەنیشێ کە ئەم هەموو بێ ئومێدییە میدیاییە دەبینێت. ڕەنگە گەشبینەکانی وەکو ئێمە مانان پێمان خۆش بێت باسێکی شتە باشەکانیش بکرێت، بەڵام بیرمەندێکی ڕۆژئاوایی چاکی نووسیبوو کە سەیری ئەو هەموو باسوخواسە ڕەخنەییەمان دەکرد لەسەر ئەمریکا پێمان وابوو سبەی نا دوو سبەی دەڕوخێ، کەچی یەکێتی سۆڤێت رووخا کە بە گوێرەی میدیاکەی و دەستەبژێرە ڕەسمییەکەی هەموو شتێکی نۆرماڵ و وڵات شامی شەریف بوو کەچی لە هێکرا رووخا!

باسی گیر وگرفتەکانمان دەکەین کەواتە ناڕوخێین و دۆخی وڵاتەکەمان باشە. بەڵگەیەکی بچکۆلەی باشی ڕەوشەکە گۆڕانی بەردەوامی گرفت و کێشەکانە. تازەیی گرفت و کێشەکانی ئەمڕۆ کە لە کێشە و گرفتەکانی دە ساڵ پێش ئێستا ناچن گەواهی گەشەکردن و چوونە نێو قۆناغێکی نوێیە. قۆناغێکی وا کە داوای هیمەتی

کارکردنمان لێ دەکات و سەرەنجام کرداری گەشەکردنی تازەتر و ...ئێ بێگومان دەرکەوتنی کێشە و گرفتی تازەتر.

کوردستان ئێستا کە لە هەموو بوارەکانی ژیان و بوژانەوەدا پاچی بیناکردن و بێڵی ئاوەدانی دەست داوەتێ لە هەموو وێستگەیەکدا گرفت دەبینێت و ئاڵۆزی دێنە رێی. ئەم گرفت و ئاڵۆزیانە بەخێربێن مادام ئاماژەی خێر و پێشکەوتنن.

روو لە هەر کوێ دەکەیت باسوخواسی گرفتەکانە. تا ئەو جێگەیەی ئەمە بۆ چاککردن بێت ترسی نییە، خۆی بەڵگەیەکی تری پێشکەوتنمانە.

رێکخستنی ئەم رەوتە چی گەرەکە؟ ئەوەی گەرەکە نەخشەدارێژەرانی وڵات بایی ئەوەندە ئەزموونیان کەڵەکە کردبێت کە بتوانن بە شێوەیەکی وەستایانە بەر بە تەشەنەکردنی موزاعەفاتەکانی هەر گەشەکردنێک بگرن، لە شوێنی خۆیدا ئیحتوا بکەن. ئەوەی گەرەکە هەموو ناوەندە خوێندەوارەکانی وڵاتەکەشمان لە دەستەبژێری سیاسیی و رۆشنبیریی و ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان دیدیان ستراتیژی بکەن تا لەگەڵ گەشەکردندا پێشبینی کێشە تازەکان بکەن و پێشنیازەکانیان پێش کێشەکان بداتەوە.

٢٠١٢/١/٩

# ئیمزاکان هی کێن؟

ئەگەر لێدوانەکانی عزەت دووری لەگەڵ لێدوانی هەندێک لێپرسراوی شۆڤێنی ئەمڕۆ لە عیراق تێکەڵ بکەین، ئیمزای ئەو و ئەو بەرپرسانە لەسەر لێدوانەکان لابدەین، سەرمان سووردەمێنێ و کرمانج گوتەنی تووشی (شاشی) دەبین.

ناوی بەرپرسەکان ناهێنم چونکە ئەسڵ لەم وتارە تانە لێدان نییە، بەقەدەر ئەوەی دەستنیشانکردنی حاڵەتەکەیە.حاڵەتێک ناوم لێناوە تێکەڵ بوونی عیراقی کۆن و عیراقی نوێ.

قسەکانی دووری لەسەر کەرکوک و کوردستان سەرنج راکێشن. ئەم بەعسییە ئێژێ قبوڵ ناکەین حکومەتی عیراق پەلاماری برا کوردەکانمان بدات و ئەگەر وا بکەن ئێمە داکۆکی لە کوردستان دەکەین. ئینجا روو دەکاتە سەربازەکانی "ئەوی پێی دەگوترێت ئۆپەراسیۆنی دیجلە" کە نەکەن بە ناوی عروبەی کەرکوکەوە شەڕی کورد بکەن ، بەو شەڕە دەڵێت: شەڕێکی رەوا لەپێناو ئامانجێکی نارەوادا (حق یراد بە باگل)..

یەعنی لێرەش کە بەحیساب داکۆکی لە کورد دەکات هێشتاش شەڕی عروبە لەسەر کەرکوک بە رەوا دەزانێت. رەواییەکی ئەوتۆ کە تەنانەت پێی ناخۆشە شەرەفی بە عروبە کردن بەر جەنەڕاڵەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە بکەوێت.

ئەوە کە عزەت دووری ڕای وا بێت لەسەر کەرکوک و تەنانەت لە نمایشی داکۆکی کردن لە کورد و رەخنەگرتن لە حکومەتی ئێستای عیراقیشدا، بە عروبەکردنی کەرکوکی لەبیر نەچێت، شتێکی تازە نییە. ئەوە بەعسە و بەعسیش هەروای کردووە.

لەبیرمە جارێکیان هەڤاڵ مام جەلال باسێکی تێڕوانینی بەعسی لەسەر کەرکوک کردو وتی: لە کاتی موفاوەزاتی ١٩٩١دا باسی دەرد و ئازاری تەعریبم بۆ عزەت دووری دەکرد کە ئیتر دەبێ واز لەم زەڵموزۆرە بێنن، هەزاران کەس دەربەدەرکراون و هەزاران عەرەبی وافددتان لە جێیان

داناوه. دووری له وه‌ڵامدا وتی: ئوستاز جه‌لال! تۆ هه‌ر باسی موعاناتی خۆت ده‌كه‌یت، ئه‌ی من بۆ ناڵێی؟ ئه‌و عه‌ره‌بانه دێنین، پاره‌یان ده‌ده‌ینێ تا خانوو بكه‌ن، وه‌زیفه و ئیمتیازیان ده‌ده‌ینێ، كه‌چی به‌فشه هه‌یكه‌لی خانوو ده‌كه‌ن و ناچنه ناوی. ئه‌وانه داخیان خستۆته دڵمه‌وه))).

دووری به‌عسییه‌و به‌عسیش سه‌به‌بكاری سه‌ره‌كی ته‌عریبه له كه‌ركوك و ته‌بعیس له كوردستان و دیكتاتۆری له ته‌واوی عیراقدا. حه‌یفێ ئه‌مڕۆ ته‌عریب به جۆرێكی تر له‌سه‌ر كه‌لتووری دووری درێژه بكێشێ و عیراقی كۆن و نوێ وا تێكه‌ڵ ببێت به لابردنی ئیمزا نه‌زانرێت كامه قسه‌ی دووری و كامه قسه‌ی "نیو شۆڤێنییه‌كانه"؟.

٢٠١٢/١/١٠

# با هەڤاڵانی یەکێتیی ئیشتراك بکەن لە کوردستانی نوێدا

سبەی یادی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە، یادێکە پیرۆزی خوێنەران و پیرۆزی هەڤاڵانی یەکێتیشە، چونکە ئەم ڕۆژنامەیە هەمیشە لەسەر دوو دینگەی خاوەنداریێتی یەکێتی و یەکێتییەکان لە لایەک و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش لە لایەکی تر دامەزراوە، بەوان سەربەرز و بۆ خزمەتی ئەوانیش هاتۆتە کایەوە.

ئێمە چیمان لە خوێنەران و کۆمەڵانی خەڵک دەوێت؟ ئەوەمان دەوێت ڕۆژنامەکەی خۆیان وەک هەمیشە لە باوەش بگرن و هانمان بدەن لەم بازاڕە قەرەباڵەغەی ڕۆژنامەوانییدا هەمیشە سەنگینی و ڕاستگۆیی خۆمان بپارێزین و لە ژێر هیچ پاڵە پەستۆیەکدا لە دەستی نەدەین. بەمەش کوردستانی نوێ ڕەواجی زیاتری دەبێت و دەتوانێت خزمەتی زیاتریش بکات.

ئەی چیمان لە هەڤاڵانی یەکێتی دەوێت؟ چیمان لە یەکێتییە دڵسۆزەکان گەرەکە کە توێژی هەرە خوێندەواری نێوەندی سیاسیی و ڕۆشنبیریی کوردستانن؟

ئێمە ئیشتراکمان لە یەکێتییەکان دەوێت! دەخوازین هەموو خوێندەوارەکانی یەکێتی هەم وەک ئەرکێکی هەڤاڵانە و هەم وەکو ئەرکێکی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی ئابوونە لە کوردستانی نوێ بکەنەوە و ئارەزوومەندانە پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی ڕۆژنامەی حزبەکەی خۆیان بن.

بە گوێرەی وردترین ئامار ژمارەی ئەندامانی یەکێتی خۆی لە قەرەی (٤٠٠) چوارسەد هەزار ئەندام دەدات، با جەماوەر و دۆستی یەکێتییش بۆ تەنگانە بمێنن. ئەم ژمارە تێکۆشەرە حەریفە ئەگەر نیوەشی خوێندەوار بێت و لەم نیوەیە نیوەیان خۆرسکانە ئابوونەی کوردستانی نوێ بدەن مانای وایە ئێمە دەتوانین تیراژی ڕۆژنامەکە بکەینە (١٠٠) هەزار دانە.بڵێین ئەمە خەونە و لە

نیوەیدا بگیرسێینەوە، لەسەر پەنجا هەزار ئیشتراک. بۆ نا؟
ئەمە چی بە دوای خۆیدا دێنێت؟ ریکلام و ئاگاداری زیاتر لەوەی ئێستا و ئەرکێکی گەورەتری خزمەتیش دەخاتە ئەستۆی (کوردستانی نوێ) کە ناچار بێت سەد قاتی ئێستا خۆی رێکبخات و باشتر ببێت و دوا جار ئەرکی قورسی تەمویل و داراییش لە کۆڵ یەکێتی دەکاتەوەو دەکرێ لە بوارێکی تردا خەرج بکرێت.
چیتر؟ هێشتا بیرۆکەمان ماوە، ئەگەر هەر کۆمیتە و مەڵبەندێکی یەکێتی لەلایەن خۆیەوە ببێتە نووسینگەیەکی خۆبەخش کە هاوکاری کوردستانی بکەن، کێشە و گرفتی کۆمەڵانی خەڵک لە سنووری خۆیان بنێرن و لەکوردستانی نوێ بڵاوبێتەوە، ئایا بەمە کوردستانی نوێ نابێتە گەورەترین رۆژنامەی میللی سەرتاسەریی کوردستان وەکو هەموومان ئاواتی بۆ دەخوازین؟ ئایا بەمەش مەڵبەند و کۆمیتەکانی یەکێتی نابنە ئاوێنەی راستەقینەی گەیاندنی کێشەکانی خەڵک بە میدیا.
هەڤاڵان با ناوی خوای لێ بنێین و یادی ٢١ ساڵە بکەینە بۆنەی گەورەترین هەڵمەتی ئابوونەکردن لە رۆژنامەی کۆمەڵانی خەڵکدا.

٢٠١٢/١/١١

# سیمناری کورد له کەناڵی جەزیرە

سەنتەری لێکۆڵینەوەی جەزیرە سەر بەتۆڕی کەناڵی جەزیرە دوو ڕۆژی بۆ سیمناری مەسەلەی کورد تەرخان کردووە. دوێنێ (جەزیرە - موباشر) بەشێکی دانیشتنی ڕۆژی یەکەمی پەخش کردو بێگومان وەک نەریت دوایی سەرجەم دانیشتنەکانی پەخش دەکەن و وەک هەموو بەرهەمەکانی سەنتەرەکە دەکرێتە کتێبێکی بەڵگەنامەییش.

ڕەنگە ئەو پرسیارە تەقلیدی بێت کە بۆچی جەزیرە دوو ڕۆژ بۆ مەسەلەی کورد تەرخان دەکات؟ هەمووشمان جەزیرەمان وا ناسیووەو کاردانەوەشمان بەرامبەر جەزیرە وا بینیووە کە هەموو ئەگەرێک هەڵبگرێت. ئەگەری ئەوە مەبەستێکی خراپیان هەبێ و ئەگەرێکی تریش نەخێر مەسەلەی کورد ڕووداوێکی گەورەیە لەناوچەکەو هەر کەناڵێکی سەنگینیش بخوازێت ئەرکی میدیایی خۆی جێبەجێ بکات دەبێت ڕووماڵی ئەم مەسەلەیە بکات و مشوری وردەکارییەکانی بخوات.

بەو دیـوەدا ئەم هەنگاوەی جەزیرە ئیجابییەو دەستخۆشی هەڵدەگرێت. جاران خوا خوامان بوو رادیۆیەک، ڕۆژنامەیەک ناومان بێنێت با تەنانەت قسەشمان پێ بڵێت، ئێستا کەناڵێک دوو ڕۆژ بۆ مەسەلەکەمان تەرخان بکات و ئەفەندی و لێکۆڵیاری عەرەب و کـورد لەپایەتەختێکی عەرەبی کۆبکاتەوەو لایەنەکانی کوردو کوردستانێتی تاوتوێ بکات بۆچی خراپە؟ بۆ بەڵگەی ئەوە نەبێت ئیتر ئەم مەسەلەیە پێگەیشتووەو عەرەب و ڕۆم و عەجەمیش بیری لێ دەکەنەوە. داگیرکەرانی بێگانەو ناوچەیی سەدەی بیستەمیان بەچەوساندنەوەی کورد بەسەر بردو ئێستا لەسەروبەندی سەدساڵەی سایکس-بیکۆدا پێداچوونەوە بەو تۆمارە خەمناکەدا بکەن دەبێ پێمان خۆش بێت و خۆشمان ئامادەبین تا ئەگەر تەگبیری تر بۆ ناوچەکە کرا قسەی ئێمەشی تێدابێت و نەهێڵین بێ کورد لەسەر

نەخشەی نوێ بگیرسێتەوە.
دانیشتنی یەکەم قسەی باش و هی بێ تامیشی تێدا کراو هەموو دیالۆگێکی فرە ئاراستەش هەروایە. رەنگی باوی گفتوگۆکان زاڵبوونی هەناسەی ئیسلامیی بوو، بەڵام رەوتی نەتەوەیی کوردی و هی عەرەبیش قسەیان تێدا هەبوو.
ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە لەسیاسەتی میدیایی جەزیرە کە هەوڵ دەدات داشی ئیسلامییەکان سوار بکات و دەرکەوتەکانی بەهاری عەرەبی، روو لەبەهاری ئیسلامیش، چێژی جەزیرەی لەسەر ئەو سیاسەتە نەوسنتر کردووە.
عەرەب، کە جەزیرە کەناڵی ئەوانە، لە دوو وڵاتی عیراق و سوریا پەیوەندارن بەمەسەلەی کـوردەوەو سیاسەتی ئیسلامیی جەزیرەش هەقی ئەوەی دەداتێ لەسەر کورد لەئێران و تورانیش قسە بکات، بۆیە لەکۆی باسەکەدا دەتوانین بڵێین جەزیرە خێری بنووسێت کە ئەم دەرگایەی کردەوە. با ئەوانی تریش چاوی لێ بکەن، با کورد خۆشی بە دڵی خۆی، سیمینار بۆ مەسەلەکەی خۆی بکات، خۆ لەکەناڵمان کەم نییە.

٢٠١٢/١/١٤

# کەیسی سێ ژن،
# کەیسی نەتەوە؟

تیرۆرکردنی سێ ژنە تێکۆشەری کورد لە سەر کێ حیساب دەبێت؟ لەسەر گۆڕەپانی تیرۆرەکە؟ لە سەر یەک لە دوولایەنی ململانێی سیاسی، یان لەسەر هێزی پەنهانی وا کە حەز بەدەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی ناکەن؟

بەئەندازەی ترسێک کە بۆ پەککەوتنی پڕۆسەی ئاشتی هەیە دەرەنجامی ئەم تیرۆرە، ترسێکی دوو قاتیش هەیە کەپڕۆسەی ئاشتی خوێنی ئەم سێ ژنە بەهەدەر بدات. یانی لەپیلانێکی بێدەنگیدا جێ پەنجەی تاوان بشاردرێتەوە گوایە بۆ ئەوەی رێڕەوی ئاشتی نەشەمزێ.

بەڵێ وایە ئاشتی گرنگە، وایە کەکۆتایی هاتنی ململانێیەک دەیان هەزار کوژراوو برینداری لێ کەوتۆتەوەو کەوتنەسەر شەمەندۆفەری کێشەیەک چەندین دەیەیە خەبات بۆ چارەسەرکردنی دەکرێت گەلێک گرنگە، بەڵام بەڕاستی خوێنی سووری سێ ژنە تێکۆشەری کوردیش ئاوی سەبیل نییە هەروا رێی رێبواران ئاوپرژێن بکات.

جاران ئەوروپا پەناگە بوو بۆ تێکۆشەرانی رێی ئازادی، بەتایبەتی بۆ تێکۆشەرانی کورد کەناوچەکە خۆشی پێیان نایە، وا ئەم دەورانەش دەبینین کە بڵێین ئەوروپاش کە لانکی ئازادی و قانونپارێزییە لەحاندی مرۆڤی کورددا بێ خەم و خوێن ساردە. بەتایبەتی ئەگەر دۆسێی ئەو مرۆڤە کوردە پەیوەستی خەباتی سیاسیی نەتەوایەتی بێت بێ رەچاوکردنی ئەوەی لە چ بنەچەیەکی حزبییەوە هاتووە.

ئەنگێزەی ئاوارەیی و دەربەدەری ئەو سێ خانمەی لەتەمەنیشدا نوێنەرایەتی دوو نەوە لەتێکۆشانی سیاسیی دەکەن، مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بووە. شەرت بێ ئەگەر دۆسێکەیان هی نەتەوایەتی نەبووایە ئێستا لەڕۆژئاوا سەدان کەمپینیان بۆ دەکردن و رووبارێک فرمێسکی تیمساحییان بۆ هەڵدەڕشتن.

بێگومان هێشتا زووە حوکم لەسەر لایەنی بکوژ بدرێت، یان تەنانەت رەخنە لە فەرەنساش بگیرێت کە پایتەختەکەی شانۆی تاوانەکە بوو، بەڵام سابقەی کورد کوشتن و نەپرسینەوە لەبکوژەکان دڵەخورپێی لەدڵی هەموو کوردێک دروست کردووە.لەوەش گرنگتر شەهیدکردنی ئەم سێ خوشکە بەروومەتە دەبێ وێستگەیەک بێت بۆ تێرامان و بیرکردنەوە لەپێگەی قانوونی و مەعنەوی رەوەندی تێکۆشەرانی کوردستانیی لەئەوروپا. یانی ئێمە لـەدەرەوە ئاوا بێکەسین وەک بێکەسیمان لەناوچەی گڕگرتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ یانی تێکۆشانی سیاسیی سێ ژنی ئازاو ئازادی کورد سەنگ و دەنگ بۆ کورد لەپاریس دروست ناکەن کە لەتەنهاییدا زەفەریان پێ نەبەن؟

ئایا لەئەوروپا کێشەی کورد چۆن دەناسن و چۆن سەیری تێکۆشانی خانمانی کورد دەکەن؟ خانمانێک بۆ مەسەلەی نەتەوەکەیان تێدەکۆشن بێ ئەوەی، بەڕاشکاوی بیڵێین، ئەوەیان زامن کردبێت سبەی لەسایەی نەتەوەی سەرفرازو وڵاتی رزگاری خۆیاندا مافەکانیان دابین کرابێت وەکو ژن کە شایانی یەکسانی و دادپەروەرین.

نەتەوەی کورد لەچی ئاستێکی پێگەیین و دامەزراوەیی دایە تابتوانێت خاوەنداریێتی لەکەیسی سێ ژنی ئازادیخوازو نەتەوەخوازی خۆی بکات؟

ئەم کەیسە تەنها کەیسێک نییە بۆ پاریس یان بۆ تورک و PKK، ئەمە کەیسی تاقیکردنەوەیە بۆ نەتەوەش.

**٢٠١٢/١/١٥**

# هەفتەی تیرۆر

ئەم هەفتەیە لە پاریس و لە فەللوجە دوو رووداوی تیرۆری سیاسیی قەومان کە هەردووکیان هەژێنەر و ناخۆشن.

ڕاستیتان دەوێت تیرۆر هەر ناخۆشە، تیرۆری سیاسیی کە کارەکتەری سیاسیی دەنگێوێ ناخۆشتریشە، چونکە هەورەکەی ئاسمانی سیاسەتی زیندووش دەگرێتەوە. ئەگەر ئەو تیرۆرەش بە چەندین ڕایەڵەو پەیوەستی جوگرافیای سیاسیی ئێمەش بێت ئەوا هەر زۆر زۆر ناخۆشە.

ئێمە کوردستانیین و مەسەلەی کوردستان پەیوەنداری هەرێمە فیدراڵییەکەمانە و قووڵایی ستراتیژییش لە لێقەومان و لەدانی نرخی سیاسیشدا قەدەرێکە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین با تەنانەت ئەم ویستە سروشتییە لە ناو سەد ڕستەی دیپلۆماسیی پێچاوپێچدا بشارینەوە. لەبەر ئەوە خەمبارین بە تیرۆرکردنی سێ ژنە هەڵسوڕاوی سیاسیی کورد( سەکینە جانسز، لەیلا سۆیلەمز، فیدان دۆغان) با لە پاریس کوژرا بن و با لە حزبەکانی باشوور نەبن و حەیسیاتی کەیسەکەش روون نەکرابێتەوە.

هەروەها ئێمە عیراقیشین و چارەنووسی پرۆسەی سیاسیی عیراق و زۆرانبازی نێوان ئاراستە سیاسییەکانی وڵات لەسەرمان کارییە، با وەک سەربەخۆش دەربکەوین، بۆیە تیرۆرکردنی پەرلەمانتارێکی لیستی عیراقییە، عیفان ئەلعیساوی، کە نوێنەرایەتی فەللوجە دەکات، وەک ئەوە وایە قەتڵێک لەبەرماڵمان رووبدات، کوژراو دە دەقیقە پێش ئێمە هاتبێتە بەر دەرگا و بە رێکەوت ئێمە بەرنەکەوتبین.

دەیان ساڵە بە کوردی کوردستان دەگوترێت خەباتی سیاسیی و دیپلۆماسی بکەن بۆ ئەوەی بەرهەمی هەبێت، واکرا کەچی لە گەرمەی رەوتی ئاشتیدا سێ هەڵسوڕاو تیرۆر دەکرێن.

چەند ساڵی دوای سەدام فەللوجە وەک پایتەختی یاخیبوونی سوننە لە حکومەت تەوەللایە تا قەناعەتیان هات بێنە ناو کەینوبەینی سیاسییەوەو دەستوپەنجە لەگەڵ خەباتی پەرلەمانی و دیموکراسی نەرم بکەن و

سەرەنجام هاتن. نوێنەریان لە پەرلەمان هەیەو حزوریان لەسیاسەتدا مەعلومی گشتی عالەمە. تەنانەت کە هەستیان بە زوڵمکرد تا ئێستا بە خەباتی جەماوەری و خۆپیشاندان لە کایەکە ماونەتەوە.

ئێمە پەیوەندداری هەردوو رووداوین لە دەورانێکدا هێشتا تیرۆری سیاسیی وەک بژارەیەک بۆ لێدان و بردنەوەی سیاسیی برەوی هەیە.

٢٠١٢/١/١٦

# یەکێتی مەسەلەی کورد

یەکێک لەنیشانەکانی گۆڕانکاری سیاسی گەورە لە ناوچەکە ئەوەیە نەتەوە سەردەستەکان خۆیان لەسەر کوردو شوێنی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا قسە دەکەن. هیچ تابۆیەک نەماوە لە زهنیەتی دەستەبژێری رووناکبیری نەتەوە سەردەستەکاندا. باسی هەمووشتێکی کوردو کوردستان دەکەن و لەچیەتی مەسەلەی کوردو دیمەنی داهاتووی نەتەوایەتی کورد لەپاڵ نەتەوەکانی عەرەب و تورک و فارس دەپرسنەوە.

چەند رۆژێک پێش ئێستا دەستەیەک نووسەر و رووناکبیری کورد میوانی ڕاگەیاندنی یەکێتی بوون، قارداشەکان موراد بەڵگە و عومەر لاچینەر و ئەرکان تۆفان ئاماژەیان بەم دیاردەیە کرد و خۆشیان بە کراوەیی قسەیان هەبوو.

مەرج نییە وا تێبگەین هەرچی دەیڵێین لە قازانجی ئێمەیە یان هەر لەبەر ئەوەی باسی راستییە کوردییەکە دەکەن، واتای ئەوە بێت لایەنگری گێڕانەوەی کوردن بۆ رووداوەکانی ناوچەکەو چۆنێتی گێرسانەوەی لە سەر شێوەی ئێستای کە شێوەیەکە بەدڵی کورد نییە، ئەوی گرنگە نەمانی تابۆیە لە باسوخواسەکانیاندا.

رۆژنامەکانی بەغداش، ئەوی دەوڵەتییە و ئەوی بێ خاوەنی سیاسی یان سێبەری رەوشە سیاسییەکانن ، بوێری دەدەنە بەر خۆیان ناسنامە و داخوازی کورد تاوتوێ دەکەن و واقیعی بەرجەستەی دابەش و زوڵملێکراوی کورد دێننە زمان.

وەک چەند رۆژێک پێش ئێستاش نووسیبووم کەناڵی جەزیرە کە رۆڵی لە هەراشبوونی زهنیەتی میللی عەرەب هەیە دەستپێشخەری کرد و کۆڕبەندی بۆ مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بەست.

لە ڕۆژنامەکانی تورکیاش هەر مەپرسە لە سەر چی و چی قسە دەکەن. ئەو پێشبینییەی پێی وابوو تا مەسەلەی کورد لە تورکیا نەبزوێ چارەسەری گشتی پرسی کورد کامڵ نابێت، پێشبینی هەڤاڵ مام جەلال بوو، وەراست

کەوتەوە. وەک مەسەلەکە بزوا ئێستا لە پایتەختی ئەو وڵاتەی نکۆڵی لە بەشێکی بەندەکانی خوا بەناوی کوردەوە دەکرد میدیاکان، رای گشتی تورک بۆ قبوڵکردنی راستییە کوردییەکە ئامادە دەکەن.

چەندین دەیەیە ئەدەبیاتی کوردایەتی کە گفتوگۆی رەهەندەکانی مەسەلەی کورد دەکات دەڵێت: مەسەلەی کورد لە یەک کاتدا یەک مەسەلە و چوار مەسەلەشە، ئەمەش وەک تەئکیدکردنەوە لە وەک یەکی مەسەلەی کوردو تایبەتمەندێتی هەر بەشێکێتی. ئێشتا رۆژنامەیەکی وەکو حورییەت دەیلی نیوز دەڵێ حکومەتەکانی ناوچەکە هێشتا لە پرسی کورددا یەکن. ناونیشانی وتارەکەی فیردا ئوزیر لە (حوریەت) کەمەندکێشە ((سەیرکردنی کورد لە ناوچەکە وەک یەک جەستە)) دەیەوێت پێمان بڵێت پرسی کورد پێکەوە گرێدراوە و چەند کورد لێکی بکەن لە دیدی ناوچەکەوە یەک پرسە. وتار دەڵێ ((چاوی مرۆڤ لە یەکەم نیگادا شتەکان بە تێکڕایی دەبینێت پێش ئەوەی لە وردەکارییەکەی رابمێنێت. ئەم شتە سەبارەت بە روانین بۆ کوردی ناوچەکەش ڕاستە)لەبەر ئەم راستییە هەموو لایەک کەوتوونەتە خۆ بۆ ئەگەری جێکردنەوەی کورد لە دیمەنە گشتییەکەدا داخۆ چۆن لەگەڵ ئەم ئەگەرەدا بەرخورد بکەن.

ئەی کورد خۆی چی دەڵێت؟

٢٠١٢/١/١٧

# کەرکوك و خورماتوو

ئامانجی سیاسیی لەپشت تەقینەوەکانی کەرکوک و خورماتووەوە چییە؟ وەڵامە ئاسانەکە ئەوەیە کەبڵێین تیرۆر کوێرە، نە نەتەوە دەزانێ و نە ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو. یان ڕاستر وایە بڵێین ئامانجی سیاسیش هەبێت ئەوا لەکۆی کردەوە تیرۆریستییەکاندا خۆی حەشار داوە نەک تەنها لە یەک کـردەوەدا. واتا دەشێ عاقیبەتی زنجیرەیەک تەقینەوە لەشوێن و کاتی جیاوازدا دەرەنجامێکی سیاسی بۆ ئەوان دابین دەکات.

بەڵام تیرۆریستەکان خۆیان کێن؟ هەر ئەو بەشە لەقاعیدەو گروپە توندڕەوەکانن کە تەبەنی هەموو کردەوە تیرۆریستییەکان دەکەن؟ یان ئەوانەی ئەم کردەوانە دەکەن بەعسییە کۆنەکان و شۆڤێنییەکانن و تۆڕی پەیوەندیی جەهەننەمی لەگەڵ قاعیدە پێکەوەیان گرێدەدات؟

بەڵام ئێستا شتێکی ئاڵۆزتر پەیدا بووە، لەهەلومەرجێکدا کە لەچەند پەنجەرەوە فەزای سیاسی دژی کورد هاندەدرێت داخۆ دەبێ تایتڵی شۆڤێنییەکان کێ بگرێتەوە؟

ئەمانە هەمووی پرسیارن و مەگەر لێکۆڵینەوەی کەیسەکان یەکلایی بکاتەوە. جا لەبەرئەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی تیرۆر پێکەوەن و دۆزینەوەی یەکێکیان دەزووی دۆزینەوەی ئەوی تری پێوە گرێدراوە، بۆیە زەحمەتە وەک هەر تاوانێکی تر چاوەڕێ بین تەواوی چیرۆکی هەریەک لەوێستگەکانی تیرۆر، بەتایبەتی لەکەرکوک، بزانین.

دەزگـا ئەمنییەکان قسەی خۆیان هەیە، بۆ نموونە چەند تەقینەوە کراون رەنگە دەیانی تر پووچەڵکرابنەوەو لەبەرئەوەی کەپووچەڵکراونەتەوە ئیتر وەک کردەوە ناژمێردرێن.

کوردستانیش و بەغداش قسەیان هەیە کەدرزو کەلێنی ئەمنی لەکوێوە دروست دەبن. فرەیی لەکەرکوک کە لەشێنەییدا دەوڵەمەندییە دەشێ لەتەنگانەدا دەرفەتی درز بدات. یاخود لەناوخۆدا فەزای

نارەزایی بەشی ئەوەی تێدایە گەرا بۆ تیرۆر دابنێت و تیرۆریستان ئەوەندەی پێویستیانە هاوکاری لەژینگەی محەلی وەربگرن کەمەرج نییە هەموو جارێک ئەو هاوکارییە پاڵپشتی بێت، بەڵکو هەندێک جار بێ پەروا بوون و تەوەللا بوون لەپرۆسەی سیاسی وا لەگروپێک دەکات دڵی بەرەوشی ئەمنی شارەکە خۆش نەبێ و خاوەنداریێتی لێ نەکات.

لەوانەیە لەو درزەوە ئیرهاب گورزی خۆی بووەشێنێت.

زەحمەتە بەمزووانە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەستبکەون، بەڵام ئەوی زەحمەت نییە کە ببینرێت و بناسرێت ئەوەیە هاووڵاتیان، لەهەموو پێکهاتەکان، هەمووجار نرخی خوێن و فرمێسک دەدەن و ئومێدیان بەوەیە ئەم نرخە بایی ئەوە بێت رۆژێک چارەنووسی کەرکوک یەکلایی ببێتەوەو قۆناغی ئینتیقالی لەوێ لەمیوانەوە نەبێتە خاوەن ماڵێکی رەزاگران.

لەرۆژی ئومێدی وادا زانینی چیرۆکی تیرۆرەکان و سزادانی بکەران ئاسوودەیی بەقوربانییان و کەسوکاریان دەبەخشێ.

٢٠١٢/١/١٨

# راستکردنەوەی حوکمڕانی

دەستەی یەکەمی دەستگیراوەکانی سوننە لەعیراق ئازادکران و چوونەوە ماڵی خۆیان. جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراق حسێن شەهرستانی بەناوی دەوڵەتی عیراقەوە داوای لێبوردنی لێکردن و سەرو قورئانێکی پیرۆزی خەڵاتکردن. هەروەک رۆژنامەی رەسمی دەوڵەت سەباح لەلاپەرەی یەکەمیدا نووسیویەتی.

تائێرە پرۆسەکە ئیجابییە و شایانی دەستخۆشییە کەدەوڵەت بێتاوان بەردا و بەناوی رەسمیشەوە داوای لێبوردنییان لێ بکات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارکردن لەهەواڵی وادا تەنها پرسیار نییە بۆ وروژاندنی رۆژنامەوانیی، بەڵکو دەست دەدات بۆ ئەوەی بیکەینە پرۆڤە بۆ پـڕۆژەی "راستکردنەوەی رێـڕەوی حوکمڕانی لەعیراق". هەروەک سەرکردایەتی یەکێتی وپارتی داوای دەکەن.

سەباح نووسیویەتی جێگری سەرۆک وەزیران دەزگا ئەمنییەکانی راسپارد پەلە نەکەن لەگرتنی خەڵک، بەڵکو تاوانبارانی ڕاستەقینە بگرن کەتاوانیان دەرهەق بەگەلی عیراق کردووە.

پرسیار لێرەوە دێت: جێگری سەرۆک وەزیران راسپاردە دەدات یان دەشتوانێ لێپرسینەوەش بکات ؟ ئیجرائات لەحاڵەتی وادا دەبێ چۆن بێت کە لەرێی بەهەڵە گرتنی کۆمەڵێک کەسەوە لەبەها و بایەخی دەستگیرکردنی تیرۆریست و تاوانبارانی راستەقینەش کەم دەبێتەوە؟

لەیەک وەجبەدا، دیسان وەک سەباح نووسیویەتی، (٣٣٥) کەس کەیسەکانیان وەک بێتاوان یەکلایی بۆتەوە، تیایاندا هەیە لەوانەش ناوی مەهدی ساڵح (تەمەن ٤٢ ساڵ) دێت کە (٤) ساڵە گیراوە و تازە بەر دەبێت. باشە ٤ ساڵ نەتوانرێت کەیسێک یەکلایی بکرێتەوە نیشانەی ئەوە نییە کەدەبێ (ڕاستکردنەوەی حوکمڕانی) هەر ئێستا دەستی پێبکرێت؟

ئەگەر ئەوانە لەسەر ناهەق گیراون نەدەبوا لەچوار رۆژ زیاتر بمێننەوە و ئەگەریش لەسەر ئیرهاب گیراون هەق نییە چوار سەد ساڵی تریش بەر

بدرێن.

کێ بڕیار لەسەر گرتن و کێش بڕیار لەسەر ئازادکردن دەدات؟ ئەگەر بێتاوان لەقەرەباڵەغی گەڕان بەدوای تاوانباردا بگیرێت، داخۆ پاش چوارساڵ نابێتە پڕۆژەی قین هەڵگرتن لەدەوڵەت و لەپڕۆسەی سیاسیی؟ جا ئیتر با دوایی تاوانباری راستەقینەش هەر بگیرێت کەسەرەنجام چوار ساڵ زیندانی هەوێنی دروستبوونی تەوەللابوونی تر بێت لەدوڵەت.

شەهرستانی خۆی قوربانییەکی زیندانییە لەزەمانی سەددامدا، دەزانێ ئازاری زیندانکردنی بێتاوان چەند ناخۆشە. ئەم جۆرە کەیسە بچووکانە دەوڵەتان دێننە لەرزە.

**٢٠١٢/١/٢٠**

# لەکەنداو کردیانە هەڵڵا، لەسوریا دەچەقن

هێشتا حوکمڕانی ئیخوانەکان لەمیسرو تونس جێگیر نەبوو، لەخەلیج لێیان کەوتنە تەقە. ئەمەش مانای وایە تەقە لەسوریا ماوەیەکی زۆرتر دەخایەنێت و دوور نییە لێکترازانی پارەو ئایدیۆلۆژیا (هاوپەیمانێتی کەنداو و ئیخوان) لەشوێنێکدا پەکی بکەوێت و ئاڕاستەی پێچەوانەی خۆی دەست پێ بکات.

سعودییە قۆناغی رۆمانسی پێکهاتن، لەوەرزێکی حەجدا، پێشوازی لە حەسەن بەننا کرد، مورشیدی ئیخوان شتێک زیاتر لەوێ وەعزیداو قسەی کرد. دەسەڵاتی پادشایی سعودیە لێی زویر بوون، لەو رۆژەوە ئەو پەیوەندییە کەنداوییە ئیخوانییە سازگار و ناسازە.

سازگارە: وەختێک ئیخوانەکان دەبنە مایەی کزکردنی لیبرال و دیموکراتەکان لەدونیای عەرەبدا تا ڕادەی گەیشتنە کورسی لە ماجەرای بەهاری عەرەبیدا.

ناسازە: وەختێک رۆنی رژاو لە درزی دەرگاوە دێتە بەر هەیوان و ژووری تایبەتیش. کەنداو دەڵێت وڵاتانی خۆم (داری سەلام) و ئەوانی تر (داری حەرب)ن، بۆیە هاوکاری ئیخوانم لە داری حەرب و لە داری سەلام خۆم ئیسلامم، ئیتر بۆ ئیسلامیی سەحراوی خۆرسکانە بە ئیسلامی ئیخوانی بگۆڕمەوە؟

ئیخوان بە ئاشکرا حاشا لە ڕۆنی رژاو دەکات و لە دڵەوەش پێی خۆشە ئەم قەڵای کەنداوە کە بە فەزڵی ئەوان چەندین دەیەیە لە هەڕەشەی دیموکراسی و لیبرالیزم و چەپ و ناسیۆنالیزمی مۆدێرن پارێزراوە بکەوێت و زێڕو زیوی حەشاردراوی نێو خشتەکانی بکەوێتە کۆشی ئیخوانەوە تا لە جیهاد بۆ ئەو وڵاتانەی هەژار و داماون بخرێتەگەڕ.

ئەم سامانی کەنداوە ئەوەندەی لێی خەرج دەکرێت سەد ئەوەندەش خەوی پێوە دەبینرێت. سەدام، عەلی باباکەی بەغدا، بەو خەونەوە چووە ئەشکەوتی خەزێنەی کەنداوەوە تا سەری تیاچوو، فەتح لەو کانیاوەی

خوارد کە سیحری ئاوە سوێرەکەی لە دڵدا کارییە، بەڵام تێرت ناکات، بۆیە کە سەدام چووە کوێت جیهادی فەلەستینی تەماعی زیاتری کرد دواجار نرخەکەی دەستی کاری هەرزانی فەلەستینی لە کەنداو دایان.

ئەمریکاو رۆژئاواش تەماعیان چووە تراویلکەی سامانی کەنداو، دوایی دەرکەوت هیچ گوڵێک بێ درِک نییەو هیچ نەوتێک بێ بن لادن و قاعیدە یەک قوڵپی قازانج نادات. یانزەی سێپتەمبەر شاهیدی قەولی فەسیحە.

جاران دەنگێکی کز هەبوو گوایە ف.ئە.لەنین لە ناکاو ، لەئەڵمانیاوە، خۆی کرد بە شۆڕشی بورژوای روسیاداو بەرەو سۆڤێتاتی پرۆلیتاریا ملی پێوە نا (ساڵی ١٩١٧)، ئێستا فیلمی دیکۆمنتاری زۆر و زەوەند لەسەر ئەو باسوخواسە دەکرێت، بەڵام گەڕانەوەی لەنین بە شەمەندۆفەرێکی ئەڵمانی رێی لەوە نەگرت دوو ساڵ دوای ئەوە (ساڵی ١٩١٩) رۆزا لۆکسمبۆرگ و هاورێکانی لە حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا وەک لەنین شۆڕشی پرۆلیتاریایان تاقی بکەنەوە.

لە جەنگی جیهانی دووەمدا حکومەتی پرۆلیتاریا تۆڵەی بەرودوای لە ئەڵمانیای خاوەنی شەمەندۆفەرەکە کردەوەو ستالین قاژی کردن و بەرلینی کردە پایتەختی (پرۆلیتاریای ئەڵمانیا).

لە بەهاری عەرەبیدا کەنداو دەیان بانگخوازی ناردەوە تا دەست بە سەر دیمەنی کۆتایی شۆڕشی گەنجاندا بگرن و بیخەنە کۆشی "پرۆلیتاریا"ی ئیخوانەوە. ئەمە سەری گرت. ئێستا شەمەندۆفەرەکە ملی رێی پێچەوانەی گرتووەو رووی لە کەنداوە.

بێگومان سەحرای عەرەبی خاکی بە پیتی ئامادەیە بۆ ئیخوان. کەنداو ئۆکسفۆردو ئەزهەرێکی نییە، کەنداو بورجی بەرزو نەوتی رژاوی هەیە. نەوتی رژاو و رۆنی دزەپێکراو کە تێکەڵ بن وەک تێکەڵبوونی دۆو دۆشاوە، هەموو شتێک بەسەر یەکدا دەدەن. بۆیە لە غیابی مەنزومەیەکی فیکری پتەودا بەرخودان لەهەمبەر ئیخوان لە دەزگای پۆلیسی دوبەیەوە دێت.

ئەوی کردمان شرۆڤەیەکی چەپگەرایی نەبوو بۆ ئەم زۆرانبازییە

تازەیە. ئەمە بەراورد بوو لە نێوان رەوتی بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیا لەدوو دەورانی لێک جیا. مادام هەر وا هاتین با هیلالی بەراوردەکە تەواو بکەین:

هەموو شەپۆلێکی بەتین زۆر دەڕواو زۆر دەخوا تا بەربەستی بۆ دادەنرێت و لە شوێنێک دەگیرسێتەوە، کە (کوبا) زللەی لە بنا گوێی ئەمریکا دا، قەڵای سەرمایەداری وەئاگاهاتەوە، ئیتر چەپەکان چەند لە پۆلیڤیاو نیکاراگوا و مەکسیک هەوڵیاندا نەیانتوانی (کوبا) یەکی تر بخولقێنن کە خالیس هی خۆیان بێت. ئەمی لە فەنزویلاو مەکسیک و بەرازیل و پاراگوای دەقەومێت تەقەلایەو قەد وەک (کوبا) جێگیر نابێت.

جا وەختێک ئیخوانەکان (کوبا)ی خۆیان لە میسرو تونس دامەزراند کەنداو وەئاگاهاتۆتەوە. تازە بەتازە پەنجەی پەشیمانی دەگەزن.

لەم کەینوبەینەدا (سوریا) وەک پۆلیڤیای لێدێت، نرخی ئەم وەئاگاهاتنەوەیە دەدات و ئیخوان لەوێ دەچەقن، والله اعلم.

**٢٠١٢/١/٢١**

# دەرمانی دەردەکەی عیراق

چۆن لەتەنگژەی عیراق تێدەگەین، هەر دەبێ لەوێوە چارەسەری بکەین. تێگەیشتنی گشتی لەسەر دەردی وڵات چۆنە، دەبـێ بەو تێگەیشتنەوە دەرمانی بکەین.

ئەگەر پێمان وایە ئەم رەوشە (ئەنجام)ـە چارەسەرەکە جیاوازەو ئەگەر وای دەبینین ئەم رەوشە (سەرەتا)یە چارەسەر جۆرێکی ترە.

(سەرەتا)ی تەنگژەکە بەوە چارەسەر دەبێت کە بەری پێ بگرین تا هەونەکا و لە قەبارەی خۆی گەورەتر نەبێت.

بەڵام ئەگەر ئەم رەوشە ((ئەنجام))ی کۆمەڵێک تەنگژەو گرێی تر بێت ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا، بۆ هۆکار یان هۆکار گەلێک رەوشەکەیان بەم (ئەنجامە)، بەم رۆژە گەیاند.

با لە گەورەکان گەڕێین، منداڵی ژیر کە یاری بە میکانۆ دەکات و تەلارێک لەسەر نەخشەیەک دروست دەکات. تەلارەکە لە کوێ بچەقێ و لە نەخشە جیاواز بێت هەڵوێستە دەکات لەبەردەم دوو ئەگەردا:

ئەگەر بێ سەبر و حەوسەڵە بێت هەموو کەرتەکان بەسەریەکدا دەڕوخێنێ و نە تەلار دەهێڵێ و نە کۆشک دەمێنێ. ئەگەر جگە لە ژیریی سەبر و تاقەتی هەبێت کەرت کەرت میکانۆکە دەکاتەوەو لە کوێ هەڵەی بینی چاکی دەکات و جارێکی تر، بە پێی نەخشەکە، تەلار بەرز دەکاتەوە.

ئەگەر پێمان وایە عیراق تەلارێکی بەرزەو لە جێیەک خشت و بلۆکی بە هەڵە دانراوە با لەوێ دەستنیشانی بکەین، جارێکی تر تێهەڵچینەوەو بیناکە بەپێی نەخشەی بەردەستمان، کە لە حاڵەتی عیراقدا دەستووری پەسەند کراوە، تەواو بکەین. بەمە دەزانین هۆکاری تەنگژەکەی ئەمڕۆ بەردێکی عاسێ یان خشتێکی خراپ بڕاوەو دەشێ چاکی بکەینەوە. بەڵام ئەگەر کێشە لە بنچینەکە، لە بنتەمەڵەکەوە بێت کە هەرچی لێبکەیت ئەم نەخشە رێگایەت بە دەستەوە نەدات چارەسەر چییە؟

بەشێک لە عیراقییەکان، بەتایبەتی عیراقییە دەست رۆیشتووەکانی

حوکمڕانی، چونکە ناخوازن دەست لە (ئەنجام) بدەن کە خۆیان لەو ئەنجامە تەراویلکەیە سووندمەندن، لە هەمان کاتیشدا لەبەر کۆنینەیی تەنگژەی عیراق ناتوانن دەستنیشانی چەوتی بنتەمەڵەکە بکەن، بۆیە بە ناوقەدی عیراقەوە ئاڵاون، نە لێدەگەڕێن کەس (هۆکار)ـەکە دەست نیشان بکات و نە دەخوازن کەس (ئەنجام)ـەکە لەسەر ترۆپکی تەنگژە لابدات.

چونکە ئەو (ئەنجام)ـە با نەزیری بەسەر یەکدا کەوتنی عیراقیش بێت بۆ ئەوان لوتکەی ئاواتە کە خۆیان لە لوتکەکەی دانیشتوون. ئەوانە ناچنەوە بنتەمەڵەکە تا تەخت و نەرمانی بکەن بە چەشنێک بۆ بیناکردنی تەلارێکی شایان دەست بدات.

ناشیانەوێ کەس لە لوتکەوە کەرت بە کەرتی تەنگژەکە لابدات و بچنەوە شوێنی هەڵەکە. بۆیە دەخوازن نەخشەکە بدرِێنن، دەخوازن دەستوورەکە لەتوپەت کەن و تەلارەکە بەسەر بنتەمەڵەکەدا بڕوخێنن.

چۆن سەیری کێشەکە بکەیت چارەسەرییەکەت وا دێتەوە. کورت سەیری بکەیت چارەسەرییەکە کورتی دێنێت، قووڵ سەیری بکەیت چارەسەرییەکە یەکجاری و ستراتیژی دەبێت.

**٢٠١٢/١/٢٢**

# (هەیکەل)ەکەی تورکیا

هەندێک ناو هەیە جگە لە ناوبانگە گشتییەکەی وەکو تاکەکەسیش لە یادەوەری مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوە. جا یان پەیوەستن بە رووداو یان شوێنێکەوە. ناوی محەمەد عەلی بیراند لەو ناوانەیە، ئەمە لە دونیای وەسفی نزیکایەتیدا پێی دەگوترێت: وەک بڵێی دراوسێیماڵتان، یان وەک سلێمانی دەڵێن: کوڕی گەڕەگ بوو بێت.

بۆ یەکەمجار لە بەشی ناوخۆیی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر، بەرنامەیەکی سی و دووەمین رۆژم بینی. ئەو کاتە بەرنامەکە لە شۆتیڤییەوە پەخش دەکرا و ناوبانگی ئەو کەناڵە تورکییەش دونیای تازە داهاتووی سەتەلایتی داگرتبوو. بابەتی جێی سەرنجڕاکێشان بوو کە لە تورکیاوە، دوای چەندین دەیە نکۆڵی لە کورد بەرنامەیەک لەسەر مەسەلەی کورد پەخش بکرێت و هەڤاڵ مام جەلال-یش لەگەڵ چەند میوانی تورک و کوردی باکووردا میوانی بێت.

لەو یادەوەرییەوە چەندین جاریتر ئازایەتی بیراندمان بینی کە دەستی لە بابەتە قەدەغەکراوەکان دەدا، تەنانەت لە دەمی حکومەتە داخراوەکانی تانسوو چیللەر و مەسعود یەلماز و ئەجەویدیشدا هەر وابوو.

ئـەم بابەتانە ئـەوەنـدە لە قازانجی کوردایەتی و لە قازانجی دیموکراتیزەکردنی تورکیا بوون کە وەختێک مامۆستا عەبدوڵڵا بابەکر ئاغا پشدەری تەرجەمەی دەکردن بێ ترس و دڵەڕاوکێ دوو لاپەڕەی کوردستانی نوێمان بۆ تەرخان دەکرد کە ئەو

کاتە، سەرەتای نەوەدەکان دەڵێم، کۆی لاپەڕەکانی (٨) بوون.

کۆششی میدیایی بیراند دواتر وتار و نووسینی پشتیوانیشی تێکەوت. لە گەرمەی بێ هیوایی لە چارەسەری پرسی کورد و زاڵبوونی زمانی توندوتیژیدا دیسانەوە نووسینەکانی بیراند هی ئەوەبوون بێ خەم تەرجەمە بکرێن و وەک لە رۆژنامەکانی تورکیا بڵاودەبوونەوە، ئاوەهاش بۆ رۆژنامەکانی کوردستان دەست بدەن.

له ناوبانگ و توانادارى و دۆستايەتييدا رۆژێكيان سەرۆك مام جەلال لە پەخشى ڕاستەوخۆ پێى وت: ئێمە تۆ بە محەمەد حەسەنێن هەيكەلى توركيا دەزانين. هەر كەسێک ئاگاى لە كتێبخانەى مام جەلال و نووسەرە پەسەندكراوەكانى سەركۆمار بێت دەزانێ نازناوى هەيكەل بە هەموو كەسێک نادات.

لە هەموو وێستگەكانى بەرنامەى تيڤى و نووسينى غەزەتەدا بيراند هەرگيز بێ لايەنى و بابەتى بوونى لە دەست نەدەدا.

رەنگە هەبن بڵێن ئەى ئەوە نييە لايەندارى پرسى كورد بوو؟

ئاخر پرسى كورد هێندە رەوايە ئەوى لايەندارى بكات لايەندارى رەوايەتى و بابەتى بوونى كردووە و ئەوى بابەتيش بنووسێ و تێبفكرێت سەرئەنجام بە خۆى نەزانيووە بۆتە لايەندارى كورد.

بێ لـەوەش بيراند ئەم دۆستايەتييەى بۆ پرسى كورد وا بابەتى دەخستەڕوو كە تورك تێگەيشتنى بۆى هەبێ و باسوخواسەكانى جێى خۆيان لە نێوەندى سياسيى و ميديايى توركياشدا بكەنەوە، لە زەمانێكدا وەكو ئێستا نەبوو، نووسەرە دۆستەكانى كورد كەم بوون و پرسى كورديش وا گەشاوە نەبوو كە پارە بكا يان ناوبانگ بۆ باسكارانى دابين بكات.

ئێستا لە وەختێكدا خەم لە كۆچى ئەم (هەيكەل)ەى توركيا دەخۆين، جارێكى تر بۆمان روون دەبێتەوە ميديا و جوامێرەكانى نەتەوە سەردەستەكانى ناو كايەى ميديا چ رۆڵێک لە ناساندنى پرسى نەتەوە بندەستەكاندا دەگێڕن و سەرەنجام خزمەتى نەتەوەى بندەست و خزمەتى ديموكراسى وڵاتى خۆشيان دەكەن.

سڵاو لە هەيكەلەكەى تورك كە لە پشتيوانى كورددا فەزڵى بەسەر هەيكەلى عەرەبەوە هەيە.

**٢٠١٢/١/٢٣**

# ئۆپۆزسیۆن و حوکمڕان

دەشێ لە باسوخواسی دانوستاندن و ململانێی نێوان حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و حکومڕاندا سێ توخمی سەرەکی دەست نیشان بکەین:

-چاکسازی سیاسیی.

-یاسا بنەرەتییەکانی شێوەی حوکمڕانی لە ئایندەی وڵات دیاری دەکەن.

-مەسەلەی نەتەوەیی لە پەیوەند بە بەغدا و سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە.

ئەمانەش ئامانجی رەوان با هەردوولا دیدیشیان لەسەری جیاواز بێت

چاکسازی سیاسیی بە کەرەستەکانی حوکمڕانی و ئیرادەی حوکمڕانەکان دروست دەبێت و رەنگی ئەوانە دەگرێت کە جێبەجێی دەکەن نەک رەنگی ئەوانەی هیوای بۆ دەخوازن ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بخوازێت بە دیدی ئەو جێبەجێ ببێت بێگومان ئەم ویستە نرخی خۆی هەیە. نرخی ئەوەی خۆشی لە سەرکەوتن و، خوانە خواستە، شکستی ئەم وێستگە یان ئەویتریدا بەشداربێت. بەسەرکەوتنەکەی بڵێ سەرکەوتنی چاکسازی و لە قۆناغی شکستێکی نەخوازروایشدا گوشارەکەی بۆ هەڵلا نەبێت بەڵکو بۆ راستکردنەوە بێت. چاودێرییەکەی بۆ رەقابەت بێت نەک بۆ رەقیبی و کەرەستەی ململانێ.

لە حاڵی وادا حوکمڕانەکان دەبێ بە فیعلی ئەم چاکسازییە جێبەجێ بکەن و بەشداری فیعلی ئۆپۆزسیۆن لەم پرۆسەیە بە هەند وەربگرن. چونکە ئۆپۆزسیۆن کە بەشداری فیعلی کرد سەرمایەی مەعنەوی خۆی لە ناو دەنگدەرانی خۆی دەخاتە ژێر مەحەکەوە و بۆ ئەمە دەبێ کردار ببینن. چونکە بەوە دەتوانێت وەبەرهێنانی ئیجابی لەو کردارە بکات و قەناعەت بە بازنەی دەنگدەری خۆی بێنێت.

-یاسا بنەرەتییەکان بریتین لە دەستووری وڵات و ئەو یاسایانەی دەبنە حەکەم و ناوبژیوان لە پرۆسەی سیاسیی و حکومڕانیدا. بە تەنها دەستوور

نییە و بە تەنهاش ئەو یاسایانە نین. پێکەوەن و هەموویان گرنگن. سازان لەسەر ئەم شتانە پێویستن.

دەستوور گرێبەستی نەتەوە و پێکهاتەکانین. نە هی ئەوەیە حکومڕان هەروا تێی پەرێنێ و نەهی ئەوەشە بکرێتە کەرەستەی ململانێی ڕۆژانەی ئۆپۆزسیۆن. سازانی دەوێت، بەڵام سازانێکی فیعلی و بەرپرسیارانە.

یاسا ناوبژیوانەکانیش بریتین لە:

- تەشریعاتی دابین کردنی هەڵبژاردنەکان کە ململانێی ڕکابەرە سیاسییەکان ڕێکدەخەن (کۆمسیۆن و یاسای هەڵبژاردن... هتد) .

-یاسای حوکمڕانی دروست و دادپەروەرانە (چاودێری دارایی، نەزاهە و سەربەخۆیی دادپەروەری...).

ئەمانە ناوبژیوانن لە نێوان ڕکابەرە سیاسییەکان و لە نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەشدا. ئەگەر سازانیان لەسەر کرا ئیتر نابێ ببنە دەسکەلای ململانێی ڕۆژانە و گومانیان لەسەر بکرێت. چونکە کە گومان لەسەر ناوبژیوانەکان هەبێت گەمەی دیموکراسی و ململانێی شەئنی گشتی تووشی گومڕایی سیاسیی دەبێت.

-مەسەلەی نەتەوەیی و پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە پرسی هەموو کوردە، سازان و یەکێتیی ناوماڵی کوردی گەرەکە، بەڵام:

-وەک چۆن سازانی دەوێت، دەبێ ئەو سازانە خۆی ئامانجەکە نەبێت. ئامانجەکە خودی مەسەلەی نەتەوەیی و چارەسەرکردنێتی.

-یەکێتیی ماڵی کوردستانیی پێش ئەوەی پێویستی بێت بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و ململانێ لەگەڵ بەغدا، بۆ باشی و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی کوردستان پێویستە.

-یەکێتی ماڵی کوردستانیی نابێت وەک پێشمەرجی کارکردن بۆ مەسەلە نەتەوەییەکە دەربکەوێت چونکە ئەو کاتە وا دێتە بەرچاو کە (مەرجی یەکریزی کورد) کارەکتەرێکی خودپەسەندە و مەسەلەی نەتەوەیی بە بارمتە گرتووە و پێمان دەڵێ (یان چاکسازی ناوخۆیی بکەن، یان

مەسەلەی نەتەوەیی بارمتەیە).

-راستە مەسەلەی نەتەوەیی ئەرکی حزبەکانی حوکمڕانە، بەڵام ئۆپۆزسیۆنیش زیاتر لە پشتیوانی ناوخۆیی لەسەرە، بەشداری فیعلیشی پێویستە و مەرج نییە ئەم بەشدارییە فیعلییە هەر بە (هاتنە سەر حوکمیان) مەیسەر ببێت. شێوەی بەشداری فیعلی زۆرە چونکە مەسەلەی نەتەوەیی شەئنێکی نەتەوەییە و دەبێ هەمووان خاوەنداریێتی لێ بکەن.

چاکسازی شایانی کوردستانییانە نەک تەنها لەبەر یەکێتی ماڵی کورد، بەڵکو لەبەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و لەبەر ئایندەی کوردستان خۆشی. مەسەلەی نەتەوەییش ئەرکێکی نەتەوەییە و ناکرێ هیچ پێشمەرجێکی بۆ دابنرێت.

**٢٠١٢/١/٢٤**

# گرنگتر لەتەشخیس

ڕەوشی کوردستان گرنگە، چونکە کوردستانەکەی خۆمانە، بەڵام ڕەوشی بەغداش گرنگە چونکە ئەم کوردستانەی پێوە گرێدراوە و هێشتا ئێمە بەشێکین لێی. وڵاتانی سەربەخۆ و بەرکەماڵ کە هەڕەشەی لە بابەت ئەوەی کوردستانیشیان لەسەر نییە ناتوانن خۆیان لە پەرەسەندن و بەسەرهاتەکانی دراوسێکانیان نەبان بکەن و نا دیدەی بگرن. ئیتر ئێمە چۆن دەتوانین وا بکەین کە سەد داو و دەزوو پەیوەستی چارەنووسی عیراقی کردووین.

بۆیە ڕەوشی عیراق دەبێ جێی بایەخی کوردان بێت.

لە بیرمانە هەتا بەغدا لەگەڵ دەڤەری سوننەنشین لێی نەقەوما بوو لەگەڵ ئێمە گرژ ومۆن بوو. ئەوە ململانێی بەغداو ئەنبارە کە وا یکرد ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرەی کەرکوک کەمێک بنیشێتەوە، بێ چارەسەری کێشەکان.

خۆپیشاندانی سوننەکان بووە بەربەستی بەر یەککەوتنی کوردستان و بەغدا، ئەگینا بەغدا هەر ئەوەندە دەرفەتی هەبێت کەمێک سەر هەڵبڕێ بۆ ئەوەیەتی لە پشت ئاپوورەی خۆپیشاندانەکانەوە دیمەنی ململانێی کوردستان ببینێ و وەک نەزیری ناکۆکی لەگەڵ ئێمە پەخشی بکاتەوە.کە وابێ ئێمە پەیوەنددارین بەوەی عاقیبەتی بەغدا بزانین.

جاران ئەم ئەرکە قورسە سەرۆک تاڵەبانی پێی ڕا دەبوو، هەم چاوی لە بەشەکەی کورد بوو و هەمیش بەلانسی عیراقییەکانی را دەگرت.

غیابی سەرۆک بە ئەندازەی حزووری، پێویستی ئامادەگی بۆ شیعەو سوننە دووپات کردەوە. وەکو عیراقییەکان لە بەغدا نەیانتوانیوە کێشەکانیان چارە بکەن نەشیانتوانی تەنانەت لەو ئاستەدا رایگرن کە سەرۆک تاڵەبانی، پێش سەفەری بۆ ئەڵمانیا ،دابینی کردبوو.

ئەم فڕکان فڕکانەی بەغدا لە وەختێکدایە ناوچەکەش پڕ گرفت و بەر یەککەوتنەو سێبەری ئیقلیمیش بە سیمای کارەکتەرەکانی ململانێی

بەغداوە دیارە.

ئایا شتێکی چاکە ئێمە چاوەڕێی یەکلابوونەوەی کێشەکانی بەغدا بین کە بەغداش چاوەڕێی یەکلابوونەوەی کێشەکانی ئیقلیمەو ئیتر دواجار بە هەردووکیان کار لە ئێمەی چاوەڕوانکراو بکەن؟

کوردستان دۆخەکەی وا تەشخیس کـردووە کە حوکمڕانی عیراق پێویستی بە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەو هەیە. ئەمەش تەخشیسێکی راستە، بەڵام کێ لەگەڵ کورد شان دەداتە بەری کە سوننە پێیوایە مەسەلە لە ڕاستکردنەوە ترازەوە بۆ پێویستی وەرگۆڕانی بەهاریی و دەوڵەتی قانوویش پێیوایە هیچ شتێک گێر نەبووە تا ڕاست بکرێتەوە، لە دیدی شیعەوە ئەوی هەیە جەمسەرگیریی تایفەگەرییە بۆیە هاوپەیمانی نیشتمانیش پاڵی داوەتە پاڵ دەوڵەتی قانوونەوەو لەبەردەم جەمسەرگیری سوننەدا داکۆکی لە ناسنامەی شیعە دەکات کە ئەمەش راستەوخۆ دەچێتە گیرفانی (قانوونە)ەوە. یانی بەغدا چاوەڕێی چارەنووسی ئیقلیمەو ئێمەش چاوەڕێی چارەنووسی بەغداین.

کوردستان دەڵێ بۆ پرۆژەی راستکردنەوەی حوکمڕانی نامەمان بۆ هاوپەیمانی نیشتمانی نووسیووەو چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین.

بەڵام کە پریشکی بەغدا بێت چاوەڕێی روونکردنەوەی ئێمە ناکات، بۆیە کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەگەرە خراپەکانی بەغدا پێویستی بە کاریش هەیە.تەشخیس گرنگە، کاری کردەش لەبەر رۆشنایی ئەو تەشخیسەدا گرنگترە.

٢٠١٢/١/٢٥

# وێستگەی نوێی فەللوجە

گۆشت و خوێن تێکەڵی ناڕەزایی سوننەی عیراق بوو، مانای وایە ئیتر ئەم پرۆتیستۆ ئاشتیخوازییە زۆر دەخایەنێت. ئەوی وا دەکات ئەمە زۆر بخایەنێت تەنیا بێ باکی بەغدا نییە، بەڵکو ناڕۆشنی ستراتیجی سوننەش رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت.

مەسەلەی رەوایەتی ناڕەزایی و ئاشتیخوازی خۆپیشاندانەکان شتێکەو ستراتیژی ئەم بزووتنەوەیە، کە ستراتیژێکی ناڕۆشنە، شتێکی ترە.

قۆناغی یەکەمی ناڕەزاییەکان پەرچەکرداری زوڵموزۆر بوو، بۆیە داخوازییەکانیش ئاسان بوون کە زۆربەیان لەسەر گیراوەکانی سوننە بوون، بەڵام قۆناغی ئێستا بۆتە کردارێکی سیاسیی درێژخایەن کە دەبێ ستراتیژەکەی روون بێت.

داخوازی سوننە ئەوەیە پەراوێز خستن و پاشەکشە پێکردنیان لە کۆڕی سیاسیی و ژیانی گشتیدا کۆتایی پێ بێت. ئەمەش ویستێکی رەوایە دوای دەساڵ لە کەوتنی سەدام. دەستەبژێری سوننە نیواونیو کۆمبەسی ئامانجی خۆیان لەدەستدابوو، نیوەی ئەو ماوەیە دوای پاشماوەکانی سەدام و خەیاڵدانی گێڕانەوەی حوکمی عروبی سوننە کەوتن، نیوەکەی تریش وێڵی دوای گروپە چەکدارەکانی (موقاوەمەت) و ئەگەری دروستکردنی ریزبەندییەکی سوننە بوون لە هەمبەر شیعەدا. هیچیان بە دەردی ئەوانیان نەخوارد. لەو واقیعەدا سوننە دەیانبینی غەنیمەکانیان بەهێز دەبوون و ئەوانیش هەر وزەیەکیان کۆدەکردەوە لەجێی ئەوەی بۆ پتەوکردنی پێگەی پێکهاتەکەیان خەرجی بکەن لە دژی کۆی پرۆسەی سیاسیی و زۆرجاریش ، بە یادی جارانەوە، لە دژی کوردستان بەکاریان دەبرد.

کێشەی سوننە لەعیراق کێشەی دەستەبژێرەکەیەتی، دەستەبژێری سوننە بە گوێرەی واقیعی ئەمڕۆی سوننەو باڵانسی هێزیان لە عیراق مامەڵە ناکات. بەڵکو بە گوێرەی خەیاڵدانێکی سیاسیی وا مامەڵە دەکات کە سوننە زۆرینە بن لەعیراق، دیدیان لەسەر عیراق هی عروبە و

نەتەوایەتی و مەرکەزیەتی حوکمڕانییە تەنانەت ئەو کاتەی لە پرۆسەی سیاسیی و هەڵبژاردنیشدا بەشدار دەبن هەر ئەو ستراتیژو دروشمانەیە، بۆیە سەرەنجام هیچیان نە بۆ دیموکراسیی عیراق و نە بۆ گێڕانەوەی مافی پێکهاتەکەیان بە دەست نەهێناوە.

دەستەبژێری سوننە لـەوە تێناگات کە هەر پێداگرییەک لەسەر مەرکەزیەتی حوکمڕانی، عروبەی عیراق و سڕینەوەی فیدراڵی و حوکمڕانییە محەلییەکان لە قازانجی شیعەو لە دژی سوننە کۆتایی دێت. وا دەزانن جارانە کە هەموو مەرکەزیەتێکی حوکمڕانی یەکسان بوو بە حوکمی سوننە. لە کاتێکدا نها هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە قازانجی زۆرینەی شیعە تەواو دەبێت و ئەگەر حوکمڕانییەکەش مەرکەزی بێت ئەوا خێرەکەی دەچێتە گیرفانی شیعەوە نەک سوننە.

دەستەبژێری سوننە پێ لەسەر عروبەی عیراق دادەگرن لە کاتێکدا بە حوکمی زۆرینەیی ئیتر شیعەکانی دەوڵەتی عیراق دەتوانن لافی پرۆژەی عروبە لێ بدەن، بەتایبەتی لە بەرەنگاری پرۆژەی کوردستانییدا. ئەمەشمان لە تەنگژەی بەغدا-کوردستاندا بە روونی بینی کە حکومەتی بەغدا بەڕەسمی خۆی کردە میراتگری سیاسەتی تەعریب و مەرکەزیەتی حوکم. لە ناوجەرگەی ئەو ململانێیەدا کە سەرۆک وەزیران و راوێژکارەکانی هەر قسەیەکی مەرکەزی و عروبیان دەوت دەمڕاستەکانی سوننە، بە هەمان خەیاڵدانی جارانەوە، بۆیان دەسەندەوەو سۆزی شۆڤێنییان دەلاواندەوە.

دەستەبژێری سوننە بێ باکترین دەستەبژێرە لە بەرامبەر ئاتاجی خەڵکەکەیدا. لەکاتێکدا بە پێی شەرع و دینیش بێت گەورەی قەوم دەبێ ئەمینداری بەرژەوەندی و پێویستییەکانیشی بێت. دەستەبژێرو دەمڕاستی خەڵک دەبێ لەو کاتەی کار بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکانیان دەکات گیان و سەر و ماڵیان بپارێزێت و تووشی تەلەفیان نەکات. نابێ بەناوی پێویستی قوربانیدانەوە تەلەف و خەسارەتێکی زۆر بدرێت.

دەستەبژێری سوننە لە دەساڵی رابردوودا هەرچی کرد بۆ مەرکەزیەت و یەکێتی بێ قەید و مەرجی عیراق و عروبەی وڵات و یەک رەنگی

حوکمڕانی چووە گیرفانی غەنیمەکانییەوە، چونکە واقیعی سنوورداری تواناکانی سوننە و ڕێژەیان لە عیراقی پرۆسەی هەڵبژاردندا دەرەقەتی ئەو خەیاڵ پڵاوییە نایەت. ئەم دەستەبژێرە هەموو شتێکی تاقیکردەوە تەنها ڕێگای فیدرالی و حوکمی لامەرکەزی نەبێت. ئەو کاتەش کە سەرکردەو نوێنەرایەتییە لۆکاڵییەکانی سوننە لەتاو پەراوێزخستن و بێ بایەخکردنی ئیداراتی ناوچەکەیان ئاماژەیەکی لاوازیان بە فیدرالی دەدا، یەکسەر لەلایەن دەستەبژێری سوننەی مەرکەزییەوە کە لەبەغدا پۆست و پایەیان بەناوی سوننەوە وەرگرتووە، بەر پەرچ دەدرانەوە. ئەم دەستەبژێرانە تەنها ئەو کاتە فیدرالییان باس دەکرد کە کارتێکی گوشار بێت تا شیعەی پێ بترسێنن لە جێی ئەوەی وەکو چارەسەرێکی واقیعی بۆ ڕەوشی سوننە بیخوازن.

دەستەبژێری سوننە دەرسیان لە دیرۆکی ئۆپۆزسیۆن بوونی شیعەش وەرنەگرتووە. شیعە هەرچەندە دەیانزانی زۆرینەن لەعیراقدا، بەڵام چونکە زوڵملێکراوی دەستی حوکمی مەرکەزی سوننە بوون بە بژارەی فیدرالی رازی بوون. شیعە تەنها ئەو کاتە دروشمی فیدرالییان خستە لاوە کە زانییان حوکم لای خۆیانەو بۆ ئەوان هیچ فەرق ناکات عیراق فیدرالی یان مەرکەزی بێت.

ئێستاش بەو ئازارەوە کە خۆپیشاندەرانی سوننەنشین قوربانی دەدەن و ڕەنج دەکێشن دەستەبژێری سوننە خۆی لە واقیعی عیراق نەبات دەکات و هەر باسێکی فیدرالی بە دابەشکردنی عیراق تەرجەمە دەکات. دەساڵ لە ئازاری سوننە و سەرگەردانی دەستەبژێرەکەی بەسە بۆ ئەوەی ئیتر بزانرێت دەبێ ستراتیژی سوننە بگۆڕدرێت. لە جێی دروشمی لابردنی حکومەتی ئێستا کە سبەی سەرۆک وەزیرانێکی مەرکەزی تر، لەسەر حیسابی سوننە و لەوانەیە بە قازانجی غەنیمەکانیان، هەمان ڕێچکەی پەراوێزخستنی سوننە پەیڕەو دەکات، لە جێی ئەوە دەبێ دەستەبژێری سوننە ڕاستگۆ بن لەگەڵ میللەتەکەیان و ڕێگای راستی فیدرالی بکەنە ستراتیژی خۆپیشاندان و بزاوتی سیاسیی داهاتووی سوننەکان.

فیدرالی سێ ئامانجی سەرەکی بۆ ئەوان دابین دەکات:
*حوکمڕانی ناوچەکانی سوننە لـەلایـەن سوننە خۆیانەوە و دوورخستنەوەی دەستی حکومەتی ئیتحادی لە ئیدارەی دۆسێی ئەمنی دا، لەوانەشە بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردستان زۆرترین دەسەڵاتی ئەمنی و سەربازی بخەنە ژێردەستی هەرێمە فیدرالییەکەیان و وەرگرتنی زۆرترین سەلاحیات لە زۆرترین بواردا بکەنە دابونەریتێکی سیاسیی لەعیراقی داهاتوودا.
*کردنی حکومەتی ئیتیحادی بە ئیتیحادییەکی فیعلی لە ڕێگای بێ لایەنکردنی بەغداو کردنی ئەو پایتەختە بە پایتەختی پشکپێدانی وەک یەکی پێکهاتەکان لەحکومەتی شەراکەتدا.
*پاراستنی عیراق لە دابەشبوون و دەستوەردانی دەرەکی.
فیدرالی دەتوانێت دروشمی داهاتوو بێت و بەمەش سوننە ڕۆڵی گەورە دەگێڕن، نەک لەدابینکردنی مافەکانیان، بەڵکو بۆ دواجار پاراستنی یەکێتیی قەوارەی عیراق وەک دواچانس بۆ هەموولایەک.

٢٠١٢/١/٢٧

# له خۆوه بۆ گشت

سەرەتای چارەسەر لە کوێوە دەست پێدەکات؟

لە کۆمەڵگەی فرە پێکهاتە و فرە ئاراستەدا چارەسەر بە خیتابی گشتی و هولامی دابین نابێت. چارەسەر بە تێگەیشتن لە وردەکاری کۆمەڵگە و تێگەیشتن لە داخوازییە لۆکاڵییەکان دەبێت. دەکرێت لە خیتابی لۆکاڵییەوە بۆ خیتابی گشتی لە ئاستی وڵات هەنگاو بنرێت. بەڵام پێچەوانەکەی هەڵەیە.

لە کۆمەڵگە فرەییەکاندا دەبێت پێکهاتەکان بایی ئەوەندە موتەوازیع و واقیعی بن کە لە پێشدا بەشی خۆیان و دیدی خۆیان بناسنەوە، لە بەشەوە بۆ گشت، لە بەشی خۆیان بۆ بەشی گشتیی وڵات بڕۆن. ئەمە باشترین ڕێگەچارەیە بۆ دەردەکەی عیراق.

زیاتر لە هەشتا ساڵ سوننە خیتابی نیشتمانییان بۆ خۆیان پاوان کردبوو، بە ناوی کورد و عەرەب و تورکمان، شیعە و سوننە، موسڵمان و مەسیحییەوە قسەیان دەکرد و لە جێی ئەوانیش بڕیاریان دەدا. دە ساڵە خیتابی نیشتمانیی پاوانی شیعەیە. بە ناوی عیراق، نیشتمانەوە گوزارشت دەکەن و بەم دواییە دەوڵەتی یاسا خیتابی عەرەبیشی لە سوننەکان رفاند. بە شێنەیی برا عەرەبەکانمان بە ناوی کوردیشەوە بیر دەکەنەوە و قسە دەکەن و بڕیار دەدەن.

ئەگەر هەر پێکهاتەیەک بتوانێت داخوازی پێکهاتەکەی خۆی چڕبکاتەوە کۆی ئەوانە دەبنە پڕۆژەیەکی گشتگیری نیشتمانیی لە ئاستی وڵاتدا. لە جێی ئەوەی یەکێکیان خیتابی نیشتمانیی پاوان بکات و ئەوانی تر لە گەڵاڵەکردنی دوور بخاتەوە. دەستووری عیراق راستە بە ڕێککەوتنی پێکهاتەکان لە سەرەوە گەڵاڵە بوو، بەڵام بنچینەیەکی باشی بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانیی دامەزراند کە لەسەر هەمەڕەنگی کۆمەڵگە و یەکێتیی وڵات بنیات نرابێت.

بەڵام چونکە خیتابی سیاسیی پێکهاتەکان نەگۆڕاوە، ئەم بنچینە

دیموکراتییه یاساییه لەسەر زەمینی واقیع نەچەسپاوە. سا بەڵکو واقیعی تاڵ شیعە و سوننە ناچار بکات بێنە پای نەخشە ڕێی دەستوورەوە کە دابەشکردنی دەسەڵات و بنەمای فیدراڵی دابین کردووە.

ئەگەر بزاوتی خۆپیشاندانی سوننەکان بتوانێت سەرکردایەتی ناوچەیی دروست بکات کە لەسەر بنەمای پێویستی خەڵکەکەیان پێک بێت، ئەوا عیراق چانسێکی نوێی بۆ پەیدا دەبێت کە پڕۆژەی فیدراڵی جێبەجێ بکات.

چونکە سوننەکان بە عەمەلی دەگەنە خیتابێکی واقیعی بۆ ئاتاجی سیاسیی و ئیداری ناوچەکانی خۆیان و دەستبەرداری خیتابی ئیحتکاری نیشتمانیی دەبن. لە تایبەتمەندی خۆیانەوە بۆ گشتێتی عیراق دەڕۆن. لەم ڕێگایەشدا لەگەڵ عیراقییەکانی تر دەکەونە دانوستاندن لە جێی ئەوەی تووشی بەر یەککەوتن بێن. ئەمە سەرەتای راستەقینەی فیدراڵی دەبێت لە پارێزگا و هەرێم و ویلایەتەکانەوە بۆ گشتیی عیراق. کە خۆشی فیدراڵی پێکهاتووە لە یەکێتی بەشەکان و یەکبوون لە پایەتەختێکی ئیتحادییدا.

واقیع بە سوونەکان دەڵێت پاوانخوازی خیتابی نیشتمانیی رەوینەوە و ترس لێنیشتنی هاوبەشەکانی وڵاتی لێ دەکەوێتەوە، ئەوە گەڵاڵەکردنی پڕۆژەی داخوازییە لۆکاڵییەکانە کە بەرەو پڕۆژەی هاوبەشێتی لە وڵات و لە حکومڕانییان دەبات.

٢٠١٢/١/٢٧

# شەڕ لەدیمەشق و تۆزەکەی لەسەرێکانی

گەشتینە قۆناغێک ئەگەر ناوی سوپای ئازادی سوریا بێت لە زەینی کورددا تەنها پەلاماردانی کورد و کوردستان رەنگ دەداتەوە.

سوپای ئازادی سوریا ئەوەندەی لە پرۆسەی شەڕکردن دژی کوردو هێزەکانی کوردستانی رۆژئاوادا ناوی دێت کەمتر لەوە وەک شەڕوانێکی ئازادیخواز دژی رژێمی ئەسەد خۆی لە میدیای کوردیدا نمایان دەکات.

ئەمەش مانای وایە ئەم سوپایە سەرگەردانەو نازانێ ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی لاوەکی دیاری بکات. تەنانەت لەڕوانگەیەکی موجەرەدی سورياییشەوە. قەینا کێشەیان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لەڕۆژئاوا هەیە، بەڵام وای لێ بێت شەڕ لەسەرێکانی گەرمتر بێت لەشەڕی بەرەی دیمەشق مانای وایە ئەم هێزە کە هێشتا نەهاتۆتە سەر حوکم خۆی تێکەڵی ئەجێندای قودرەتمەندی ئیقلیمی دژی کورد کردووە.

سەرێکانی تەنها شانۆی شەڕی کوردایەتی و ئۆپۆزسیۆنی سوریا نییە کە لەسەر ناوچەی پاوانکردن بە شەڕ بێت یان بەهۆی گوللەیەکی وێڵەوە پێکدادانیان لێ بقەومێ و ناوبژیوانێک دەست نەکەوێت لێکیان بکاتەوە. سەرێکانی شانۆی لە گیرفان کەوتنەخوارەوەی نەخشەو بەرنامەی ئۆپۆزسیۆنی چەکدارە لە هەمبەر کورد ئەگەر حوکمیان کەفتە دەست.

لەڕەوتی ئۆپۆسیۆن بووندا سوپای ئازادی سوریا وەک موجاهیدینی خەڵقی لێ قەوماوە لە پەیوەند بە جوڵانەوەی گەلی کوردستان لە دژی سەدام حسێندا ، لێی تێکچووەو سەرگەردان بووە، موجاهیدین لە (١٩٩١)دا شەڕی کوردستانی راپەڕیوی کرد و بۆ قازانجی بەعسی سەدام، گەرمیانی لە خوێن گەوزاند. سوپای ئازادی سوریاش شەڕی کورد دەکات لە بەرەی رۆژئاواوە.

زوڵمی سوپای ئازاد لە سەرێکانی هەر زوڵم نییە لەکورد، بەڵکو زوڵمێکە لەگەلی سوریاش کە ئۆپۆزسیۆنە چەکدارییەکەی لە جێی ئەوەی

جوگرافیای کوردستان جێ بێڵێ کە هیچ نەبێ زۆرتر ئارامە بۆ هەموو سورییەکان جگە لەکوردەکەشی، خۆی بەو وارەوە مژوڵ کردووەو نرخی خوێن بە کوردو عەرەب دەدات. وزەی بەرەنگاری لە شەڕێکی هەڵەدا خەرج دەکات.

کەس نەیوتووە کەس بۆی نییە لەگەڵ کورد ناکۆک بێت، ناکۆکی سیاسی هەر دەبێ و هەر هەبووە، بەڵام لەدۆخی وەک ئەوەی سوریای شۆڕشدا ناکۆکی لەگەڵ کورد هی ئەوەیە ناکۆکی لاوەکی بێت و لەوە زیاتر باری لێ هەڵنەگیرێت، ڕێی ڕاست ئەوەیە ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ دیمەشق بێت مادام ئەم ئۆپۆزسیۆنە ئیدعا دەکات ئەلتەرناتیفی ئایندەیەتی، ئەسەد لەدیمەشقە، نەک سەرێکانی و ڕژێمەکەش لە ناوجەرگەی پایتەختی ئەمەویدایە، نەک لە قامیشلو و عامودا.

٢٠١٢/١/٢٩

# شەمەندۆفێری ئاشتی لە تورکیا

لە تورکیا پڕۆسەی ئاشتی بەردەوامە، باشیش بەردەوامە چونکە ئەمجارە ئیرادەیەک هەیە بۆ ئەو ئامانجە، بەڵام ئاشتی جێگیرکردن جیایە لە چارەسەری کێشەکان. ئاشتی جێگیرکردن سەرەتایەکی بچووکە بۆ چارەسەری دوور مەودای پرسی کورد لە تورکیاو داڕشتنەوەی پرسی ناسنامەو چەردەیەک مافی دیموکراتی و یەکسانی.

ئاشتی ڕێگە بە گەشەکردنێکی سروشتی مەسەلەی کورد دەدا و ئینجا لەکەشێکی دروستدا دەگاتە ئامانجی چارەسەری.

بۆ ئەو چارەسەرییە دەبێ هەموو لایەک پشوویان درێژبێت، ئەوی زیاتر لەسەد ساڵە شێوێنراوە بە شەو و رۆژێک راست ناکرێتەوە.

بەڵام چۆنە کە پرۆسەی ئاشتی باش دەچێتە پێشەوە؟ بەڵگەکان زۆرن، ئەمانە سەرەکییەکانیین:

-لەئاگربڕی ساڵی ١٩٩٣دا، وەختێک بەڕێز ئۆجەلان بە ناوبژیوانی بەڕێز سەرۆک تاڵەبانی پەیامی ئاشتی بۆ رەحمەتی سەرۆک ئۆزال نارد، چالاکی وەک ئەوەی کوشتنی سەربازە مۆڵەتپێدراوەکان ئاگربرەکەی دوایی پێ هێنا، بەڵام ئەمجارە شەڕ لەبەرەی شەڕ هەیە، تیرۆر لەپاریس گێچەڵ دەنێتەوە بەڵام چونکە ئیرادەی ئاشتی هەیە کەس ناڵێ با گفتوگۆ رابوەستێ تا شەڕ و تیرۆر را دەوەستێ.

-دوو لێدوانی لابەلا، گفتوگۆ جیددی و شێنەییەکەی ئۆسلۆی پەکخست کە رەشنووسیی بۆ ئیمزاکردنیش ئامادە کرد بوو، ئەمجارە هەموو تەرەفەکان توند دەپەیڤن و یەکتری تۆمەتبار دەکەن بەڵام چونکە ویستێک بۆ ئاشتی هەیە دەبینرێت لە پەنای لێدوانێکی توندیشدا بەڵامێکی شێنەیی هەیە کە بەڵێ سەرەڕای ئەم رەخنانەش ئێمە پابەندی گفتوگۆ و ئاشتین.

-هەردوو لایەنی پرۆسەکە: دەوڵەتی تورکیاو کورد بە سێ لایەنی موخاتبییەوە (ئۆجەلان، قەندیل و بەدەپەشەوە) بنمیچی جیاجیای داخوازی لە یەکتری بەرز دەکەنەوە، بەڵام چونکە پێویستییەک بۆ ئاشتی

هەیە وا دەبینین بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ بنمیچی وەختی پێگەیشتنی ئاشتی دەکەن و ناخوازن گەشبینییەکی خەیاڵپڵاوی پەخش بکەن. راستە دۆسێی کورد لە تورکیا، هیچ نەبێ لەسیاسەتی رەسمیدا، وەک دۆسێیەکی ناوخۆیی وێنا دەکرێت بەڵام لەبەر پەرەسەندنە ئیقلمییەکان و لەبەر بەشداری تورکیا لەپتر لەدۆسێیەکی ئیقلمیدا هەردوولا دەزانن چوونە پێشەوە لە ئاشتی چەند قازانجی تێدایە لە ناوخۆ و دەرەوەشدا.

لەناوخۆ: ئاشتی ئارامی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دێنێ و رێگە بە گەشەیەکی سروشتی مەسەلەی کورد بـەرەو چارەسەرکردنی پرسی ناسنامەی کورد دەدا .

لەدەرەوەیش: دۆسێی سوریا و گۆڕەپانی کوردستانەکەی، کە ئێستا سەرزەمینی بەریەککەوتنە لە نێوانیان، دەبێتە نێوەندێک بۆ قازانجی هاوبەشی ئاڵوگۆڕی کەڵک و سوودمەندی. ئەم قازانجە هەر لەوێ ناوەستێ، بەڵکو باڵدەکێشێ بەسەر هێمنایەتی هەرێمی کوردستانیش کە چەند ساڵ لەبەرزەخی پەیوەندی سەلبی و پەیوەندی ئیجابی بە هەردوولاوە گیری خوارد بوو.

بێگومان لەم ئاستەدا وەک چۆن بنمیچی بەرزی پێشبینی لەئاشتی ناوخۆیی تورکیا هەڵەیە، ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش راستە کە نابێ هەردوولاو ئێمەش وا بزانین ئیتر گیروگرفت نامێنێ و ئەوی هەیە هەر بەلای باشی و دەسکەوتدا دەشکێتەوە.

شەمەندۆفێری ئاشتی کەوتۆتە رێ، دەبێ هەمووولایەک سواری بن، باشترین شت بۆ ئەوەی بگاتە مەنزڵ، ئەوەیە سروشتی شەمەندۆفێرمان لەبیر بێت: راستە رێ و پێچاو پێچ، رێکوپێک و شێنەیی و وێستگەی جیاجیای دابەزین و سەرکەوتن و ئینجا بەردەوامێتی و ئومێدی چارەسەری.

٢٠١٢/١/٣٠

# سۆراخی ڕاستی سوپا

لیژنەی سۆراخکردنی ڕاستییەکان لە واقیعەکەی فەللوجەدا راسپاردە دەدات بە سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان کە سوپا لە فەللوجە بکێشێتەوە. ئەمەش دەرەنجامێکی سروشتی هەڵسوکەوتی سوپایە لەگەڵ خۆپیشاندەران و بزاوتی مەدەنییدا.

ئەم سوپایە هەمان ئەو سوپایەیە کە کوردستان رایگەیاند رێ نادەین بێتە کەرکوکەوە، هەمان ئەو سوپایەیە لە وەختی دانوستاندنی نێوان لیژنەی پێشمەرگەی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادیدا، دەخوازێ فەوج فەوج و دەستە دەستە دزە بکاتە ناو شاری جێی ناکۆکی و بگرە تەواوی هەرێمی کوردستانیش وەک سەرۆک وەزیران لە گوتاری هەڕەشەدا کردییە نیەتێکی ستراتیژیی، گوایە دەستووری عیراق هەمووی جێبەجێ کراوە و هەر ئەم "بڕگە سەربازییە"ی ماوە.

ئەم سوپایە هەمان ئەو سوپایەیە بە چەند هەفتە پێش ئێستا خۆپیشاندەرانی موسڵیش داوایانکرد شار بەدەر بکرێت. دوێنێش پارێزگاری موسڵ ئەسیل نجێفی بەشێوەی نوتقێکی لایەق و ڕەسمیی هەمان داخوازی دووپاتکردەوە وەختێک ئاگاهی دا سوپا بەڕەفتاری ناجۆر خۆپیشاندەرانی مەدەنی بێزار دەکات.

ئەم سوپایە بەقەدەر خۆپیشاندەرانیش بە سەبر و تەحەمول نییە، ئەوان لەو پشوودرێژ ترن ، هەرچەندە لە سوپا تووڕە ترن!

ئەم سوپای عیراقە، سوپای عیراقی ئیتیحادییە کە بڕیار بوو نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان بکا، وەک دەزگایەکی هەستیار هاوسەنگی ڕابگرێ و پیشەیی و مەسلەکیی و داکۆکیکار بێت لە گەلی عیراق لە هەمبەر بێگانە و ئەغیاردا، ئەم سوپایە ئەوی سەدام نییە، ئەوی عیراقی نوێیە کە بڕیار بوو دەست لەکاروباری سیاسیی وەرنەدا و نە بێتە بەشێک لە قودرەتمەندی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بە هەڵبژاردن دێن و هەر بەویش دەڕۆن.

ئەم سوپایە تەنانەت لە گەرمەی شەڕی تیرۆر و ململانێی گەرمی شیعە و سوننەشدا کەس نەیدەگوت با لە شارەکان بچێتە دەرەوە، سوننە یەک لیست گلەیی هەبوو بەس قەت نەیدەگوت با سوپا بچێتە دەرەوە، کورد هاواری بوو سوپا هاوسەنگی تێدا نییە، بەڵام نەیگوت ئەم سوپایە وەک ئەوی جارانە، تەنانەت لەگەرمەی تەنگژەی خانەقیندا(ساڵی ٢٠٠٨ ) کوردستان رۆڵەکانی هان دەدا بچنە ریزی ئەو سوپایەوە بۆ ئەوەی بە فیعلی سوپای ئیتیحادی بێت. بەڵام کارێک بەم سوپایە کرا کە هەر ناوەکەی ئیتیحادی بێت، ئەم سوپایە وا رەنگی سیاسەتی لە خۆگرت کە لە گەرمەی گێڕانەوەی ئەفسەرانی سوپای پێشوودا، کە زۆربەیان بەعسی و سوننەشن، وا دەبینی سوننەکان پێش کوردەکان دەڵێن: با بچێتە دەرەوە.

ئەم سوپایە وا مەرکەزیی و گروپی و حزبیی کراوە تەنەنات موسڵ، ئەو شارەی بەکارگەی وەبەرهێنانی ئەفسەر و عەسکەر دەزانرا، ئێستا لە سوپا تەوەللایە و لە جێی بەشی هاوسەنگ، داوای کشانەوەی دەکات.

کەس سوپای ناوێت لە شار، با تەنانەت ناوی ئیتیحادیش بێت، مادام هەمان نییەتی سوپای مەرکەزی هەبێت.

**٢٠١٢/١/٣١**

# II

# کەتەنی جەزائیر

# ٢٠٠ × ٢٠٠

خوا خێری ئیخوانی سوریا بنووسێ کە بەرنامەی خۆی بۆ دوای ئەسەد ئاشکراکرد ئەگینا کەس داوای لێنەکردووە تەکلیفی رۆشن بکاتەوە.

هیچ کام لەئۆپۆزسیۆنە عەرەبییەکان کەرژێمەکانیان رووخا بەڵێنێکی کۆنکرێتییان لەسەر شێوەی حوکمی ئاییندە نەداوە. لەتونس سەدویەک لێدوانی ناکۆکیان هەیە، لەمیسر کەمەکۆی سەرەکی ئیخوانەکانە ئیسلامییەکان قەپ لەدەسەڵات گیردەکەن و هیچ ئیلتیزامێکیان نەداوە.

لەلیبیا ناتۆ حوکمی دایە دەست چەند عەشرەتێک و بۆ خۆی پایدۆزی لێکرد. جەماهیرییەی عوزمای مستەفا عەبدولجەلیل هێشتا چەکەکانی لەعەمبارێکدا خڕ نەکردۆتەوە هەڕەشەی هێز لەهەرێمی بەرقە دەکات. یانی کەس نییە بەڵێنبدات ئەم بەهارە تا نەورۆزی دیموکراسی بڕوات. ئەوەی دۆخی سوریای لەچەقێکدا راگرتووە رێک ئەم دەرەنجامەیە کەپایتەختە عەرەبییەکان پێی گەیشتوون: کێ بەڵێن دەدات ئیستیبداد بەشێوەی تر دووبارە نەکاتەوە؟

ئیخوانەکانی سوریا دەڵێن ئەمە بەڵێنەکانمان، خێریان بنووسێ. بەڵام ئەوەی رژێمی پێ دەڕووخێ ناتۆیە نەک هەینییەکانی ئیخوان. ناتۆش یانی ئەمریکا. ئەمریکا لەلیبیاو هەندێک دەڵێن لەعیراقیش، دەستی بەزاخا چووە. ناتۆ رژێمان دەڕووخێنێت و جێگرەوەکانیشیان بۆ باسک ئەستووری یەکەمجار ناتۆو ئەمریکا دەکەنە کیسی بۆکسێن. وەک سەدر لەعیراق و عەسکەر لەمیسر کردیان. ناتۆو ئەمریکا دوو دڵن لەوەی کوڕی خۆیان بەقوربانی کچی خەڵکی بکەن، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو کچانە چاو لەدەر بن و (العیاذباللە).

٢٠١٢/٣/٢٨

# تەگبیر

دوێنێ هاتوچۆیەکمان بەلای دەستوەردانی دەرەکیدا کرد لەسوریا، بۆچوونەکەم وابوو ناتۆو ئەمریکا دوودڵن، چونکە نازانن کێ دەبێتە ئەلتەرناتیڤ؟ هەروەها ناشزانن ئەمە بۆ کێ دەکەن؟

دۆستێکم سەرنجی دا، بۆ خۆیانی دەکەن. بەرژەوەندیی ئەمریکاو رۆژئاوایە بەعس بڕوا جا ئیتر گرنگ نییە کێ ئەلتەرناتیڤێتی.

منیش دەتوانم مەزەندە بکەم کە لەوانەیە رۆژئاوا ئارەزووی لەفەوزای داهێنەر بێت تا دەورانێک کەئەلتەرناتیڤ دروست دەبێت، بەڵام ئەمانە مەزەندەن و کەس ناتوانێت یەقینیان تاقی بکاتەوە.

واقیع تاقیکردنەوەی داوە، ئەگەر ئەلتەرناتیڤ گرێبەستێک ئیمزا نەکات کێ دەڵێ سبەی جەنگی پیرۆزی ناسیۆنالیستی لەدژی رووخێنەرانی ئەسەد بەرپا ناکات؟ یانی دیموکراسیی وەک ((خەڵاتی بێگانە))کەی فوئاد عەجمی نابێتە دەستمایە بەدەستی ئەلتەرناتیڤەوە بۆئەوەی شەڕی موژدەبەرانی دیموکراسیی پێ بکات و لەناوەوەش حوکمی سەرکوت دەمەزەرد بکاتەوە؟ ئەگەر ئەمە قەوما ئەمریکاو رۆژئاوا چ قازانجێک لەڕووخانی ئیستیبدادی ئێستا دەکەن لەبەر چاوی کاڵی ئیستیبدادی سبەی؟

ئەی تەگبیر؟ تەگبیر ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن بەتەیفە فراوانەکانیانەوە گرێبەستێکی پابەندێتی ئیمزابکەن بۆ پاراستنی بەڵێن و عەهدەکان. عەهدێک بۆ بەرژەوەندی و نفوز نا، بەڵکو عەهدێک بۆئەوەی رژێمی دادێ دیموکراتی و دەستوورو مافی مرۆڤ و نەتەوەکان بدات. یانی رژێمێک شایانی ئەوە بێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەناتۆو ئەمریکایەوە، خەرجی خستنی بکێشن.

هەر ئەمە دۆخی سوریا لەم چەقبەستوویيە دەرباز دەکات بۆ ئەوانەی دەخوازن نەزیفی خوێن رابگرن.

٢٠١٢-٣-٢٩

# کـۆڕەو

چــەند رۆژی تر کــوردستان یادی کـۆڕەو دەکاتەوە، کـــۆڕەو گەورەترین پڕۆسەی نارەزایەتی کوردە لەمێژوودا کـــەنەتەوەی کوردی لەهەموو دوومـەڵ و زام و بــرینەکانی پاککــردەوە، نەتەوەیەک بەداگیرکەری وت: نا، چونکە دەیزانی کە لەڕاپەڕیندا ئــەم نەعرەتەی وت ئیتر بەعسی تووڕە کــردووەو بێگومان بەعسیش تــۆڵە دەکاتەوە. کـــۆڕەو ساتە وەختێک بوو بەعس و کــوردستانی بەیــەکجاری لێک دابڕان.

کۆڕەو گوزارشتیش بوو لەوەی ئیتر کورد بەباش و جاشییەوە یەک چارەنووسی هەیەو نەتەوەش هەر دەبێ وا بێت.

کۆڕەو ڕووداوێکی گەورەیە لەڕەوتی تراژیدیاکانی کورددا کەپڕە لەڕاگوێزان و دەربەدەری و فەوتان.

گەورەیە، چونکە قەت بەو زەخمەوە نە قەوماوە، هەمیشە رەو کردن بەشی بەشێک بووە کە لەدیکتاتۆری یاخی بوون. ئەوی لەکۆڕەو قەوما هەموو کورد ، لەهەموو قۆڵەکانەوە، ئاوارەو تەوەلا بوون، چونکە هەموو کورد لەستەم یاخی بوون.

کۆڕەو راکردن بوو لەمردن تا ژیان مسۆگەر ببێت، دەستبەردار بوو لەماڵ و موڵک بۆئەوەی ئازادی هەبێ و ژێردەستی سکتر بێت. ئەمەش خەسڵەتێکی گەورەیە لەتراژیدیاکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، تراژیدیایەک بوو بۆ بەدەستهێنانی ژیان. قوربانی بوو بەدارولمولک لەپێناوی ئازادیدا.

کۆڕەو هەموو ئەمانە بوو کە لەمیدیای هەموو دنیادا رەنگیدایەوەو دەنگی نایەوە، کەچی لەمیدیای خۆماندا، لەچاو تراژیدیاکانی دیکەی ئازار، کەمترین ئیشی لەسەر کراوە، با ئیتر کۆڕەو بهێنینەوە بەرباس.

**٢٠١٢/٤/١**

# وەفاو یادەوەری

هەقە بەبۆنەی کۆڕەوەوە یادێک لەهەموو ئەو ژن و پیاوە ئازاو بەجەرگانە بکەین کە لەو هەلومەرجەدا لەسەر کورد هاتنە جواب. لەوانەی وەک سیاسەتمەدارو شۆڕشگێر، یان عەدالەتخوازو ئازادیخواز، یاخود وەکو هونەرمەندو نووسەرو رۆژنامەنووس، وەرزشکارو هەر هەڵسوڕاوێکی بواری گشتی لەسەرتاسەری دونیادا لەسەر کوردو تراژیدیاکەی، کۆڕەوی ملیۆنی، هاتنە دەنگ و وتیان شەرمەزارییە لەچەرخی نوێدا ئەمە بقەومێ کە لەکورد قەوماوە.

باسی سیاسەتی رەسمی دەوڵەتەکان ناکەم کە لەسەر زۆنی ئارام پێکهاتن و پڕۆسەی پرۆڤایدکۆمپفۆردیان دابینکرد. باسی ئەو هەڵوێستە مرۆڤدۆستانە دەکەم لەسەرتاسەری گۆی زەوی بەسرووددو گۆرانی و ئاهەنگی خێرخوازی، بەڕاپۆرت و دۆکیومێنت و فۆتۆی رۆژنامەوانیی، بەدەخیلەی منداڵ و قازانجی کۆنسێرت و حیسابی بانکی، جلی بالەی کۆن و قاپ و قاچاخی زیادەی ماڵ و کۆگاکان فریای ئاوارەو دەربەردەری کورد کەوتن.

سڵاوێک لەهەموو ئەوانەو لەکوردی باکوورو رۆژهەڵات کەماڵەکانیان لەگەڵ کوردی باشوور بەش کرد. سڵاوێک لەکوردانی تاراوگەو خۆپیشاندانەکانیان. لەجۆن مێجەرو لەمەدام میتران، لەڕەزازی و لەشڤان، لەمرۆڤایەتی گشتیان.

وەختێک کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنمان بەدەستەوە بادا، لەهاییتی تا دارفور، لەبەرقا تا دەرعاو حومس، لەکوێ دیمەنی رەو و برسێتی هەبوو ئەگەر هیچمان پێ نەکرا بۆ یارمەتییان، با لەبیرمان بێت ئەوانیش وەک جارانی ئێمەن و کەمێک درەنگتر کەناڵەکە بگۆڕین.

٢-٤-٢٠١٢

# ٢٢ ی نیسان

رووماــــان لـەیـادی رۆژنـامـەگـەریـی کـوردیـیـە لـەوەختـێـکـدا رۆژنامەگەرییەکەشمان وەکو خۆمان پەرت و بڵاوە. بێگومان بەشێکی ئەم دیاردەو دەرکەوتانەی ئێستا هەن هی قۆناغی ئینتیقالین و هەموو کۆمەڵێکی ئینتیقالی تووشی دەردی وا دەبن، دواتر دەردەکە دەرمان دەبێت. بەڵام بەشێکیشی دەستکردی فەزا سیاسییەکەیە کەسەنگەری بەرامبەر یەک گرتووە، نەیتوانیوە ناکۆکییەکانی کەنالیزە بکاو ریتمێکی سروشتی پێبدات. ئەم فەزا سیاسییە میدیا وەکو ئامرازێکی ململانێکە دەکار دەباو بەنەخۆشییەکانی خۆیەوە ئالودەی دەکات. هەمووشمان ئەوەمان کـردووە. هەیە بەکرداری ئەنقەست و هەشە لەپەرچەکرداردا. لەو نێوەندەشدا داوەرێک نییە قسە بکات، چونکە یەک لەداوەرە کاریگەرەکان خودی رۆژنامەیە، کەوەیس شێت بوو خەڵک بۆ چاکبوونەوەی شێت روو لەکوێ بکەن؟

رۆژنامەگەرییەکەمان دەردەدارە نەک لەبەر نەبوونی ئـازادی، دەردەداریمان لەنەبوونی دابونەریتی کارو بنەمای پیشەییدایە. لەتێکەڵی و پێکەڵی ژانرەکان و دیارینەکردنی سنووری نێوان رۆژنامەوان و چالاکوان و سیاسەتواندایە. دارتاش و ئاسنگەرو پزیشک دابورەسمی کارو پیشەیان هەیە، کەچی رۆژنامەنووسان کەدەبێ خەڵکی فێری ئەم ماریفەتە بکەین خۆمان لەهەڵسەنگاندندا قەرزار دەردەچین.

ئایا بێ ئومێد بین؟ نەخێر! هیواو ئومێد دەبێ هەبێت بۆئەوەی کاردانەوەکە بــەردەوام بێت. بەڵام بنتەملێ ئەم هیوایە تەشخیسی دەردەکانە. کەزانیمان دەردەکە چییە با تەگبیر لەدەرمانەکەی بکەین. مەرج نییە بۆ ١١٤مینساڵیادی رۆژنامەگەریی کـوردی، بەڵام دەبێ لەشوێنێکەوە دەست پێ بکەین.

٢٠١٢-٤-٣

# برایان

سەلەفییەکان لەدیویێکەوە هەڵەن و ئیخوانەکان لەمێژە هەڵەن.

سەلەفییەکانی میسر رەخنە لەکۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین دەگرن کەپاڵێوراویان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی میسر دەستنیشانکردووە لەکاتێکدا پێشتر وتبوویان پاڵێوراویان نابێت. شێخ عەبدولڕەحمان عەبدولخالق یوسف بانگەوازخوازی سەلەفی، ناسراو بەدامەزرێنەری سەلەفێتی هاوچەرخ ئێژێ ئیخوانەکان لەدەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا گوتیان پاڵێوراویان بۆ سەرۆکایەتی نابێت، کەچی ئێستا پەشیمانبوونەتەوە، (خەیرەت شاتر)یان بۆ ئەو پۆستە کاندیدکردووە. رەخنەی سەلەفی لەئیخوان ئەوە نییە کەئیخوان نابێ کاندیدیان هەبێت یان نابێ سەرۆکی وڵات ئیخوانی بێت، رەخنەی ئەوان لەوەیە بۆ بەڵێنیان داوەو بێ پەیمان دەرچوون.

ئـــەوان تازە هـــەڵەن و ئیخوانەکان لەمێژە هەڵەن. لەو مێژووەوە هەڵەن کە ئیسلام وا نیشاندەدەن تەنها لەخۆیاندا بەرجەستە دەبێت. جا بەو پێیەی کـــاندیدی ئەوان لەبرایانی موسڵمانە، دەبێ کاندیدەکانی تر لەبرایانی کافر بن و میسرییەکان پێیان نەزانیبێ.

سەلەفییەکان هەڵەن، چونکە لەشەئنی سیاسیی میسردا تازەن و ئایدۆلۆژیا یەکسان دەکەن بەهەڵوێست، بۆیە سەیریان لەبادانەوەی ئیخوان دێت. نازانن کەئیخوان ئەم هەلە بەهەلی مێژوو دەزانـن و هەرگیز دەستبەرداری نابن. شەهییەیان بۆ کێکی حوکم کراوەتەوەو دەخـوازن حەپەلوشی بکەن. ئـەوان وەعدیان دا تا پەرلەمانیان بۆ چووەسەر، ئێستا سەرۆکایەتیش دەبەن و ئیتر پەیژە دیموکراسییەکە لادەبەن کەپێی سەرکەوتن. دەورانێکەو دەبێ میسر ببیڕێ، تا میزاجی سیاسیی دیموکراسییەکی تر دێنێ.

٢٠١٢-٤-٤

# دەستووری ئەڵمانیا

بەگوێرەی چاپی بەردەستی بەندە بێت هەموو هاووڵاتییەکی ئەڵمانی، چ ئەڵمانییە خالیسەکەی هێلمەت کۆڵ و چ ئەڵمانییە تازە بابەتەکەی ئەریک هۆنیکەر بێت مافی خۆی خستۆتە گیرفانی خۆیەوە.

چاپی بەردەستی من هی دەستووری ئەڵمانییەو برای نووسەرو شاعیر دڵشادی عومەر کاکی بەدیاری بۆی هێناوم. چاپێکی جوان و سەرنجڕاکێش بەقەدر دەفتەری تەلەفۆنێکە، نامەوێ بڵێم بەقەدەر پاکەتی شقارتەیەکە نەکا بسووتێ. ئەڵمانی بام لەهەر جێگایەک تووشی تەشقەڵەو گێچەڵ بم دەستووری خۆم لەگیرفان دەردێنم و کەس ناتوانێ پێم بێژێ بەری چاوت بەکلەوەیە. رێک عەینەکەکەم دەکەمە چاوم و لەو سێ سەدو سی و پێنج لاپەڕەیە کەسەدان مادەی وردی تێدایە، بڕگەیەک هەر دەدۆزمەوە کە تەفسیرەکەی لەقازانجی خۆم بێت. جا ئیتر مودەعییەکەی بەرامبەرم دڵشادی عومەر کاکی یان ئەنجێلا مێرکل بێت: (کل کتابه بیمینه).

دەستوور دەخوازم لەسەر دەستووری خۆشمان بێمە جواب. چ دەستوورە یەکلاکراوەکەی عیراق کەسەد چاپی هەیەو چ پڕۆژە دەستوورەکەی کوردستان کەهێشتا لەمشتومڕی راپرسی یان گەڕانەوە بۆ پەرلەماندایە. ئەوی عیراقی ئیتیحادی هەتا چووە دەنگدانەوە دەستکاری کرا، ئەوەی بەملیۆنان کۆپی لێ بڵاوکرایەوە دوو جۆر بوون: دستکاریکراو و یەکلاییکراو. لەترسا کە بەدوای بڕگەیەکدا دەگەڕێم ناچارم لەسایتەکان بەدوای کۆپییەکی pdf ەوە بم کەئەویش پارێزراو نییە.

باشە لەقەبارەکەی گەڕێن، ئەگەر سبەی لەسەر بەشە نەوتی بایعییەکە لەگەڵ شەهرستانی تووشبووم ناوەرۆکی کام چاپ دەبێتە داوەر؟.

٦-٤-٢٠١٢

# ٩ی نیسان

لەبەر هەمان هۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی دوودڵە لەڕووخانی ئەسەد لەسوریا. لەبەر هەمان هۆی دوودڵی عیراقییەکان لەیادکردنەوەی ٩ی نیساندا کەڕۆژی رزگاری عیراقە لەدەست سەدامی دیکتاتۆر.

عیراقییەکان، بەتایبەتی عەرەبە ئۆپۆزسیۆنەکان، تا پەیکەرەکە لەگۆڕەپانی فردۆس رووخا ناوی رزگاری عیراقیان لێ دەنا. هەر کەشوێنیان گەرم بوو کردیانە ((داگیرکردنی وڵاتە خۆشەویستەکەمان لەلایەن ئەمریکای داگیرکەرەوە)). چونکە ئەمریکا فێرە وڵات بگرێ و فێر نییە داگیریان بکات، بۆیە لەخوتوخۆڕایی بەناولێنانی داگیرکەر لەبڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشدا رازی بوو، ئەمریکای شڵەژاو و عیراقییە ئۆپۆزسیۆنەکان کبریاو غیرەتی شێنەیی رێی لێگرتن دانی پێدا بنێن و سوپاسگوزاریی بەفیعلی ئەمریکا بن کە لەوپەڕی ئۆقیانووسەوە دەبابەکانی خۆی هێنایە سەر پردی رسافە.

عیراقییەکان، بەتایبەتی عەرەبە شیعەکانیان، شاگەشکە بوون بەم رزگارییەو لەژێرەوەش دنەی نەغمەی داگیرکاریی و دوژمنی بێگانەیان دەدا. شتێک وەک ئەوەی د.فوئاد عەجمی ناوی نا (دیاری بێگانە). دیاری بێگانە، چونکە رەنجی پێوە نەکێشراوە ئاساییە زوو لەدەست بدرێت. لەساڵی ١٩٩١وە تا کەوتنی سەدام ئۆپۆزسیۆن گللەییان لەئەمریکا دەکرد کە بەعسی بەرەڵاکردۆتە گیانی عیراقییەکان. کەڕووخاندی وتیان داگیرکەرە.

ئێستا عیراق ئازادو (٩)ی نیسانیش رۆژی سەربەرزییە بۆ دیموکراسیی، بەڵام عیراقییەکان خۆیانی لێ تەوەللا دەکەن.

لەبەر ئەمە ئەمریکا دوو دڵە لەلابردنی ئەسەد، لەڕزگارکردنی دیمەشق.

دەترسێ رۆژێک کەس یادی (٩)ی نیسانەکەی گۆڕەپانی دیمەشق نەکاتەوە.

**٢٠١٢/٤/٩**

# سلێمان هاتەوە

عومەر سلێمان هاتە سەرخەت، لای ئیخوانەکان ئەمە کلک گرێدانی عەسکەرە لەگەڵ جێگری پێشووی موبارەک، لای هەندێکیش ئەوە دیموکراسییەو دیموکراسیش ماوە بەهەموو کەسێک دەدا خۆی هەڵبژێرێ.

هەندێکی تریش دەڵێن ئەگەر دەستـەواژەی فلولی نیزام، واتا پاشماوەکانی رژێم راستە، یانی چی سلێمان دێتەوە کایەکە؟ ئەگەر جێگری موبارەک و پاڵێوراوی زەمانی خۆی بۆ جێگرتنەوەی فلول نەبێ، ئەی کێ هەوە؟

ئێمە نازانین ئێستا لەمیسر لەسەر ماکی ئەم کێشمەکێشە چ دەگوزەرێ. مەلا یاسین، کەنوێنەری یەکێتییە لەقاهیرە، هیچ بەئێمە ناڵێ، بۆیە ئەوی دەیڵێین مەزەندەیەو ناچێتە بابی یەقینەوە.

پێموایە ئیخوانەکان دەستەبژێری سیاسی میسریان لەخۆیان تۆقاند، ئەم لافاوەی هاتووە بەدەستەبژێرە لیبراڵ و عەلمانییەکان، بەگەنجانی ئازادیخوازی گۆڕەپانی تەحریر بەربەست نەکرا، ئەمانە زۆر لەوە لاوازتر دەرچوون کەبتوانن حەفت و هەشت بکەن لەگەڵ رەگوڕیشەی حزبێک لە١٩٢٧ەوە دامەزراوەو پشت بەشرۆڤەی تایبەتی خۆی بۆ ئیسلام دەبەستێ. بۆیە لەهەمبەر لافاودا بەربەستی فیرعەونی هاتەوە کایە کەئەستوونێکی رژێمی پێشووە. لەبەردەم پتر لەپاڵێوراوێکی ئیخوانی راستەوخۆو تام ئیخوانیدا، لیبراڵێکی بێ پشتوپەناو گەنجێکی شۆڕشگێڕی رۆمانسیی هیچی پێ ناکرێت. بۆیە عومەر سلێمان خۆی پاڵاوت.

لەبەڵێنی ئیخوان گەڕێ کەوتیان پاڵێوراومان نییەو هەیان بوو، کێشە ئەوەیە ئیخوان نەیتوانی سیاسەتێک رەچاوبکات کەخەڵک لەخۆی نەورووژێنێ و بتوانێ لەم بەهارەدا بەئیسراحەت بیخوات.

٢٠١٢/٤/١٠

# بیسرپینەوە؟

هەرچەندە پێوانەی سەد ساڵی کارێکی ئەستەمە، لەتوانای پەیامبەرەکان و پیاوانی چاکەخوازی پێشبینیکارە، نەک شرۆڤەکارو مرۆڤە ئاساییەکانی وەکو ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمرۆڤ لەڕەوتی تەمەندا دەکەوێتە نێوان دوو سەدەی وەک سەدەی بیست و سەدەی بیستویەکەوە، ئەوا بەناچاری دەبێتە شایەد بەسەر دوو قۆناغەوە، قۆناغێک گوزەری کردو قۆناغێک سەری دەرهێناوە. هەستێکی گشتی وا لەمرۆڤ دەکات پێیوابێت دەتوانێت باڵ بەسەر شیکردنەوەی دوو سەدەدا بگرێت، ڕەنگە ئەمەش هەستێکی متەوازع بێت بە بەراورد لەگەڵ هەستی ئەوانەی نەک باڵ، بەڵکو پاڵیان داوەتەوە بەسەر دوو سەدەوە بێ ئەوەی بەخەبەر بێنەوە کەسەدەی نوێ سەرەنجام دەستپێکێکی نوێی تێدایە.

لەم ڕۆژانە، جارێکی تر، بیروڕاکانی پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغڵوم خوێندەوە لەسەر مەسەلەی کورد کەپێشتر کوردستانی نوێ لەکتێبی قووڵایی ستراتیژییەوە وەریگێڕابوو. قسەکانی لەسەر کوردی سەدەی بیست بوون، قەرار نییە ئەم سەدەیەش هەروا کەساس و ئەنفالکراوبین چ سەبارەت بەنەتەوەی کوردو چ سەبارەت بەکوردستانی جنوبی. ئۆغڵو خۆی هاتە هەولێرو زانی رابوونی شێنەیی کورد هەقیقەتێکە هی نکۆڵی نییە.

سەدەی بیست پەڵەیەکی ڕەش بوو بەنێوچەوانی مرۆڤایەتییەوە. کوردو بندەستەکان خەباتیان کرد بۆ لابردنی. هەروەکو تودۆرۆف لەکتێبی ((هیواو یادەوەری))دا پوختەکەی وا هەڵدەسەنگێنێ: (دەتوانین ئەم سەد ساڵە لەلاپەڕەکانی میژوو لاببەین، با سەدەی بیستویەک لەو شوێنەوە دەستپێبکات کەسەدەی نۆزدە پێی گەیشت)، چونکە سەدەی ئەنفال بوو.

٢٠١٢/٤/١٣

# کادری یەکێتی

نەخشەو هەیکەلی هەر رێکخراوێک وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانیی کارو خەباتێتی. یانی بەگوێرەی گۆڕانکاری لەپێویستی خەباتەکە: فراوانبوون و گەشەکردنی و ئەو جەماوەرەی خەباتەکەی پێ و بۆ دەکرێت، گۆڕانکاری لەنەخشەی رێکخراوەیی دەکرێت. ئەوە راستە لەهەر حزب و رێکخراوێکدا کۆنگرە بڕیاردەرەو لەپەیڕەوی ناوخۆدا جێی بیرۆکەی نوێ دەکاتەوە، بەڵام پەیڕەوی نەرمونیان رێگەی ئیجتهادی داوە. بەتایبەتی لەبواری بەگەڕخستنی توانای کادرو تێکۆشەرەکاندا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکێکە لەو یەکێتییە تێکۆشەرانەی ژمارەیەکی زۆری کادرو تێکۆشەری هەیە کەوەک دەڵێن بەشی دوو حزبی تر دەکات. ئەمانە زۆرن نەک زیادن، ئەگەر باش رێکبخرێن و بخرێنەگەڕ یەکێتی وەکو جاری جاران ((تەقلە بەفیل لێدەدات))و خەباتی دیموکراتی و کوردایەتی خۆی دەباتە ئاستێکی باڵاترەوە.

ئەم زۆرییە ئەگەر ئاراستەو دابەش و دانەڕێژرێتەوە لەجێی خێرو خەبات لەناو هەناوی حزبدا گینگل دەخوات و دەبێتە قەرەباڵغییەکی بێ هونەر. بەڵام ئەگەر رێکبخرێنەوە هێزێکی گەورەن بۆ حزبایەتی، بۆ پڕۆسەی دیموکراسی و دوا رۆژی کوردایەتی. لێرەوەیە دەگوترێ یەکێتی لەسەر کەس پەکی ناکەوێ و کەسیشی لێ زیاد نییە بەمەرجێ زۆرییەکەی لەبۆریدا بەهەدەر نەدرێت و لەڕێی بووژاندنەوەی گیانی خەباتگێڕی و جێکردنەوەی چەمک و مواسەفاتی کادرو تێکۆشەر، ئەم دیاردە خێرو ئیجابییە بەئیجابیانە بخرێنەوە روو.

هەڤاڵان و خوێنەران ئێوە راتان چییە؟

٢٠١٢/٤/١٥

# خەرتووم و جوبا

ئەو شەڕەی لەنێوان دەوڵەتی نوێی باشووری سودان و دەوڵەتی کۆنی سودان شەڕێکی خراپ و ناوەختە. بۆ هەردوولا نموونەی دزێو نیشان دەدات.

خەرتووم کۆششی زۆری خەرجکرد تا لەقبوڵکردنی جیابوونەوەی جوبا بیسەلمێنێ بەشیر گۆڕاوەو ئەو جەنەڕاڵەی جاران نییە کە لەڕێی جەنجەویدەوە تەعریب و ئەنفالی باشوورییەکانی کرد. خەرتووم بەنەرم و نیانی مامەڵەی لەگەڵ سەربەخۆیی باشوور کرد، شتێک سەرۆک وەزیرانی ئێستای بەریتانیا دیڤید کامیرۆن، نەیتوانی لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی سکۆتلەندا دا بیکات.

کامیرۆن وەک ئینگلیزێکی ئەعساب سارد لێدوانی نەدا کەبیستی لەوانەیە بەریتانیای دابەشکەری جیهان خۆشی دابەش ببێت. کەچی خەرتووم سپۆرت تر بوو لە لەندەن، وەختێک بەعەساو سەولەجانەوە سەمای سەربەخۆیی باشووریان سەندەوە.

خەریک بوو دونیا ئەنفالی دارفۆر لەبیر بکات لەبەر ئەو سپۆرتییەی خەرتووم، کەچی وا ئێستا ململانێ لەگەڵ باشوور، جەنەڕاڵەکانی بردەوە سەر پلێت، سەر خوو و خەسڵەتی رەسەنی خۆیان.

شەڕەکە بۆ (جوبا)ش خراپە. چونکە کۆمەڵی نێودەوڵەتی دوودڵ دەکات لەپشتیوانیکردنی سەربەخۆیی وڵاتان و میللەتانی دیکەی بندەست.

سیاسەتمەدارە مەرکەزیخوازەکانی دونیا بەم رەفتارە باشوورییە حوجەیان چنگ دەکەوێت کەسەیری دەوڵەتی نوێ دەکـەن هێشتا ساڵێکی سەربەخۆیی نەگوزەراندووە شەڕێکی بەرپا کردووە. ئەگەر بۆ پایتەختی داگیرکەر شەڕ بۆ مانەوەی جوگرافیای یەکگرتوو هەر شەڕ بێ و پەسەندکردنی سەربەخۆییش هەر شەڕ بێ، ئیتر بۆ سەربەخۆیی رەواج پەیدا بکات؟ شەڕەکە بۆ هەردوولا وەختی نەبوو و قازانجی نییە.

**٢٠١٢/٤/١٨**

# ئەگەرو ئەگەر

ئەگەر دوو رۆژ بڕیار بەدەست بم لەبواری رۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەیاسا، ژمارەی گۆڤارو رۆژنامەکان رێکدەخەمەوە، کەمی دەکەمەوەو تێکەڵکردن و ئیلحاق لەگەڵ هەندێکیان پەیڕەو دەکەم.

پرۆژەیاسا دادەنێم کە بەگوێرەی ئاستی گەشەی کۆمەڵی کوردەواری سێ رۆژنامەی رۆژانە، دوو گۆڤاری هەفتانەی سیاسیی هەبێت، چەند گۆڤاری وەرزی هەبێت کەئەمە تێری پێویستییەکانی کوردستان دەکەن.

گۆڤارەکان بەپێی کارەکان پۆلێن دەکەم. ئەوی حەزی لێیە گۆڤار دەربکات کایەکان دەخەمە بەردەستی: فەرموو برا لەبواری وەرزشدا کەموکوڕیم هەیە، سێ گۆڤاری هونەریم هەیە، هی ترم ناوێ، دانەیەکی وەرزشی دەربکرێت چاکترە لەزۆرکردنی گۆڤاری هونەری. تا کایەی زانستی پڕنەکرێتەوە بەگۆڤاری چاک لێناگەڕێم دانەیەکی تری سیاسیی دەربچێت. یان بۆ نموونە دەڵێم کوردستان لەهونەردا گۆڤاری سینەمای پێویستە تا گۆڤاری ئەستێرەکانی گۆرانی، دانەیەکی ئایتیمان دەوێت و سێ گۆڤاری پزیشکیمان نەگەرەکە. بەمجۆرە رێگا بۆ سەنگینی و فرەیی رۆژنامەوانیی خۆش دەکەم.

هیچ شتێک بەقەد یاسا کاری رێکخستنی ئازادی و پاراستنی فرە رەنگی پێ ناکرێت.

چیتر دەکەم، یەک رۆژی سەرباریشم بدەنێ خاوەندارێتی رۆژنامەش هەر بەیاسا رێکدەخەم. بۆچی پزیشکەکان لێناگەڕێن هەموو کەسێک کاری پزیشکی بکات و ئەهلی قانوون حەزیان لەکۆلێژی مافی ئێواران نییە، وا لەبواری رۆژنامەنووسیش ئەکەم. رۆژنامەنووسی کاری بێکارو بێ بەهرەکان نییە. پێوەری بۆ دادەنێم و وای زەحمەت دەکەم بەحاڵ جێگەی خۆمی تێدا ببێتەوە.

٢٠١٢/٤/١٩

# دوادیدار

کوردستانی سوریا بوونی نییە، چونکە لەکتێبەکانی سەمیر ئەمیندا ناوی نەهاتووە. جا ئەویش وەک وەرگێڕێکی نووسراوەکانی دان بەشتێکدا نانێت کە ئەمین دانی پێدا نەنابێت.

لەزەمانی چەپدا بورهان غلیونمان وەک وەرگێڕێکی باشی تێزی (دامێن و نێوەند) دەناسی، ئێوە هەر یەخەی عەدالەت عەبدوڵڵا دەگرن کە دۆستایەتی لەگەڵ غلیوندا هەیە. ئەگەر تاوانبارێک هەبێت ئەوا بەندەو توانا ئەحمەدە کە لەسەرەتای راپەڕیندا موعجەبی سەمیر ئەمین و وەرگێڕەکەی بووین. وەرگێڕ گەشەی کرد تا کەوتە دیالۆگی بەرامبەرەکی لەگەڵ مامۆستاکەیدا، زەمانی عەدالەت لەکوردستانی نوێ غلیون کەوتە گفتوگۆ لەسەر دیموکراسی و کەمینەکان و مافی مرۆڤ، ئیتر بەندەو توانا ئاگامان لەم بیرمەندە نەما کە لەناکاو هاتە سەرهێڵی دۆستایەتی رۆژئاوا.

موپاسانی فەرەنسایی ئیدیۆمێکی هەیە دەڵێ: ((بەهار هات فەرەنسییەکان وریای دڵداری بن)). کە بەهاری عەرەبی هات غلیون ئاگای لەپێشینەی چەپایەتی نەماو شنەباکەی ئیخوان بردی، ئەگەرچی وەک رۆشنبیرێکی فرانکۆفۆنی دەیتوانی قسەکەی موپاسان لەسەرچاوە ئەسلییەکەیەوە بخوێنێتەوە.

لەمینبەری سیاسەتەوە نکۆڵیکردن رەوانتر باسدەکرێت. ئەوی لەنووسراوەکاندا هەیە شتێکەو ئەوی لەڕاڕەوەکانی سیاسەتدا هامشۆیەتی، شتێکی ترە. عەبدولمەلیک بن مەروان قورئان خوێنێکی باش بوو، کەخەبەریاندا نۆرەی تۆیە لەسەر تەختی سەڵتەنەت دابنیشی، قورئانی پیرۆزی پێچایەوەو بەعەرەبی شتێکی بەم مانایەی وت (ئەمە دوا دیدارە). حاشاکردنی غلیون لەکوردستان دوا دیداری بوو لەگەڵ کتێبەکانی.

٢٠-٤-٢٠١٢

# ڕۆژنامەی کاغەز

ئەگەر سایت هەڕەشەیە بۆ سەر ڕۆژنامەی کاغەزی، خۆ دەبێت فەیسبوکیش هەڕەشە بێت بۆ سەر خودی سایتەکانیش.

ئایا سایتەکان تەنها هەڕەشەن بۆ سەر کاغەز لەبەرئەوەی دەتوانن نووسراوەکان و ڕۆژنامەکان لەسەر ڕووپەڕی خۆیان بڵاوبکەنەوە. ئەگەر وایە بۆچی سایتەکان نەبوونەتە هەڕەشە بۆ سەر تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان. ئایا گرتەی ڕەنگی و ئەتاچی دەنگی لەسایتەکاندا نین؟

ئایا خودی تەلەفزیۆنەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت نین؟ ئەی بۆ نابنە ئەڵتەرناتیڤ بۆیان؟

گەشەی تەکنەلۆجی لەبواری پەیوەندیدا وەکو گەشەی ڕاگەیاندن وەردەگیرێت. ئەگەر کاریش وا بڕوات ناتوانین وەزیفەکانی پەیوەندی و وەزیفەکانی ڕاگەیاندن لێک جیابکەینەوە، مادامەکی مۆبایل و ئایپادو ئیمێڵ و فەیسبوک کاری ڕاگەیاندنی هەواڵ و بۆچوونەکانیش دەکەن.

جا لەبەرئەوەی ڕۆژنامە تەنها نێردەرەو پەیوەندیی خۆی لەگەڵ خوێنەر وەکو (نێردەر-وەرگر) ڕێکخستووە، لەداهاتوودا دۆخی باش نابێت ئەگەر وەکو ئامڕازەکانی دیکەی پەیوەندی، کە لەهەمانکاتدا ئامڕازی ڕاگەیاندنیشن، چەشنێکی نوێی هاوسەنگ و بەرامبەرکی دروست نەکات.

بەڵام ڕێکخستنەوەی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا یەک لەچارەسەرییەکانی کەم خوێنەرییەو نابێتە یەک لەچارەسەرییەکانی ڕێگای پارەدارکردنی ڕۆژنامە، چونکە لەکوردستان خوێنەرو کڕینی ڕۆژنامە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ناگێڕن لەتەمویلکردنی ڕۆژنامەگەرییدا سپۆنسەرو ریکلام پارە بۆ ڕۆژنامە پەیدا دەکەن و تێچوونی کارەکانی دابیندەکەن. ڕۆژنامە تا خوێنەری زیاتر بێت سپۆنسەرو ریکلام هان دەدات لەسەر درێژەپێدانی تمویلکردن. بەڵام قەت پارەی خەرجکراوی بۆ ناگێڕنەوە.

٢٠١٢/٤/٢٤

# چینی کرێکار

کێ چینی کرێکاری لەبیرە؟ بزووتنەوە چەپ و کۆمۆنیستەکان؟ یان سەندیکا دروستکراو و خۆڕسکەکان؟

کە کۆبوونەوەی یەکەمی ئینتەرناسیۆنال کرا، مارکس جوان وەسفی ئـــاهەنگەکەی کرد: عومدەی شار لـــەوێ بوو، چەند کـــەسایەتییەکی دیار لەوێ بوون، هـــەمووان لەوێ بوون، تەنها خاوەنی کێشەکە، کرێکاران، نەبێت.

لەسەد ساڵی تاودانی بزووتنەوەی چەپدا هەموو لەوێ بوون، بەتەنها کرێکار نەبێت.

چونکە ئێستا ئیش بەڕیش هەڵدەسووڕێ و ئایدۆلۆژیای تر جێی کۆمۆنیزمی گرتۆتەوە، کەس لەکرێکاران ناپرسێتەوە. لەکاتێکدا بزووتنەوەی چـەپ لەکۆمۆنیزم فراوانترو ئامانجی دادپـــەروەری کۆمەڵایەتیش لەخەونەکانی سۆشیالیزمی ئاواکراویش مەزنتر بوو. کرێکار لەسەر زەمین و لەکارگەیەو ئەندێشەی وردە بۆرژواش بۆ پرۆلیتاریایەکی رۆمانسی لەنێو لاپەرەی کتێباندا دەگەڕا.

چینی کرێکار عاشقێکی نادیاری خەیاڵی چەپەکان بوو، وەک شاعیرێک شیعر بۆ کچێک بێژێ کە بەس لەدیوانەکاندا هەیەو کچانی بەردەم و تەنیشتیش هیچ نەبن جگە لەو کەرەستانەی بۆ چەوساندنەوە، یان بۆ تێری حەزی کاتی هەناسە بدەن.

تاوی سەندووی کۆمۆنیزم نیشتەوە، بەڵام خۆ چینی کرێکار هەر ماوەو ئازارو مەینەتی ژیانیشیان هەر درێژەی هەیە، مادام کارو خەبات بۆ بژێوی ژیان و بۆ داهاتووی چاکتر درێژەیان هەیە.

کرێکار هەیەو دەمێنێ تا ئاوەدانی و بیناکردن و ململانێی ژیان بۆ کۆنترۆڵی سروشت و کەرەستەکانی بمێنێت. رەنجی شانە بۆ ژیان و هەقە لەئەندێشەوە بهێنرێتە سەر زەوی.

٢٠١٢/٤/٢٥

# گۆبەنی کەر

لەسەر کەرێک گۆبەنێکی سیاسیی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی نراوەتەوە.

ئەمما کەرێکی ئەفەندی کە ئیلهام لەکەرە کلاسیکییەکەی نالی وەردەگرێت و خاوەنەکەی لەتیقی و ڕۆژنامەکان داکۆکی لێدەکات.

ئەمرۆ واباوە شتێک دێتە پێشەوە قەوموقیلە بەسەر دووبەرەدا دابەش دەبن و کەسێک نییە ناوبژیوانییان بکات. بێگومان دەبێ منیش لایەنێک بگرم کەڕاستێکەی کەری بەستەزمانم پێ باشترە با ئەو کەرە ئەفەندیش بێت و پۆزی بێکاری داپۆشراومان بەسەردا لێبدات.

بەڵام دەمەوێ لەسەر دیاردەیەکی کوردستانیی بدوێم کەخەریکە بڵاودەبێتەوە. جارێ نەبێتە موزایەدە دڵنیام ئەم پەیکەرە ئەگەر لەکەرکوک، کەزێدی شێخ ڕەزایەو غەزەلی بۆ کەریش وتووە، دانرابا، هەر دەکەوتە بەر توانج. لەهەولێریش هەروا دەبوو، بۆیە ناڕەزایی لەسلێمانی نابێ بەسەیر تەماشا بکرێت. کۆمەڵی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی جیکڵدانی تەنگ بۆتەوەو شرۆڤەی ناخۆش و مەبەستداری سیاسیی بۆ هەموو شتێک دەکات.

هەست دەکەم فەزایەکی کۆمەڵایەتی بەرتەسک خەریکە زاڵ دەبێت و گیانی وەرزشی قبوڵکردنی توانج و سیخورمەی کۆمەڵایەتی گرمۆڵە دەکات. دەنا هەموومان دەزانین سلێمانی بەوە ناسراوە لەگەڵ ناخۆشترین دەرکەوتدا نوکتەو توانجێکی مزری هەیە کەهەقی شارە حەیاتەکە بکاتەوەو خۆشی و فەرحنایی ببەشێنێتەوە.

کەرەکەو پەیکەرەکەی خۆی لەخۆیدا کێشە نییە، بەڵکو ئەوە بۆنەیەکە بۆئەوەی لەململانێی نێوان خەندەو ژیان لەلایەک و گرژی و مەرگدۆستی، لەلایەکی ترەوە، خاڵێکی بردنەوە تۆمار بکرێت.

٢٠١٢/٤/٢٦

# بەغداو ئەنقەرە

شەڕە قسەی مالکی و ئەردۆگان کەشوهەوای نێوان ئەنقەرەو بەغدای تێکداوە. دەردێکی سەرباری خستۆتە سەر دەردە ناوخۆییەکانی عیراق و تورکیا.

تورکیا لەناوخۆدا کێشەی لەگەڵ حزبەکان و لەگەڵ کوردەکانیش هەیە. مالکیش لەعیراق کێشەی لەگەڵ حزبەکان و لەگەڵ کوردەکانیش هەیە.

بۆیە هەردووکیان کێشەکانی ناوخۆی یەکتری لەدژی یەکتری بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێی دەرەکی نێوانیان بەکاردێنن.

ئەردۆگان بەمالکی دەڵێ فیتنەگێڕیی تایفەگەرییە لەنێوان کوردو شیعەو سوننەدا. مالکیش پێی دەڵێ تورکیات کردۆتە وڵاتێکی دوژمن. وا بەری دوو رۆژیش لێدواندەرێکی زۆرو زەوەندی لیستەکەی وتوویەتی: دۆسێی کوردو کێشەی مەزهەبی لەتورکیا هەڵدەینەوە.

لەهەردوولا باسی کورد دەسکەلایە بۆ ململانێ و مەزهەبەکانیش تورشوخوێی ناکۆکی نێوانن، لەعیراق هی سوننەو لەتورکیاش هی عەلەوییەکان. بەمجۆرە دەبێ ئەم گرفتانە بێ چارەسەر بمێننەوە بۆئەوەی لەشەڕی بانگکردنەوەی باڵیۆزەکاندا هـەردوولا کەرەستەیان دەست بکەوێت. بانگکردنەوەی باڵیۆزەکان بزاوتێکی ناودەوڵەتانە بۆ راگەیاندنی پرۆتستۆ بەشێوەیەکی دیپلۆماسی. ئەویش ئەگەر زۆر بەکارهات، وەک بەغداو ئەنقەرە کردیان، ئەبێتە زیزبوونی بووکەکان لەفەرهەنگی ژن بەژندا.

رێگای ئاسانتر هەیە بۆ چارەسەری: لەجێی ئەوەی ئەنقەرە توانج بگرێتە بەغداو بەغداش وا بکات، کە لەم نێوانەدا لەوانەیە سەری تیا بشکێت، باشترە هەردووکیان سەربنێن بەسەر کێشە ناوخۆییەکانی خۆیانەوەو چارەسەری بکەن. بۆ ئەردۆگان دیاربەکر لەبەغدا نزیکترەو بۆ مالکیش هەولێر لەپێشترە بۆ دواندن.

٢٠١٢/٤/٢٧

# قەڵادزێ و ئەرمەن

یادی بۆردومانی قەڵادزێ، هەڵەبجە، کۆمەڵکوژیی ئەرمەن و داپڵۆسینی مرۆڤەکان بوو.

لەهەر کوێیەک چەند دەستەیەک مرۆڤ گیر دەخۆن و جوگرافیای دڵڕەق لەبازنەیەکی نەیاردا قەتیسیان دەکات کە لەگەڵ مێژوو و پێشینەی ئەواندا ناکۆکە، قەتڵوعام دەقەومێت. خودا ئاماژەیداوە ئێوەمان لەگەل و هۆزگەلێک دروستکردووە تا یەک بناسن، کەچی بەندەکانی لاساری دەکەن، دەست لەکاروباری خوا وەردەدەن: قەڵادزێ کەنابێتە بەعسی بۆ مردن خاسەو هەڵەبجەیی کەبۆ عەلی حەسەن مەجید رامنابێت با کیمیاوی چارەنووسی بێت.

خودا ئەرمەنی لەسەر زەمینی ئەرمەنستان و کوردستان دروستکردووە، بەڵام بەندە دڵڕەقەکانی خوا، ئەم دوو ستانە گرێدراوی جوگرافیای سیاسی دەوڵەتێک دەکەن کە بەجیاوازی تووشی پەستانی خوێن دەبێت. بۆیە ئەرمەن دەکوژێ و دەرسیم دەبڕێ و قەڵادزێ تەخت دەکات سا بەڵکو رێی بۆ تەخت بێت؟

شوێنی قەڵادزێ سازگارەو خوا شارەزووری وانەخشاندووە کە نالی لەغەریبیدا دەروونی بۆی بکوڵێ، عەربەت وا شیرین دەکا کە دووپشکەکەشی لای پیرەمێرد هەنگوینی شیرین بێت، سلێمانی وا نازدار دەکات خەڵکەکەی ماشەڵڵا بۆ رەشەباکەی بکەن، یانی خەڵکەکە رازییەو بەمەش وڵاتان، نەک دەوڵەتان، پێکدێت، بەڵام بەدکارەکان گەرەکیانە جوگرافیا ملکەچی ئەندێشەی خۆیان بکەن، بەڵکو وێنە لەگەڵ وێناکردندا وێکبێتەوە.

جەمال پاشای خوێنڕێژو عەلی کیمیاڕێژ بێزراوی دیرۆکی مێژوون، ئەگەر لەبیریشیان بکەین با کردەوەکانیان لەیاددا بن.

لەوەش گرنگتر چۆن تەگبیرێک بۆ دونیا بکەین بەو جۆرەی قەتڵوعامی تر نەبێت.

٢٠١٢/٤/٢٩

# ئەویش کوردستانە

((ئێرە کوردستانە)) ناونیشانی هەینییەکی کوردەکانی سوریا بوو لەپرۆتستۆ هێمنانەکەیان.

ئەم ناونیشانە ئەهێنێ ناونیشانی چەند هەفتەیەک و هەموو هەفتەیەکی نارەزایی بێت، مادام گوزارشتێکی راستەقینەیە لەواقیعی مێژوو و جوگرافیاو سەرەتای مافی کورد ئەگەر بخوازن دانی پێدا بنێن.

((ئێرە کوردستانە)) سەرنجڕاکێشە، چونکە هەفتەیەکە کوردەکان خۆیان ناویان لێناوە، وەک نەریت وابوو کە ناولێنانی هەینی نارەزایی لەتێکڕای خۆپیشاندانەکانی ئەو هەینییە دەنرێت. واتا ناولێنانێکی گشتگیریی سورییە. ئەو هەفتەیەی (ئێرە کوردستانە) بوو لەقامیشلۆ، بێگومان لەدەرعاو حومس هەینی ناوێکی تری هەبووە، چونکە ئەگەر ئەوانیش هەینییەکەیان هەینی کورد بووبێت مانای وایە دان بەکوردستانی سوریادا دەنێن و پێچەوانەی قسەکەی بورهان غلیۆن دەسەلمێنن کە بەناوی شۆڕشی سوریاوە نوتقی دا (کوردستانی سوریا نییە). هەینی تێکڕای سوریا (ئێرە کوردستانە))ی کوردی نەسەلماندووە. جا بەوەدا کورد ناوی خۆی جیادەکاتەوە یانی راپەڕینەکەشی خۆی لەهی سوریا جیاکردۆتەوەو کارەکتەری تایبەتمەندی کورد روونتر دەردەکەوێت. هەروەها ناوی هەینیمان جیایە، شێوەی خۆپیشاندانمان جیایە کەکورد پێ لەسەر سیما ئاشتیخوازییەکەی دادەگرێت و ئیخوانەکان راپەڕینەکەیان چەکدارانەیە.

بەمشێوەیە کورد ماڵی خۆی لە بەعس جیا کردۆتەوە، چونکە پرۆتستۆی دەکاو ماڵی خۆشی لەئۆپۆزسیۆن جیا کردۆتەوە، چونکە کوردستانەکەی ناسەلمێنێ.

کەس نازانێ ئەم دۆخە بەکوێ دەگات؟ بەڵام ئەوەی دیارە کورد هەموو هێلکەکانی خۆی ناخاتە سەبەتەی کەسەوە. ئەویش کوردستانەو تایبەتمەندی خۆی هەیە.

٢٠١٢/٤/٣٠

# زارو شار

هەر شتێک کەوتە سەر زمانی میدیا، سیاسییەکان پێیان کۆناکرێتەوە، قسە کەوتە زاران کەوتە شاران. چی شتێک بەقەدەر رۆژنامە لەشاراندا بڵاو دەبێتەوە؟ قسە هەتا رازە خاوەنەکەی شابازە لەمانۆڕی سیاسیدا. هەر کە ئاشکرا بوو، باری خاوەنەکەی خوار بوو. ئیتر کۆمیدیای هەڵەکانەو بۆ پینەی قسەیەکی هەڵە تووشی هەڵەیەکی تر دەبێت و دواییش وێنەی سیاسەتمەدار لەسەر پەڕەی دڵەکان دەمووچاوێکی پڕ لەتەقەڵ و پینەدۆزییە.

ئەمە دیدێکی کۆنەپەرستانە نییە بۆ رۆڵی رۆژنامە. هیچ رۆژنامەیەک با زۆر خۆپارێز بێت ناتوانێ بەسەر ئەو ئارەزووەدا زاڵ بێت کەباسی سیاسییەکان بکاتە بابەتی خۆی. لەئێمە بپرسن کەئەهلی قسەین و خۆمان باشتر سەنعەتەکەمان دەناسین. هەر ئەوەندە کەسێک کەوتە داوەوە ئیتر بلاجکتۆری میدیا کەمەندکێشی دەکا. چوونی بەدەست خۆیەتی و گەڕانەوەش بەدەست خوای گەورەیە. ئەوی لەناکۆکییەکان تەشەنە دەسێنێت با چەند دژواریش بێت ڕاڕەوەکانی سیاسەت و کەمەندی تەدبیر دەرەقەتی دێن. ئەوی دێتە نێو گۆڕەپانی میدیاوە تۆپتۆپێنێکی پێدەکرێت زەحمەتە بەرهەڵدا بکرێتەوە.

سیاسەتکار دەبێ بەقەترە مینبەری میدیا بەکار بێنێت بۆئەوەی مەسجەکەی کاریی بێت. دەبێ بزانێت مەسج لەخۆیەوە بۆ جەماوەرە، نەک لەخۆیەوە بۆ رکابەرەکەی کەئەویش دەکەوێتە گۆشەی کوردە ناموسەوە.

ئەمە بۆ سیاسەت وایە کەبێ میدیا ناژێت، ئەی بۆ کایەکانی تر کەپێویستە دوور لەبلاجکتۆری میدیا بەردی راستی هەڵبکۆڵن. ئەو دەمە ئەوی دەرکەوت، تێکەوت.

٢٠١٢/٥/١

# داخی بەجەرگم

بەری چەند دەیە موفتی پێنجوێنی بە لەخۆڕازیبوونێکی کوردانەوە پێنجوێنی بردە ریزی بوکی وڵاتانی عەرەب، ناوی لوبنان شکێنی لێ نا، کە ناوی لوبنان وێنابوو بۆ جوانی و سەیران و خۆشگوزەرانی.

دەورانێکی تر لوبنان وەک پێنجوێن کەوتە ژێر باری جەنگ و ماڵوێرانییەوە. لەبەیروت بەعسێک و لەکوردستان و پێنجوێنەکەی بەعسێکی تر لوبنان و پێنجوێنیان بەشێوەیەکی کاتی شکاند، بەڵام ژیان لەبەعسەکان بەهێزترە، بۆیە شارو وڵاتەکانی وەکو لوبنان و پێنجوێن کۆڵیان نەدا.

پێنجوێن مینرێژو وێران و سەرگەردان کرا، بەو زەخمەوە هاتە ناو کوردستانی ئازادەوە. (NGO)کان دەهاتن گوایە مین لا دەبەن، ئێستاش لەبیرمە هاوڕێم عومەر غەریب، قایمقامی ئەوکات، چووە ناو کێڵگەیەکی پەرژینکراو گوایە رێکخراوێکی بیانی پەرژینی قەدەغەی بۆ کردووە، وتی: فەرموون کوا مین لێرەیە؟ کادری خۆماڵی باشتر لەم قژ زەردانە شوێنی مین دیاری دەکات.

ئێستای پێنجوێن لە دوێنێی مینرێژکراوی باشترە.

ئەمجارە کە چووینەوە بەهاری ترە، ئاوەدانی تێدایە، بەڵام هەستم دەکرد وەک تەلەفزیۆنێکی شپرزە تۆنی رەنگەکەی کاڵ و دەنگی گوتنی کز بوو، خەڵکەکەی خەریکی کەسابەتن و هەروا بەسەبریشن. ئەمە مانای ئەوە نییە ئاواتی پێشکەوتنی زیاتریان نییە. کتێبخانەیەکی گەنج قیت بۆتەوە. گەنجەکانیشی ئارەزووی فەرهەنگ دەکەن ئەمما قوڵبوونەوە لەخوێندن و کتێب تەنگژەیەکی جیهانگیرەو هەق نییە لەم بەستێنەدا هەر گێچەڵ بەپێنجوێن بکەین.

پێنجوێن لوبنانی تازەش نەشکێنێت. تینوێتی دڵی میوانی کرمانجزادە دەشکێنێت.

٢٠١٢/٥/٢

# سەلامە موسا

زەمانی جارانم کەوتەوەبیر. نـەوەی ئێمەش لەسەر کتێبەکانی سەلامە موسا پەروەردە بووین. کتێبە نازدارەکەی (التثقیف الذاتی - خۆ رۆشنبیرکردن) بۆ تازە پێگەیشتووان وەک ((گرێبەستی کۆمەڵایەتی)) رۆسۆ بوو بۆ گەورەکان. چەند جاری تر ویستم ئەو کتێبە بخوێنمەوە، پاشگەز دەبوومەوە نەکا جاری دووەم تام و لەزەتی یەکەمی نەبێت.

بۆ ئێمە وا رۆمانسی بووین لەحزوری بیرمەندێکی وا عەلمانیدا؟ دەبوو موسا وەک ناونیشانی عەقلانیەت و بیرکردنەوەی ئازاد کەمەندکێشمان بکات بۆ دیدێکی رەخنەگرانە، نەک رۆمانسیانە دوای کەوین.

مەیلم تازە بۆوە کە لەم چەندانەدا تۆژینەوەیەکم لەسەر فیکری سەلامە موسا خوێندەوە، ئەزموونی پێچاوپێچی ئەو لەگەڕان بەدوای راستی و زانستدا فەرهادیانەبوو. توێژینەوەکە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەژینگەی پەیدابوونی موساو فەزای پێگەیشتنی بیروڕاکانی کەزیاتر لەپەنجا کتێبی بەدواوە بوو.

ئەو ئەزموونە لەژینگەی بیستەکانی میسردا باڵای کرد.

جەمسەرێکی عەلمانی وەکو موساو جەمسەرێکی ئوسوڵی وەکو حەسەن بەننا نەوەکانی میسریان کردە کایەی بیرو باوەڕەکانیان. میسر بەپیت بوو، چونکە لەعەلمانیدا موساو لەئوسوڵیشدا بەنناو لەگۆڕەپانی سیاسەتیشدا لیبراڵیخوازێکی وەکو نەحاسی هەبوو. هەرچەندە عەسکەرو ئەفسەر لەگەڵ رێبازی عەلمانیدا ناگونجێن، بەڵام یۆلیۆی ١٩٥٢ دەرفەتی بەدەوڵەتی نوێدا هەندێک لەبیروڕاکانی موسا لەبواری دادپەروەری و گشتاندنی زانست و خوێندەواریدا جێبەجێبکات.

دەگوترێ پاش چەندین دەیە ئێستا بیری حەسەن بەننا چانسی پراکتیزەکردنی هەیەو میسرەکەی موساو نەحاس و بەننا ئێستا کێوماڵی دەستی ئیخوانەکانە. جێی کەسانی وەکو موسای تێدا نابێتەوە.

**٢٠١٢-٥-٣**

# ئازادی ڕۆژنامەنووسیی

ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان، کارەکتەرە سیاسییە ستەمکارو ئایینیە توندڕەوەکان هەڕەشەن بۆ سەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی. هەروەها ڕۆژنامەنووسە توندڕەوەکان و ڕۆژنامەنووسیی ئەنارشیزمیش، ئەوانەش هەڕەشەن بۆ سەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی.

تەکلیفی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ڕۆشنە، ئەوانە دژی هەموو ئازادییەکی گشتین. بگرە دژی هەموو ڕۆژنامەیەک و هەموو شتێکی گشتین، دونیایان بەتایبەت بۆ خۆیان دەوێ و ڕۆژنامەی ژێردەستی خۆشیان بەهەڕەشە دەزانن نەکا هەڵەیەکی چاپ ڕاستییەکی شاراوە بدرکێنێ.

کارەکتەرە ستەمگەرەکانیش ئەگەرچی وەکو ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دەستیان نارِوا، بەڵام ئەگەر پێیان کرا سیخورمە لەئازادی دەگرن. کارەکتەرە توندڕەوەکانیش تەفویزێکی ئایینیان بەخۆیانداوە کە لەجیاتی خەڵکی دەبینن و بیردەکەنەوەو جۆرێک لەئیرهابی فیکری و مەعنەوی بەرپا دەکەن.

بێ قەبەکردنی قەبارەی هەڕەشەکە، پێموایە ئەنارشیزمی ڕۆژنامەوانیی گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی. چونکە ئەمە لەتەکنیکدا سەنعەتەکە ڕەزیل و لەلایەنداریدا بابەتی بوون تیرۆر دەکات. ئەمجۆرە ڕۆژنامەنووسییە هەڕەشەیەکی گەورەیە، چونکە لەناو کایەکەوەیەو تووشی داڕزانـی دەکات. ئەنارشیزم بیانووش دەداتە دەست دیکتاتۆرو ستەمکاران بۆئەوەی بێژن ئەها ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی چەند خراپە، چونکە ئەم هەرایە دەنێتەوە؟

لەدیمەنی یەکەمدا ئەنارشیزم ئەوپەڕی ئازادییە بۆیە وا دێتە بەرچاو کە قینی لەوپەڕی دیکتاتۆرییە، بەڵام کە لەعاقیبەتەکەی ورد دەبیتەوە دیکتاتۆری و ئەنارشیزم دوو دیوی یەک دراون. چونکە ئەنارشیزم شێواوییەو دیکتاتۆرو ستەمکاریش ئازادی دزو زەوتکەری دیموکراسییە.

مەعلومە دزیش ماڵی شێواوی دەوێت.

٢٠١٢/٥/٤

# بـــەغـــدا

بێگومان کورد لەگەڵ مالکی کێشەی هەیە، هەروەها بەشێکی عیراقییەکانیش. دەشزانم لەناو کـورددا لەسەر ئەم باسە ڕێوشوێنی چارەسەرکردنی جیاوازیش هەیە.

کوردستان لەگەڵ هەموو حکومەتێکی بەغداییدا کێشەو گرفتی هەبووەو هەیە، جا ئەو بەغدایە پادشایی، کۆماری، یان ناوەندیی و شۆڤێنی، یاخود دیموکرات و فیدراڵیش بێت. ئەمانە کێشەی سەد ساڵی زۆڵم و زۆرن و بەنۆ ساڵی دوای سەدام سارێژ نابن.

لەولاشەوە عیراقییە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەگەڵ بەغدا کێشەیان هەیە. کە جاران لێیان دەقەوما چیاکانی کوردستان پشتیوانیان بوو. ئێستاش کوردستان ناوچەی تەناهییە بۆ هەر سیاسییەک لەبەغدا لێی بقەومێ. دوێنێ مالکی و ئەمڕۆ هاشمی میوان بوون و خوا دەزانێ سبەینێ کـێ میوانەو کێ لەگەڵماندا بەدەعوایە؟

مادام ئەم باسە کۆنەو قووڵە، کورد بۆ لەئەدەبیات و نووسراوەی خۆیدا باسی ناکاو نەخشەڕێگای مامەڵە لەگەڵ کردنی بۆ دانانێت؟

جێی ستوونەکە کورتە، بۆیە بەکورتی پێشنیازێکی چارەسەرێکی ستراتیژی و تەکتیکی دەکەم:

ستراتیژییەکە ئەوەیە کورد بەهێمنی لەگەڵ ئەم دیاردە دووبارە بۆوەدا سەودا بکات و لەعیراقییەکانیش، ئەوی لەبەغداو ئەوی لەکوردستانیشن، بگەیەنێت کە لەگەڵ یەکتریدا پشوو درێژبن. نە زوو لەمیوانداری کوردستان بێزاربن و نە پەلەی چوونەوە بەغدایان بێت و نە داخۆ خەفەت لەکوردستان بخۆن.

تەکتیکییەکەش بۆ ئەمڕۆیە: مالکی زۆری نەماوە خولی خۆی تەواو بکات، مەیکەنە قوربانییەکی سیاسیی کەبۆ هەڵبژاردنی داهاتوو وەک شەهیدی زیندوو دەربکەوێت.

٢٠١٢/٥/٦

# موکری

ئەم سەرنجەی لێرە دەیڵێم وەک سەرنجی خوێنەرێک دەمێنێتەوەو ناچێتە قاڵبی رەخنەی ئەدەبییەوە.

پێموایە موکری غروری ئەدەبی کوردی تێرکرد لەبواری رۆماندا، راستە ئێمە (پێشمەرگە)ی رەحیمی قازی، (ژانی گەل)ی مامۆستا برایم ئەحمەدو ئینجا (شار)ی مامۆستا حسێن عارف و لەو نێوانەشدا (نازە)ی رۆح سووکمان هەبوو، بەڵام موکری بەچاپکردنی دوو بەرگی (هەرەس) ململانێی داهێنانی کوردی بردە ئاستێکی بەرزەوە.

(شار)ی حسێن عارف داهێنانی شارو وەڵامـدەرەوەی ئەو سەرنجە بوو کە ئێژێ رۆمان بەندە بەشارەوە، دوای (هەرەس) ئیتر ترسی کورد لەڕۆمان شکاو چەند رۆماننووس و ئەدیبـی کورد گرێ دەروونییەکەی ئێمەیان کردەوە. موکری خۆشی لەگۆڕەپانەکەدا مایەوە، (ئەژدیها)ی نووسی و بڵاوکردەوە.

بەڵام (هەرەس) لەیادەوەری نەوەی ئێمەدا بەتایبەتمەندی خۆیەوە دەمێنێتەوە. رۆمانێک لەناوچەی ئازادکراوی شۆڕشدا بڵاوبۆوە. شانازییە کەدوو بەرگی ئەم رۆمانە لەجێی ئەوەی لەشار چاپ بکرێت، کەشوێنی سروشتی لەچاپدانی کتێب و رۆمانەکانە، بەکەرەستەی کەمی بەردەستی چاپخانەی کوردستانی ئازاد دێتە دونیاوەو یەکەم وەرگری ئەم دەقەش پێشمەرگەو ئینسانە ئازادەکانی شاخ بن، لەوێشەوە بگەڕێتەوە بۆ شوێنی سروشتی خۆی کەشارەکان، پایتەختی سەرەکی خوێندنەوەو نیشتمانی رووداوە سەرەکییەکانی (هەرەس)ە.

موکری لەسەنگەری شۆڕشەوە ئەو غـرورەی تێرکردین و لەگەڵ رۆماننووسەکانی تردا ترس ئەدەبی ئێمەیان شکاند، چیتر رۆمان پاماڵی نەتەوە سەردەستەکان نییە. کوردیش جگە لەدیوان، رۆمانیشی هەیە.

٢٠١٢/٥/٧

# یادی یەکێتی

نزیکەی ٢٠ رۆژی تر یادی دامەزراندنی یەکێتی و دەستپێکی شۆڕشی نوێیە. یەکێتییەکان چۆن ئەم یادە بکەنەوە؟

بەقەدەر ژمارەی یەکێتییەکان بیرۆکە هەیە. هەریەکەو یەکێتییەکی دڵخوازی خۆشی هەیە. ئەم دیاردەیەش تا ئەو رێوشوێنەی گوزارشتە لەخاوەندارێتی لەیەکێتی و دەربڕی رەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەم حزبەیە، دیاردەیەکی دڵخۆشکەرە، بەڵام کەببێتە مایەی ئاراستەو نامە جیاجیا ئەوا دیاردەیەکی خراپە.

ئەسڵ لەیەکێتی، لەڕووی ئۆرگانیکییەوە، یەکێتی ئاراستەو بیرکردنەوە جیاجیاکانە لەسەر مەسەلە ستراتیژییەکان. ئەوە شرۆڤەیەکی هەڵەیە کەئاراستەی جیاجیا هەبێت بۆ کاری یەکێتی. ئیتر هەریەکەمان بەو ئاراستەیە یەکێتی راکێشین. ئیجتیهاد لەناو یەکێتیدا رەوایە، بەڵام دەبێ بەپەرژینی یەکێتی کارو یەکێتی ئامانجی ستراتیژیی دەورە بدرێت.

ئەمەی ئەزیش دەیڵێم ئیجتیهادەو لەگۆشەی یەکێتیدایە.

پێشنیاز دەکەم ئەمساڵ یادی یەکێتی خوێندنەوەو بایەخپێدانی رەوتی خەباتی یەکێتی بێت لەنزیکەی چوار دەیەی تەمەنیدا (١٩٧٥- ٢٠١٢). یادی رەوتی خەباتی یەکێتی وەک ئەوەی خۆی لەسەر ئەرزی ئێستا نمایان کردووە. بۆ نموونە ئەمانە چەند ناونیشانێکن:

-یەکێتی و رەوتی گفتوگۆو موفاوەزاتەکانی.

-یەکێتی و میانڕەوی سیاسی و پێداگریی شۆڕشگێڕیی.

-یەکێتی: نێوەندێتی سیاسی و پابەندێتی فیکری.

-یەکێتی: نوێنەرایەتی چینێک و خیتابی سیاسی بۆ گشت.

هەوڵدەدەم بیرۆکە لەسەر ئەم باسانە بڵێم. هەموومان هەڤاڵی یەکێتین، چیتان هەیە باسی بکەن و بۆ ئەم ئیمەیڵەی بنێرن.

٢٠١٢/٥/٨

# موفاوەزاتی یەکێتی

یەکێک لەشانازییەکانی خەباتی یەکێتی وێستگەکانی موفاوەزەو گفتوگۆیەتی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق. بەتایبەتیش دوو وێستگەی پێگەیشتووی ئەو خەباتە: موفاوەزاتی ساڵی ١٩٨٣و موفاوەزاتی ساڵی ١٩٩١ لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا.

بەداخەوە تیشکێکی کەم خراوەتە سەر ئەم وێستگەی خەباتە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەناو فەزای خەباتی پێشمەرگانەی شۆڕشگێڕیدا موفاوەزات وەک ناچارییەک سەیرکراوە. کاتی خۆیەتی موفاوەزات وەک نەبەردی دیپلۆماسیی بناسێنین.

یەکێتی لەموفاوەزاتدا لەسەر چەندین ئاست خەباتی خۆی پێشخستووە.

-بەهۆی ئاگربڕەوە دەرفەتی خۆڕێکخستنەوەی هەبووە.

-دەرفەتی پەیوەندیی ئاشکرای بەجەماوەرەوە هەبووە.

-ڕەوایی بۆ شۆڕش پەیدا کردووە لەناو خەڵک و لەناو بەرەی دەوڵەتیشدا.

-دیکۆمێنت و پەیپەڕەکانی موفاوەزاتی یەکێتی پڕن لەشانازی سەلماندنی داوای کورد لەلایەن ڕژێم و پڕن لەهەڵوێستی جوامێرانەی دانوستانکاری کورد لەبەرامبەر وەفدی دانوستانکاری ڕژێمدا.

-موفاوەزات پاشەکشێی بەبژارە سیاسییەکانی دیکەی یەکێتی نەکردووە. هەروەکو هەڤاڵ مام جەلال لەئاهەنگەکەی (سورداش)دا رایگەیاندبوو: یەکێتی نەک هەر کۆڵی نەداوە، بەڵکو ئامادەی کۆڕی نەبەردیشە.

-دانوستانی هەشتاکان بۆ یەکێتی بەدانپیانانی بەعس بەتوانای یەکێتی دەستپێیکردو بەشکستی هەیبەتی دەوڵەتی بەعس کۆتاییهات وەختێک لەترسی گوشاری تورکیا لەبەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوە. بەمەش بەعس سەلماندی ئەوە کێیە پابەندی گوشاری دەرەکییە: شۆڕشی کوردستان یان ڕژێمی بەعس؟

گفتوگۆکانی یەکێتی بەڵگەی ئاشتیخوازی کوردایەتی و زاڵبوونی مەنتیقی دیالۆگە لەگەرمەی شەڕی چەکداریدا.

٢٠١٢/٥/٩

# میانڕەوی یەکێتی

میانڕەوی (اعتدال)و نێوەندێتی (وسگیە) دوو خەسڵەتی گرنگی یەکێتین کەهێزی نەرمی کاریگەریی دانانن بۆئەوەی هەمیشە لەگۆڕەپانی سیاسیدا رۆڵبگێڕێ و ئامانجەکانی جێبەجێ بکات.

ئەم دوو خەسڵەتە کەمتر لەقۆناغی شۆڕشدا دەردەکەوت، لەدەورانی حوکمڕانی لەدوای راپەڕینەوە بۆ ئەمڕۆ (١٩٩١ - ٢٠١٢) لەهەڵسوکەوتی سیاسی و بەریەککەوتنی یەکێتی لەگەڵ رووداوەکاندا خەریکە دەبێتە مارکەی تۆمارکراوی یەکێتی.

یەکێتی کوردستانییەو لەوێستگەی گرنگی هەڵوێست وەرگرتندا ئەم کوردستانێتییە دەدرەوشێتەوە، بەڵام کوردستانێتییەکە هی ئەوە نییە دۆو دۆشاو تێکەڵ بکاو هەموو هاوکێشەکان بترنجێنێ بەسەریەکدا.

یەکێتی واقیعییە، واقیعی عیراق و ناوچەکە دەخوێنێتەوە بێ ئەوەی ئەم واقیعە لەناو کێشەکاندا بیتوێنێتەوە، ساتە وەختی خۆڕاسپکانی یەکێتی ساتەوەختێکی شۆڕشگێڕانەی واقیعییە کە لەگەڵ هەلومەرجە بابەتییەکەدا ئاوێتە دەبێ و بەری رەنجێک دەدات باشترە لەدەرئەنجامی هەڵوێستی پەرگیر.

میانڕەوی یەکێتی لەقۆناغبەندیکردنی ئامانجەکانی خەبات بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی و ئامانجە دیموکراتییەکاندا بەرجەستە دەبێت:

لەمیانی کوردایەتیدا دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی هەڵگرتووە. کە ستراتیژی نەتەوەیی تێدایە بێ ئەوەی ئەم ستراتیژە ببێتە کۆتی کوردە ناموسەو دەستکەوتی کەڵەکەبوو پەکبخات و رێ لەفراوانکردنی بگرێت.

لەڕووی خەبات بۆ دیموکراسیشەوە بیروڕای یەکێتی بیروڕای میللیگەرایی توندڕەوانە نییە کە لەپڕێکدا ئیدعای هەموو شتێک بکات و بەشی تاقیکردنەوەو گەشەی شێنەیی و ململانێی هێزەکانی تێدا نەهێڵێتەوەو پاشان سەدوهەشتا دەرەجە پێچە بەدەورە بکاتەوەو بەکەمتر لەکەمتر رازی بێت.

٢٠١٢-٥-١٠

# میانڕەوی لەبەرنامەدا

بەرنامەی کۆمەڵایەتی یەکێتیش ئەهێنێ وەک پێوەرێکی میانڕەوی و نێوەندێتی وەربگیرێت. لەپرسی بەرنامەی کۆمەڵایەتیشدا دیدی یەکێتی بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەوەکو جارانی بزووتنەوە چەپەکان هاوتایە بەیەکسانی لەهەژاری و نەداریدا، نەوەکو هەندێک هێزی تریشە کە لەپێشینەی فیکری خۆیان هەڵگەڕابنەوەو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییان لەناوەرۆکی پێشکەوتنخوازی خۆیان بەتاڵ کردبێتەوە. پاراستنی ناوەرۆکی بەرنامەی کۆمەڵایەتی و بگرە تێکڕای بەرنامەی حزبێک لەتەنگژەو دۆخە گوستنەوە رەسەنایەتی حزبێکە دەسەلمێنێ. دەریدەخات ئەو حزبە راستگۆیە لەگەڵ بیروباوەڕەکەی یان کاتی خۆی وەکو مۆدێل و بیری باو وەریگرتووە؟

لەمامەڵەی سیاسیشدا یەکێتی، بەتایبەتی لەحوکمڕانی کوردستاندا، بە بەپرسیاری و شێنەیی کاری کـــردووەو ملی نەداوە نە بۆ توندی لەهەڵوێستەکان و نە بۆ پاشەکشێ لەڕێبازی سیاسی و فیکری خۆی. بەمەش هەڵوێستەکانی یەکێتی بۆتە نێوەندێک بۆ گردبوونەوەی کۆی جەمسەری هەڵوێستەکان.

لەوەختێکدا کوردستان گەلێک جار تووشی بەریەککەوتنی سیاسی دەبێت لەنێو ئاراستە جیاجیاکاندا، یەکێتی وەکو ئیسفەنجی هەڵمژینی توندڕەوی حەشوەی بەریەککەوتن و لێواری تەنگژە بەتاڵ دەکاتەوەو دەستوپەنجە لەگەڵ میانڕەوی و نێوەندێتیدا نەرم دەکات، چونکە هەموو شتێک بەخوێ و خوێش بەمانا، ئەمەش هەم پەندێکی کوردییەو هەم بەکردەوە رێبازی کاری یەکێتی بووە.

بەشێکی ئەم گیانی میانڕەوی و ئەم رێبازی نێوەندێتییە هۆکارەکەی تەجرەبەی دوورودرێژی هەڤاڵ مام جەلال-ە لەسیاسەت و شۆڕشدا، بەشێکیشی تەجرەبەی کوردایەتییەو لەبەردەست هەر هێزێکی کوردستانیدایە بەشی خۆی لێ هەڵگۆزێت، یەکێتی ئەمەی کردووەو ئی کەلتووری خۆشی خستۆتەسەر. بۆیە وەک کێلێکی بەرزی نێوەندێتی ماوەتەوەو گەشە دەکات.

٢٠١٢-٥-١١

# کەتنی جەزائیر

ئەم کەتنە لەجەزائیرەوە دەستیپێکرد. کەتنی هاتنە پێشەوەی ئیسلامیی سیاسی لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوەو ئینجا پێچانەوەی پەیژەی دیموکراسی و کودەتای عەسکەر بەسەر بەهاری ئیسلامییەکاندا.

ساڵی ١٩٩٠، دوای دوو ساڵ لەڕاپەڕینی نان کە غروری بەرەی رزگاریخوازی شکاند، ئیسلامییەکان هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیان بردەوە. نموونەیەک دوایی لەچەندین وڵاتی تردا دووبارە بۆوە. ساڵی ١٩٩٢ بەرەی ئینقاز گێمی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بردەوەو بەرەی حوکمڕانی دا بەعەرددا. هەر ئەوەندە سەرکردەکانی ئینقاز رایانگەیاند شەریعەت جێبەجێ دەکەن. ئیتر عەسکەر بنەو بارەگای هەڵبژاردنی پێچایەوەو فەسڵی خوێن و فرمێسک لەوڵاتی ملیۆن شەهید دەستیپێکردەوە. بەڵام ئەمجارە فەرەنسییەکان لەوێ نەبوون. جەزائیرییەکان خۆیان، لەبەرەی رزگاریخوازو بەرەی ئینقاز، سەنگەریان لێک گرت.

یەکەمیان دەسکەلای دەوڵەت و دووەمیان دەسکەلای تیرۆری خستەگەڕ. یەک دەیەی تەواو لەیەکتریان کوشت. کارێکیان کرد جەزائیرییەکان دڵیان بشکێ و لەوڵات و دیموکراسیی تەوەللابن.

بەهاری ئیسلامی لەوێوە سەریهەڵداو داستانەکە بۆ هەموولایەک بووە مۆدێل، سەدان تۆژینەوە لەسەر ئیسلامیی سیاسیی دەرچوو کەهەڕەشەی شەریعەتی ئیسلامییەکانی جەزائیر دەکەنە نموونەی نادیموکراسیی ئیسلامییەکان و سەدانی تریش، بەپێچەوانەوە، مۆدێلی عەسکەری عەلمانی جەزائیر دەکەنە بیانوو تا بڵێن هەڵە لەحوکمی ئیستبدادیی دەوڵەتە نەک لەتوندڕەوی ئیسلامییەکان.

پێش چەرخی فەیسبووک، کەتنی بەهار لەجەزائیرەوە هات، کەچی لەوەرزی بەهاری عەرەبیدا دۆخەکە لەجەزائیر ساردو سڕە. ئاخر خەڵک دڵی شکاوە.

٢٠١٢/٥/١٣

# ئێمە یەکێتین،
# واتا ئێمە ئایندەین

پێشنیاز دەکەم یادی یەکێتی بەم تایتڵە بکەینەوە: (ئێمە یەکێتین، واتا ئێمە ئایندەین). هەڤاڵی یەکێتیم و بۆم هەیە پێشنیاز بکەم و هەقی ئیجتیهادم پارێزراوبێت.

بۆچی ئەم ناونیشانە گەشبینە؟

چونکە ئەگەر بەو رۆحیەتەوە یەکێتی نەبین مافی مۆڕاڵی ئەوەمان نییە خەون بەئایندەوە ببینین. پتر لەئاماژەیەکیش لەبەردەم یەکێتیدایە کە دەریدەخات دەتوانێت بۆ ئایندەش بێت.

لەڕابردوودا بەسەر بەربەستەکاندا زاڵبووەو ئەمەش شەرتی قاڵبوونە بۆ دواڕۆژ.

دەبێ گەشبین بین تا ئایندە ببەینەوە. هەتا ئومێدی بەیەکسان دەرچوونمان هەبێت لەگەمەکە، مانای وایە نیگەرانی ئیجابیمان نییەو لەسەر چەپکە گوڵی سەرکەوتن خەومان لێکەوتووە. نیگەرانی ئیجابی ئەوەیە لەخۆمان رازی نەبین و هەست بکەین کارەکانمان ناتەواوە، تا تەواوی بکەین.

(ئێمە یەکێتین) ئێمەیەکی دەستە جەمعییە، بۆ کاری پێکەوەییە، تۆنێکی شەخسیشی تێدایە کەویژدانی فەردیی هەموو هەڤاڵێک دەجووڵێنێت. حسییەتی هەڤاڵێتی دابین دەکات و لەیەکێتیشدا دەیتوێنێتەوە. واتە مەیلی تاکەکەسی و پێویستی هاوخەباتی یەکێتییانە هاوسەنگ دەکات.

مادام ئێمە یەکێتین، هەردەبێ ئایندەشبین. چونکە ئایندە بۆ ئەوانەیە مەیلی یەکبوونیان هەیەو نرخی هەڤاڵبەندی دەزانن.

(ئێمە یەکێتین) هەم یەکێتی حزبایەتی هەڤاڵان تۆخ دەکاتەوەو هەم بانگەوازیشە بۆ یەکێتییەکی نیشتمانی لەکوردستان لەوەختێکدا یادی (٣٧)ساڵە ئاوێتەی دۆخی یەیوەندیی باشی یەکێتی دەبێت لەگەڵ هێزە کوردستانییەکاندا.

بەمشێوەیە (ئێمە یەکێتین، واتا ئێمە ئایندەین) یادی ٣٧ ساڵە دەکاتە وێستگە بۆ (٣٧) ساڵی تریش.

٢٠١٢/٥/١٤

# لەبەر خواو خەڵقی خوای نییە

لێدوانی هەڵسوڕاوێکی ئیسلامیی سیاسیی سەرنجی راکێشاوم. براەمان دەڵێت دژی هەر یاسایەکین پیرۆزییە ئایینییەکان پێشێل بکات و هەر یاسایەکیش ئازادییەکان کەم بکاتەوە بەرپەرچی دەدەینەوە.

وادێتە بەرچاو ئەم هەڵسوڕاوە وەکو من و تۆ دژی هەر یاسایەکە پیرۆزییەکانی ئایین پێشێل بکاو سووکایەتی بەکەلامی خوا بکات. من و تۆش دژی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دەوەستینەوە کە لەمینبەرە گشتییەکانی کۆمەڵگەوە، لەوانەش میدیاکان، پیرۆزییە ئایینییەکان پێشێل بکرێت. بەڵام ئەم قسەیە لەهەڵسوڕاوێکی ئیسلامییەوە بێت قسەیەک نییە لەڕێی خوا، قسەیەکە لەڕێی حزبی ئیسلامیدا، مانا کوردی و کرمانجییەکەی ئەوەیە ئایدۆلۆژیای من تاپۆیەو بەناوی ئازادیی بیروڕاوە خۆت لەقەرەی پانتایی ئایدیۆلۆژی من نەدەیت.

بۆ دیووی دووەمی قەدەغەکەش هەر ڕاستە.

هەموو ئازادیخوازێک دەبێ دژی هەر یاسایەک بێت کەئازادییەکان بەرتەسک بکاتەوە. بەڵام ئەم داوایە کە لەلایەن هەڵسوڕاوێکی ئیسلامییەوە دێت و بەو قەدەغەکردنەی بەشی یەکەمەوە گرێی دەدەیت مانای وایە: برای ئیخوان موسلیمین داوا لەمنی برای موسڵمانی خۆی دەکات نابێ یاسا رێ لەو بگرێت قسە بەحزب و ئایدیۆلۆژیای، گوایە (دونیایی)، من بڵێت.

ئەم برایە پاساو دێنێتەوە کەئەو بۆچی هەندێک جار دژی ئازادییەو هەندێک جاری تریش، بەپێی بەرژەوەندیی، ئازادی بەرهەڵدا دەکات.

ئەم هەڵسوڕاوە لەبەر خوای نییە کەئازادی قەدەغە دەکات و لەبەر خەڵکیشی نییە کە بەرهەڵدای دەکات. لەبەر خۆیەتی، لەبەر سیاسەتی حزبەکەیەتی.

٢٠١٢-٥-١٦

# خالقی

چەند خۆشە کورد بیت، چونکە کوردبوون هەر بەدبەختی و ژیان سەختی نییە، کورد بوون تایبەتمەندی و خۆشی ئەوەشی تێدایە گوێ لەمەزهەری خالقی بگریت و لەگۆرانییەکانی تێبگەیت و چێژی ناو و ناوەڕۆک لەهونەرەکەی وەربگریت.

خۆشە کە کوردین، چونکە خۆشە کەگوێ لەخالقی دەگرین و شانازی ئەوەمان هەیە لەنەتەوەی هونەرمەندێکین ئەوە دەنگێتی لەخۆشیداو ئەوە سەنگێتی لەهونەری باڵادا.

خالقی شانازییەکی فەرهەنگییە بۆ نەتەوەی کوردو هەتا بۆ هونەری رۆژهەڵاتیش، ئەو شانازییەیە کە لەناوماندا زیندووە، زیندووبوونەکەی زیندوێتی هونەرو زیندوێتی زندگییەتی کەدەرفەتمان دەداتێ بەخۆی بڵێین مامۆستا خالقی ناوەکەت گوزارشتە لەخەسڵەتی هونەرەکەت و ناونیشانە بۆ خەڵق و داهێنان کەهێزێکی رۆحی دەداتە گۆێگری ئۆگرت لەهەر نەوەو لەهەر چینێکی کۆمەڵ بێت، هێزێک باعیسەکەی هەر تەنها دەنگخۆشی نییە، گۆرانیبێژ زۆرن کەخۆشخوانن و بگرە هەشیانە تۆنییان (مەزهەری)یە، ئەمما زەحمەتە هەموویان رۆحیان (خالقی) بێت. ئەوە کەتۆ لەنێوماندای دەرفەتە تا پێت بێژین: دەستت خۆش و دەنگت خۆش و ماندوو نەبی لەبۆ خزمەتێک کە تەرخانی کوردو کوردستانت کرد.

بۆیە ئەو دابەی بنکەی گەلاوێژ پەیڕەوی لێدەکات و رێز لە(پەپولەی ئازادی) دەنێت، دابێکە رچکەشکێن و رێزێکە شایانی خالقی.

جا دەستی ئەوان خۆش و هونەری مامۆستاش هەر وا زەمان و زمان تێپەڕێنێت.

٢٠١٢-٥-١٧

# بۆ چارەسەر

سالآنێکی زۆر کوردستان گیرۆدەی سیاسەتی داگیرکاری بەعس بوو، ئەم دۆخە تا راپەرین، بەنیسبەت هەرێم، و تا دوای روخانی سەددام، بەنیسبەت ناوچە دابڕێنراوەکانەوە، درێژەی کێشا. دوای نیسانی ٢٠٠٣ دۆخی نموونەییە بۆ کورد کە خاوەندارێتی لەخۆی بکات. هەروەها بۆ بەغدا ئەگەر بخوازێت کێشەکانی لەگەڵ کوردستان یەکلایی بکاتەوەو ئەم لاپەڕە خەمناکە بپێچێتەوە کەتێیدا بەغدا بەدیدی رێنیشاندەرو و شوێنکەوتوان مامەڵەی کوردستانی کردووە. ئەم کەلتوورە هی خوێندنگەی ئینگلیزییە کەباوەڕی بەناوەندێتی حوکمڕانیو تواندنەوەی پێکهاتەکان هەیە.

بۆ کوردستان، چونکە خاوەنی کێشەی مێژوویی خۆیەتی، دیدی چارەسەر رۆشنە: یەکێتی ئارەزوومەندانە لەعیراقێکی فیدراڵییدا. ئەم گرێبەستە بۆ هەردوولایە، بەرپرسیارێتی گەورەتریش لەئەستۆی عیراقە کە دڵنیایی بداتە نیگەرانییەکی مێژوویی. بەرپرسیاریی کوردستانیش هەر گەورەیە بەتایبەتی کە ناسکی ساتەوەختە مێژووییەکە وریایی گەرەکە. دۆخەکە نەئاوسە بەئەگەری خۆداپچڕانێکی زوو بەزوو و نەواقیعی داسەپاوی جارانیشە کە هیچ دەریچەیەکی بۆ کوردستانییەکان نەهێشتبێتەوە.

رێرەوی دەستووریی بۆ کوردستان، بەکەرکوکیشەوە، کە بۆ یەکەمجار جوغرافیاو مێژووی ئاشت کردۆتەوە، واتا مافی قەوارەی مێژوویی کوردستانی دابینکردووەو ویستی جوگرافیای رەسمی عێراقیشی رەچاو کردووە، ئەم نزیکایەتییە رەوایەو پێویستە هەموو رووداو و بەسەرهاتەکانی بۆ ئاراستە بکرێت. دیدی کورد رێگای خۆی بۆ ئەم بژارەیە بکاتەوەو بەغداش لەجێی سپاردنی تەنگژە بەتەنگژەی تر، ئەم ئەزموونە ئەزبەر بکات.

**٢٠١٢-٥-١٨**

# بۆی نامرن، بۆی بژین

لەکوردستان شاخوداخ و روبار هەیە، خاکی کوردستانەو لەبەر خێرو بێرو بەرەکەتەکەی داگیرکراوە.

ئەگەر وا جوانو بەبەرەکەت نەبوایە چۆن دەبووە جێی تەماعی داگیرکەران؟ چۆن کورد خۆی بۆ بەکوشت دەداو کوردستانییەکان بەئاواتی ئازادی ئەو کوردستانەوە گیانبازییان دەنواند؟

ئەمە سەرەتاترین سەرەتایە لەکۆڕی خۆشەویستی وڵاتو میللەتدا. ئێمەی کورد وا فێر کراوینو وا قەناعەتمان هێناوە ئەم خاکە شایانی ئەوەیە فیداکاری بۆ بکەین. وەکو ئەمڕۆ کە رزگارەو هەن فیداکاری بۆ ناکەن، هیچ نەبێ با بۆی بژینو پێی بژین. ئەگەر ئەمڕۆ خۆبەکوشتدان لەپێناو کوردستاندا وەک عەیبەو مەرگدۆستی وێنا دەکرێت با بۆی نەمرین، هیچ نەبێ بۆی بژین. بەشێکی میدیاکانو بەتایبەتیش کەناڵەکانی تەلەفزیۆن کە دەچنە هەموو ماڵێکەوە، بەشێکی بەرپرسیارێتیان لەسەر شانە. کەناڵی وا هەیە ژیانی کوردستان وەک تاڵیو ناخۆشیی نیشان دەدەن کە هیچ دەرمانێک چارەسەری ناکات. لەهیچ شوێنێک هیچ ئاوەدانیو ژیاندۆستیو خۆشەویستییەک نادۆزنەوە، خیتابی هاندانیان وایە خەڵکی هەوای پاک هەڵنەمژن بەبیانووی ئەوەی دەسەڵاتی کوردیش هەمان هەوا هەڵدەمژێت، لەکاتێکدا کوردستان خاکێکی دێرینە پێش کوردو پێش داگیرکاری، پێش دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنی کوردی، هەبووەو هەیەو دوای ئەوانیش هەر دەمێنێت.

وتار رەشبینی ئەمانە وایە وڵاتمان لێ ببێتە دۆزەخێکی ناچاری کە چێژ لەئاگری ئەو دۆزەخەش نەبینین لەزستانێکی سارددا.

٢٠١٢-٥-٢١

# سازانو دەستوور

دەستووری عیراق وایە کە سازان و تەوافوقی هەمووانی گەرەکە. پتر لە قۆرتێکی ئەرێی دانراوە رێگە لە سەرچیغ چوون دەگرێت. ئیجابییە چونکە رێگە لە جیهازی جێبەجێکردنی دەوڵەت دەگرێت هەژموونی کابینەیەک بە سەر دامودەزگاکانی وڵاتدا بکاتە هەژموونێکی هەمیشەیی کە پاڵ وەدەزگا هاوکوفەکانەوە بنێت چارەنووسیان هەڵدێری لاوازی بێت.

لە عیراقدا چونکە تەجرەبەی پەرلەمانی کزبوو. دەزگای جێبەجێکردن بەدەست کێ بێت ئایندە وا رەنگرێژ دەکات جا لە وەختێکدا پەرلەمانیش ئیستیحقاقی دەرکردنی کۆمەڵێک قانوونی هەیە کە نەیکردووەو ئەم قانوونانەش هی جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەتن و دەتوانن بەرامبەرەکی دەستووریی لەگەڵ دەزگای تەنفیزیدا بکەن، دەبینین پرۆسە سیاسییەکە زوو زوو لاسەنگ دەبێت و هەمیشە تەنێکی سیاسیی هەیە کە تەوەللایە.

بیرمان نەچێت کەلتووری دەوڵەتداری لە عیراق هەر چاوی لە حکومەتە تا پەرلەمان نەخاسمە پەرلەمانێک ئەو ئیستیحقاقانەشی جێبەجێ نەکردووە و ژووری دووەمی دانەمەزراندووە کە ژووری ئەنجوومەنی ئیتیحادییە و کاری ڤیتۆکردنی زۆرینێتی فراکسیۆنە یەکەمەکانە ئەو دەمەی یاساکانیان زیان لە هەرێمەکان دەدات.

ئەم فیلتەرە نییە کە پاوەری سیاسیی دابەش دەکات و لە بابی پاوەری ئابووریشدا هێشتا یاسای نەوت و گاز دەرنەچووە بۆیە دۆخەکە لە باریدایە هەر وەختێک گەرم بوو بتەقێتەوە و بمانباتەوە سەر چوار گۆشەی یەکەم.

کورد کە بەدیلی سازان و مەرجەعییەتی دەستووری نییە پتر لە هەر لایەنێکی تر پەیوەندیدارە بە پێویستی دەستگرتن بەوی هەیە تا ئەگەر رۆژێک بارەکە لە باربوو شەرع شەرمی نییە.

**٢٠١٢-٥-٢٢**

# ئیخوان وبرایان

میسر هێشتا ململانێکەی یەکلایی نەکردۆتەوە، ململانێی نێوان عەسکەرو ئیخوان، بەڵام گەیشتووەتە لوتکەی دراماتیکی خۆی.

ئیخوانەکان دەسەڵاتیان گەرەکەو بۆ ئەمەش سڵ لە هیچ ناکەنەوە، ئەگەر سندوق دەنگدان بۆ ئەو دەسەڵاتە کە وابێ دیموکراسی بەخێر بێ و ئەگەریش هەمان سندوق پێچەوانەکە دەردەخات ئەوا با بتەقێتەوەو کەرتوپەرت بێت.

کێشە ئەوەیە دراماکەی میسر لەسەر زەمینی واقیعە، یانی ئەوەی لە حاند ئیخوان وەستاوەتەوە لیبراڵخوازەکان نین، بەڵکو پاشماوەکانی رژێمی موبارەکن کە شەفیق پاکترین پاشماوەیانە.

بەڵام شەفیق قومقومی ناو سندوقەکەیە لە خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا وەکو چۆن ئیخوان قومقومی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی میسری دوای موبارەک بوون. بۆچی ئیخوان سندوقی یەکەم دەپەرستن و هی دووەمیان توورِ هەڵداوە؟ لەکاتێکدا دەشێ لەخولی دووەمدا شەفیق دەربکرێتە دەرەوە؟

هۆکارەکەی ئەوەیە ئیخوان لەساڵێکدا دەستەکەیان کەوتەڕوو، سیحرەکەیان بەتاڵ بۆتەوە بێ ئەوەی ئەمە مانای ئەوە بگەیەنێت سیحرێکی تر جێی گرتۆتەوە.

دراماکە لەسەر زەمینی واقیعە نەک لەناو تەلەفزیۆن بۆیە وەک چۆن مەرج نییە رکابەری ئیخوان لیبرالێک بێت، مەرجیش نییە بەرامبەرەکەی رژێمی (موبارەک) رژێمێکی (پیرۆز) بێت وەکو ئیخوانەکان خۆیان وێنا دەکەن.

لە خولی یەکەمدا سندوقەکە پێی وتین خەڵک لەداخی موبارەک دەنگیان بە ئیخواندا، لە خولی دووەمدا سندوقەکە مەراقێکی نوێی هەبوو، لەداخی ئیخوان دەنگی بە شەفیق-دا.

خەڵکی میسر لە گرێیەکی درامی نوێدا لە نێوان ئیخوانی حەسەن بەنناو برایانی ئەفسەری ئازادیخوازی دەمانی ناسر، ئوسامە ئەنوەر عەکاشەیەک پێویستە ئەم گرێیە بکاتەوە.

٢٠١٢/٥/٢٩

# سیو سێ گوللەی تر

سیو سێ گوللە لێکۆڵینەوەیەکی ئیسماعیل بێشکچییە کەڕووداوێکی سەر سنووری باکوور لەدەورانی چلەکان دەگێڕێتەوە. بێشکچی ئەم رووداوەی لەئەرشیفەکانی تورکیا دەرهێناوەو کردوویەتی بەدەرفەتێک بۆ ڵرسینەوە لەسیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر بەکورد کەسیاسەتی نکۆڵیکردنە.

ترسی دەوڵەت لەڵریشکی رووداوەکانی کۆماری کوردستان لەمهاباد سیو سێ گوللە بەسینگی کوردەوە دەنێت. ئەو دەمە سەرەڕای دزەکردنی وردەکاری رووداوەکە، بەڵام ئەنجامدەرانی دەرباز دەبن.

ئەگەر رووداوی سیو سێ گوللە یەخەی حکومەتی کەمالیستەکانی گرتبێت، ئەوی ئولودەرە یەخەی حکومەتی دادو گەشەڵێدانی گرتووە.

نزیکەی چل هاووڵاتی کورد کە لەسەر کەسابەتی سەرسنوورەکان دەژین بە(هەڵە) دەکوژرێن، هەروەک لە روونکردنەوەی رەسمی دەوڵەتدا هاتووە.

بەڵام ئەم رووداوە بەو شرۆڤە رەسمییە رازی نابێت، بۆیە لەجێی بێشکچی کەڵێداچوونەوەی بەئەرشیفی چلەکاندا کرد، سەدان کەس لێناگەڕێن ئەوی ئولودەرە خوێنی سارد بێتەوە.

دونیا ئەگەر نەشیتوانیبێت گەمارۆی شەرحی رەسمی دەوڵەتیش بدات، لانیکەم دەریچەیەکی بۆ تەفسیرەکانی دیکەش کردۆتەوە.

ئولودەرە تاقە رووداوی (هەڵە) نییە لەمێژووی مامەڵەی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی. بەڵام زەمەنەکەی هەستیارە، بۆیە کاردانەوەکانیش وەکو جاران نین. بەڵگەی هەستیاری رووداوێکی سروشتی وەکو بوومەلەرزەکەی (وان) یش جیایی تورک و کوردی دەرخست و ئەمی ئولودەرەش وەک کردارێکی ئەنقەستی دەوڵەت تەماشا دەکرێت.

خوێنی ئەم رووداوە گەرمە نە دەرکردنی ستون نووسێک بـــەهۆی تـــەوەللابوونی لەسیاسەتی رەسمی ئـــەردۆگـــان و نە سیو سێ گوللەی وەکو ئەوەی چلەکانیش ساردی ناکاتەوە.

**٢٠١٢/٦/٣**

# یەکێتی بۆ مەسەلەی کورد

یەک ریزی کورد گرنگە، لە یەک ریزی کوردیش گرنگتر خودی مەسەلەی کوردە.

بە مانا یەک ریـزی کوردمان پێویستە چونکە رێگای زێرینە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە سەدەی بیستویەکدا.

دەرسی یەک سەدەی تـەواوی بیستەم بەسە تاپێمان بڵێ یەکێتی نەتەوەیی کورد چەند گرنگە بۆ سەرکەوتنی کوردایەتی.

یەکێتی گرنگە نەک تەنها لەبەر ئەوەی تواناکانمان لە دەوری ئامانجە گەورەکە، رزگارکردنی کوردستان، خڕ دەکاتەوە و توانای هەریەکێکمان دەگاتە سەربار، بەڵکو لانی کەم چونکە ناهێڵێ تواناکانمان بەرامبەرەکی لەگەڵ یەکتریدا بکەن و ئەوەی هەمانە لە وزەی کەموزۆر، پەرتی ناکات.

هەر ئەو ئەزموونەی بۆتە هەوێنی بەهانەی پێویستی یەکگرتنمان دەریدەخات زەرەری یەکنەگرتنمان بە پلەی یەکەم پەرتکردنی تواناکانمانی بە دواوە بووە تا ئەوەی بووبێتەوە باعیسی دووقاتنەکردنی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەسڵ لە مەسەلەکە یەکگرتن نییە، ئەسڵ مەسەلەی کوردە. یانی ئەوکاتەی ناکۆکی دەکەوێتە ریزەکانەوە دەبێ بگەرێینەوە سەر مەسەلەی کورد و لە بیرمان بێت رێگای مەسەلەی کورد لە کوێیە؟

سیاسەتی کوردستانی بۆیە هەیە و کوردستانیش بۆیە چارەنووسی خۆی داوەتە دەست کوردایەتییەوە تا هەنگاوەکانی بۆ دوا مەنزڵگامان ببات و ئەم ئەمانەتە بە شوێنی خۆی بسپێرێت.

لە دووڕیانەکاندا هەمووان دەبێ خۆمان بخەینە بەردەم پێوەرەکانی مەسەلەی کوردستانەوە. یەکگرتن و راوێژ، پرس و دیموکراسیی گفتوگۆ، گەڵاڵەکردنی بڕیار و داڕشتنی سیاسەت، ئەمانە وردەکـاری و بۆنەی گەیشتنن بە چارەسەری هەنگاو بە هەنگاوی مەسەلەی کورد.

یەکێتی ریزەکان ئامرازە، مەسەلەی کورد ئامانجەکەیە.

**٢٠١٢-٦-٦**

# کێ دەڕوخێ؟

پێش ئەوەی حکومەتی ئەسەد بروخێ، هەلومەرجەکە حکومەتی داهاتووی سوریا یانی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا دەروخێنێت. ئەمەش نەک لەبەرئەوەی ئەسەد دانایی مانەوەی دابین کردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی ڕاڕاو دوو دڵە.

ڕۆژئـاوا هـەوڵـدەدا روسیا و چین بکاتە باعیسی ئەم ڕاڕاییەی خۆی، بەڵام لەڕاستیدا پەکین و مۆسکۆ هەنجەتن، دەنا ئەوی جێگیرە روانینی روسیا و چینە و ئەوی گۆڕاوە و دوو دڵە واشنتۆن و پایتەختە ڕۆژئاواییەکانە.

بۆچی ئەمانە دوو دڵن؟ چونکە لەئاسۆی نزیکدا سوریایەک نابینن دوای ئەسەد یەک لە دوو قازانجی سەرەکییان بەدی بهێنێت: یەکەمیان بەرژەوەندییەکان و ئەوی تریان بەهاکانە. ئەگەر هەر کامێکیان دابین ببێت بۆ ڕۆژئـاوا دەبێتە دەستکەوت و هەروا سەبووریش بۆ دابین نەبوونی ئەوی تریان.

لە عیراق وابوو، لە لیبیاش هەروا دەبێ. تەجرەبەی ئەم دوو وڵاتە بەئەمریکای گوتووە لەسەر کاغەزی سپی ئیمزا بۆ هیچ ئۆپۆزسیۆنێک ناکەم، ئەگەر کاغەزی شێوەی حکومڕانی داهاتوو ئیمزا نەکا و ڕوونی نەکاتەوە چۆن سەیری ئەمریکا و دۆستەکانی دەکات؟

عیراق وا تەوەللا بووە لە ئەمریکا کە ناچاربوو زوو بەزوو بکشێتەوە.

لێرە دەریچە بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا نەماوە ئەوی عیراق و لیبیا دووپات بکاتەوە. بۆیە پێش رووخانی ئەسەد ئەوان خەریکە دەکەون.

نیمچە دەریچەیەک هەیە تا لە گۆڕەپان بمێنێت. ئەویش هەمان دەریچەی مانەوەیە بۆ ئەسەد: هەردوولا لە بەرامبەر یەکدا قیت ببنەوە، ململانێی ناوخۆیی تا دەورانێکی تر.

٢٠١٢/٦/٧

# چۆن چۆنی؟

عیراق لە کوێ ئەگیرسێتەوە؟ بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەم وڵاتە بۆتەوە بەشێک لە جەمسەرگیرییە ئیقلیمییەکە. و بێ سازان و زەمینەی لێکگەیشتنی ئیقلیمی ناتوانێ سیاسەتێکی جێگیر بەرێوە ببات.

عیراقی سەددام خۆی پنتێکی گرژی بوو، ئەمە مانای ئەوە نییە داشی ئەو سواربوو بەسەر دەوروبەردا. ئەسڵەن بەشێکی گرژی هەرێمیی سەددام سەرچاوەکەی ترس بوو لە پایتەختە ئیقلیمییەکان. ئەم ترسەی لەگەڵ شەڕانگێزی ئاوێتەکرد و عیراقی لە گۆشەگیری پەستاند.

عیراقی ئەمریکی کەمێک جیاواز بوو، سەڕەرای تیرۆر بەغدا بووە پنتێکی دیموکراسیی و کوردیش بە دەسکەوتی مێژوویی گەیشت.

عیراقی دوای کشانەوە گیرۆدەی ناکۆکی ناوخۆیی و مەیلی دیکتاتۆری و دۆخی جەمسەرگیری ئیقلیمی بوو. خۆی جوگرافیاکەی لە بارە بۆ ئەم جەمسەرگیرییە، دابەشبوونی سیاسیی بە کاتی بەهاری عەرەبیش ئەمەی چڕتر کردۆتەوە.

بێگومان لە هەندێک رووەوە بەغدای لاواز بۆ کورد باشە، بەڵام لە رووی تریشەوە کورد دوو ئەمانەتی لای بەغدایە: دەستووری مافەکان و نەخشەڕێی ناوچە دابڕێنراوەکان. دەوروبەری ئیقلیمی نەیار بە کورد، ئەگەر گۆڕاشبن هێشتا بایی ئەوە نییە کورد دەستوور و ئەمانەتەکەی لە بەغدا هەیەتی بەوان بگۆڕێتەوە. جا ئەو دەوروبەرە چی لە کورد بکات ئەگەر ناوچە دابڕاوەکانی لەگەڵ خۆی نەهێنێت؟ باشە ئەم ناوچە دابڕاوانە چۆن دەهێنێت ئەگەر لەگەڵ بەغدا نەگاتە تەگبیر؟ بە زۆر دەستی بەسەردا دەگرین؟ جەمسەرە ئیقلیمییەکە بۆمانی دێنێ؟ کە ئەوان خۆیان هێنایان، ئێمەیان بۆ چییە؟ چۆن هاوشانی خۆیان حسابمان بۆ دەکەن؟

٢٠١٢/٦/٨

# دەورانی کاغەزی

غەسان توێنی کۆچیکرد و لەگەڵ خۆشیدا هەشتا ساڵی رۆژنامەگەری لوبنانی پێچایەوە. دەورانێک هی رۆژنامەگەری کاغەزیین و هی ئەو کاتەی لوبنان تاقە پایتەختی بەهاری عەرەبی بوو. تا شەڕی ناوخۆ ئەدگارەکەی گۆڕی، ئەوی ئێستا تارمایی لوبنانەکەی جارانە لە چاپێکی سانسۆرکراودا.

توێنی تۆمارێکی سەرکەوتووبوو لە میدیایەکی سەربەخۆ و ئەهلیدا، ئەمما میدیایەکی سەنگین و راستگۆ، قامەتێکی باڵا بوو لە بیری کراوە، ئەمما بۆ میللەتەکەی خۆی. ئەزموونێکی سەرکەوتووبوو لە پێکەوە گرێدانی سیاسەت و میدیا، خەمی رۆژنامە و پەژارەی نیشتیمانییدا.

رەوتی ئەندێشەی لە نووسیندا تێپەڕی کاری رۆژنامەگەری و بەرێکردنی رۆژ بوو، لەبەر ئەوە کتێبەکانی کە کۆی نووسینە رۆژنامەوانییەکانی و کۆی گوتارە رەسمییەکانی بوو، دەستیان دەدا وەک کەرەستەیەکی فیکریش مامەڵەبکرێن.

ئەگەرچی (نەهار) رۆژانە بوو و خانەی نەهاریش بۆ چاپی رۆژنامە بوو، بەڵام خانەکە وەک، نووسەرەکەی، بووە مەیدانی کتێبداری.

ئەگەر خوێنەری کتێبی تایبەت بە مەسەلەی کوردیش لەبیری بێت (نەهار) هەر لە هەفتانەکاندا کتێبێکی (ئەدموند غەریب)ی لەسەر مەسەلەی کورد بڵاوکردەوە کە بۆ ئەو زەمانە ئیختراقێکی باشی لە میدیای عەرەبیدا دروستکرد.

(نەهار) خۆشی وەک توێنی و لوبنان خوێندنگەیەکی رۆژنامەنووسی بوو. رۆژنامەگەری سەدەی بیستەم بێ نەهار و بێ توێنی و بێ بەشداری لوبنان دەفتەرێکی مێژوویی پڕ کەموکورتی دەبێت.

غەسان توێنی بە قەڵەم و کاغەز، بە هەڵوێست و بە جگەر گۆشەی خۆشی، بۆ لوبنانێکی ئازاد و بۆ میدیایەکی سەنگین ژیا و ....مرد.

٢٠١٢/٦/١٠

# سەیدا عەبدولباست

ئەنجوومەنی نیشتیمانی سوریا کوردێکی بۆ سەرۆکایەتی خۆی هەڵبژارد کە دکتۆر عەبدولباست سەیدا روناکبیر و چالاکوانی کوردە.
ئەمە هەنگاوێکی باشە لەلایەن ئەم ئەنجوومەنەوە کە سیاسەتی لەمەولێشی جێی سەرزەنشتی چالاکە کوردەکانی سوریا و بە تایبەتیش ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی سوریا بوو.
سەیدا عەبدولباست سەیدا کوردێکی خوێندەوار و دیموکراتخوازێکی سورییە، دەتوانێ رۆڵ بگێڕێ هەم لە راستکردنەوەی رەوتی ئۆلۆزسیۆنی سەرتاسەری لە هەمبەر داخوازییەکانی کورد و هەمیش دەتوانێ ببێتە سیلەی رەحم لە نێوان ئەنجوومەنە سورییەکەی خۆی و ئەنجوومەنە کوردییەکە.
هەڵبژاردنی سەیدا کاردانەوەی جیاجیای هێناوە. هەن دەڵێن ئەمە هەنگاوێکی کەمەندکێشکردنی کوردە دوای رەددوبەدەلی لێشوو، هەشن دەڵێن جۆرێکە لە فریودانی کورد کە لەم قۆناغەدا ئەرکی قورسی ئۆلۆزسیۆنی لێ دەسلێردرێ و ئینجا لێی لاشگەز دەبنەوە. وەختێک جێیان لە دیمشق گەرم بوو ئەوە دەکەن کە هەندێک لە هێزە عیراقییەکانی ئەمرۆ لێیان خۆشە بە کوردی عیراقی بکەن: ئیحتیواکردن و لەراوێزخستن. هەشن دەڵێن دەشێ ئەمە مۆدێلێک بێت بۆ لەمەودوا قبوڵکردنی کورد لە سەروی هەرەمی دەسەڵاتدارێتی ئەم ناوچەیەی نێوانی ناخۆشە لەگەڵ دیموکراسی و کەیفی بە کورد نایەت. بەو ئیعتیبارەی مۆدێلی کوردی عیراق سەرکەوتووە با گرفتیشی هاتبێتە رێ.
هەموو ئەگەرێک رێی تێدەچێ، بەڵام ئەوانەی سیاسەت دەکەن چەند لێویستە بە ئاگا بن لە دیوە مەترسیدارەکان هێندەش دەبێ دەستلێشخەربن لەو کاتەی لێویستیان بە ئیختراقێک هەبێت.
لەم سۆنگەیەوە ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردی سوریا چاکی کرد سەرکەوتنی سەیدای پیرۆزکرد.

**٢٠١٢/٦/١١**

# نیشتمان وەك گۆڕەپان

دیدار لەگەڵ سەرکردەیەکی تالیبان، کە دوێنێ پوخەتەیەکی لە کوردستانی نوێ دابەزییوە، جێی سەرنج و رامانە.

سەرکردەی تالیبان تازەبەتازە رەخنە لە قاعیدە دەگرێ و پێی وایە قاعیدە ئەفغانستانی وڵاتی ئەویان تێکومەکان داوە. تازە کاکم ئەچێ بۆ ..((کابول)).. دوای کاولکردنی کابول ئینجا ویژدانی ((نیشتمانپەروەر)) ی تالیبان دەجولێ.

قاعیدە لە هەموو دونیا ئەفروزەکرا و تەنانەت سودانی بەشیر بن لادنی دەرکرد بەو هەموو پرۆژە و پارانەی خەرتوومی پێ کەمەندکێش کردبوو. کەچی تالیبان داڵدەیان دا.

کە ناتۆ هاتە کابول قاعیدە بێ خەم بنە و بارەگای پێچایەوە و گواستییەوە بۆ تۆرابۆراو ئینجا عیراق. ئەوی شوێنی نەبوو تالیبان و ئەوی کاول کرا ئەفغانستان بوو، ئەقڵ ئەو کاتە لە کوێ بوو کە تالیبان لاف و گەزافی حکومڕانی لێدەدا؟

باعیسی ئەم درەنگ وەخەبەر هاتنە چییە؟ ماکی ئەم دەردە لە ڕەگی بیرکردنەوەیاندایە کە هێزی توندڕەو و ئایدیۆلۆژیای پەڕگیر نیشتمانی نییە و نەتەوە بە عانەیەک ناکڕێت.

نیشتمان لای تالیبان و هاوڕێبازەکانی بەتەنها گۆڕەپانێکە بۆ ململانێ و پاکتاوکردنی ئایدیۆلۆژی کە نیشتمانیش بووە گۆڕەپان نەتەوە و میللەت نابنە هیچ مەگەر ئەوەی کەرەستەبن بۆ یاری ناو گۆڕەپانەکە و ئامڕاز بن بۆ پێکدادانی ئایدیۆلۆژی.

کاتی خۆی دەیانگوت ئێمە ئەفغانین ناتوانین میوان دەربکەین. قاعیدەیان بە پاکانەی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە پاساو دەدا کەچی ئێستا پەشیمانن وەک بڵێی جوامێری ئەفغان هەر ئەو دابونەریتەی هەبێ کە بە کەڵکی زیندووراگرتن بێت.

٢٠١٢/٧/١٧

# بەهاری بەشیر

قسەی هەق لە کوێ وترا ئەشهەدومابیلای گەرەکە. لەم چەندانەدا عومەر حەسەن بەشیر سەرۆکی سودان لەسەر رووداوەکانی خەرتووم قسەی کردبوو. قسەکەی بەم شێوەیە بوو: ئەم قەوماوانە ئەگەر بۆ بەهاری سودان بن سودان چەندین بەهاری بەخۆیەوە بینیوە، دەمێکە بەهاری خۆمانمان کردووە.

بەهار چییە؟

بەهار ئەگەر وەرزەکەی خوای گەورە بێت ئەوا یانی نەورۆز و ئازادی و خۆشی سەیران، ئەگەر ئەوە بێت لە وڵاتانی عەرەبی قەومان قسەکەی بەشیر راستی پێکاوە.

بەهاری عەرەبی سەرەتا پایز بوو بۆ دیکتاتۆری و بەهار بوو بۆ ئازادی و دیموکراسی و نوێکردنەوەی کاژی سیاسەتی عەرەبی. بەڵام ئێستا کە بووە بەهاری ئوسوڵی و ئیخوانەکان دەستکەوتەکانی دەچننەوە ئەوا قەسەی بەشیر موحەقەقە، بەشیر دەمێکە بەهاری خۆی راگەیاند و جێبەجێیکرد. بەهاری ئەو بەهاری هاوبەشی خۆی و حەسەن تورابی بوو، لەساڵی ١٩٨٩دا ((شۆرشی ئینقاز))یان جێبەجێکرد. جا دواتر عەسکەر و ئیخوان لەسەر پاوانەکە بەشەڕ هاتوون هیچ لە بەهارەکە ناگۆڕێت.

بەهاری بەشیر رژێمی سیاسیی سودانی لە رژێمێکی دیموکراتی هەڵبژێردراوەوە کردە رژێمێکی ئوسوڵی داسەپاو کە حزبی جەنەراڵ بەشیر و حزبی رابەری فیکری شۆڕشەکە، تورابی، برابەشیان کرد، بەهاری بەشیر شەڕی دژی باشوور دارفۆر و دیموکراسی بەرپاکرد. بەهاری بەشیر شەمەندۆفێرێک بوو تورابی لە وێستگەیەکدا لێی دابەزی، بەڵام زۆر وێستگەشی لەگەڵدا بڕی.

ئەگەرچی بەشیر لە پایزی حکومڕانیدایە، بەڵام خۆی هەر کوڕی بەهارێکی لەم چەشنەیە کە نها دژی خۆشی بەرپا کراوە.

**٢٠١٢/٧/١٨**

# دیمەشق

ئەگەر خەڵکی سوریا رەمەزانی داهاتوو لەسایەی دەسەڵاتێکی نوێدا نەژین ئەوا دوای جەژن پێی شاد دەبن. پایتەخت فاکتەری یەکلاکەرەوەیە لەهەر جولەیەکی سیاسیدا، شۆڕش بێت یان ململانێی ناوخۆیی یان تێکەڵەیەک بێت لەهەر دوکیان وەکو دۆخی سوریا پێی گەیشتووە.

شەڕ گەیشتە دیمەشق و درزی خستە دیواری رژێمەکەشەوە، ئەوی وازی هێناو ئەوی لەهێرشەکەی دوێنێدا لەناوچوو. ئەمەش هەوەسی ئۆپۆزسیۆن بۆ تەواوکردنی ئەرکەکە زیاتر دەکات.

شەڕەکە لە چ رەوشێکدا ئیجرایە؟

-ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەدونیا پەستە کەلەسەری نەهاتۆتە جواب و دەستی دەستی دیبلۆماسی پێکردووە. لەرژێمەکەش پەستە کە ئەو هەموو قەتڵوعامەی کردووە

-کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش دوودڵ و نیگەرانە چونکە نەیتوانیووە هەڵوێستێکی یەکگرتووی هەبێت، مانای وایە هیچ تەگبیرێکی هاوبەشی بۆ دوای ئەسەد نییە. ئەمە رەوشەکە دژوارتر دەکات چونکە هیچ لێکگەیشتنێکی نووسراوی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن نییە، ئۆپۆزسیۆن خۆشی گرێبەستێکی لە نێوان خۆیدا نییە کە هێڵی گشتی دوای ئەسەد بێت. ئەمەش دۆخەکە بۆ بازووی هێزە چەکدارەکان و بەهێزترینیان بە جێدڵێت. کێ گۆرەپانەکە کۆنترۆڵ دەکات سوپای سوریای ئازاد یان ئۆپۆزسیۆنی ئەفەندی یان ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەناکاو دێتەکایەو؟

ئەم بەزمە هەر لەدیمەشق نابێ، جەژنانەکەی دەگاتە کوردستانی رۆژئاواش. راستە کورد لەوێ یەکی گرتۆتەوە بەڵام هیچ نووسراوێکی لەگەڵ دیمەشق ئیمزانەکردووە، نە دیمەشقی کۆن کە ئەم رەمەزانە ململانێ دەکات و نەدیمەشقی تازەش کە دوای جەژن حیسابی لەدەست دەبێت.

جا ئەو ئۆپۆزسیۆنانە ئیمزایان لەگەڵ کورد هەبێ پاشگەزدەبنەوە، ئەدی ئەگەر نەیانبێت؟

**٢٠١٢-٧-١٩**

# ئەفسانەی ئەفسەران

عیراق پڕە لە ئەفسانە،دوا ئەفسانەی ئێستا کە دەست دەدات بۆ مەتەڵی شەوانی رەمەزان ئەفسانەی ئەفسەرانی پێشووی سوپای پێشووی عیراقە.

جارێکی تر گوێمان لێیە بەغدا ئەفسەرانی جاران دەگێرێتەوە، پشتیان پێ دەبەستێ لە کێشە ناوخۆییەکان و وەک تیکەی تەڵە لە ڕاوکردنی سوننە نارەزاییەکاندا بە کاریان دێنێت.

نزیکەی دەساڵە پرۆسەی رزگاری تەواو بووە کە یەکێک لە دەرەنجامەکانی تەفروتوناکردنی سوپاکەی(یان ڕاستتر بڵێین سوپاکانی) سەددام بوو، سەرەتای پرۆسە لەبەردەم هێزە عیراقییە نوێکاندا تەختونەرمانی بوو، لەو کاتەدا سەربازانی پێشوو داوای موچەیان دەکرد، کەس نەبوو دابینیان بکات.ئەم فەرامۆشیە بووە مایەی تووڕەیی و دەستپێکی ئیرهابێک وا دە ساڵی خایاندووە.

هەنووکە هەر چەند وێستگەیەک و گوێمان لێیە ئەفسەران دەگێرنەوە. ئەم چەمکە بۆتە چەمکی موزایەدە لە عیراق و بۆتە بڵقی سەرئاو تا کوردی پێ بترسێنن کە نێوانی لەگەڵ ئەفسەرانی سەددامدا خۆش نییە.

ڕاستێکەی ئەگەر ئەم دۆسییە بۆ ئەوەیە ئیرهاب نەبێ و ئەفسەران دابین ببن ئەوا دەکرا زووتر چارە بکرایە پێش ئەوەی عیراق بکرێتە گومی خوێن.ئەگەریش بۆ ئاشتەوایی نیشتمانیە ئەوا با حکومەت لە جێی دڵدانەوەی ئەفسەرانی سوننە با چاوێکی لە مەدەنیەکانیان بێت. ئەگەریش بۆ ئەوەیە گوایە شارەزا ئەوا هەموو دەزانین سوپاکەی سەددام لەسەر بنچینەی وەلا بۆ خۆی پێکهاتبون، مەرج نییە ئەستێرەی سەرشانیان بەڵگەی حەریفی بێت.

سوپای سەددام لە دەمی خۆیدا پیەو خەرۆ بوو بوو دەساڵی دوای کەوتنی دەبێ تەرایەش چی تێدا مابێت؟

**٢٠-٧-٢٠١٢**

# چی تازە هەیە؟

قسەیەکی کۆنی سەرۆک ترومان بۆ ئەمرۆی عیراقیش دەست دەدات: (هیچ شتێکی تازە نییە مەگەر ئەو ڕووداوانە نەبێت کە لە لاپەرەکانی مێژوودا نەتخوێندۆتەوە)

هیچ شتێکی تازە لە پەیوەندی کوردستان و بەغدا نییە مەگەر ئەو لاپەڕانەی مێژوو نەبێت کە چاومان پێی نەکەوتووە، نەمانخوێندۆتەوە یان ڕاگوزەر بەسەریدا ڕۆیشتووین.

زۆر نووسراوە لەسەر شەڕە سەربازییەکانی نێوان کورد و بەغدا، شۆڕشەکانی کوردستان و حکومەتەکانی بەغدا. بەڵام کەم نووسراو یان کەممان لەسەر سەرەتاکانی گرژی و تەسعید خوێندۆتەوە.

بۆیە لە هەر تەسعیدێکدا فەرقی پێ ناکەین.

ئەمی ئێستا هەیە و ئەوی بەغدا لەسەر کورد و کوردستان دەیڵێ سەرەتایەکی گرژییە کە هەموو گرژییەکانی جارانیش وا بووە، هەموو گرژییەکانی جاران پچڕانی بە دواوە بووە. ئەگەر بەری ئەم گرژییەش نەگیرێ ئەوا دەقەومێ و سەد گولەبەندی وەک دەستوور و ڕێککەوتن ناتوانن بەری پێ بگرن.

کێ شەرە قسەی پێش شۆڕش و پێکدادانەکانی لە یادە، بەغدا چەند بیانووی لە دەفتەری قەرزەکانی دەردەهێنا و ئێمەش چیمان دەگوت؟

تێکچوونی نێوان شێخ مەحمود لەلایەک و ئینگلیز و مەملەکەتی عیراقی لەلایەکی ترەوە. گرژی نێوان کوردایەتی و قاسم. ڕەدوبەدەلی نێوان تەئاخی و سەورە. هی نێوان ئێزگەی شۆڕشی نوێ و مەسجە هەڕەشەکانی بەعس. ئەمە دووپاتی مێژووی سیاسەتی عیراقە. بۆ عیراقییە تازەکانی دوای ٢٠٠٣ تازەیە، بۆ کورد تازە نییە.

هیچ شتێک تازە نییە مەگەر ئەو لاپەرانەی مێژوو نەبێت کە برا عەرەبەکانمان نەیانبینیوە.

٢٠١٢/٧/٢٢

# یونامی دەڵێ

ڕاڵۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق رای وایە تەنگژەی عیراق چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانی دواخستووە. ئەمەش راستییەکە کورد پێش هەر پرۆپێکی ململانێکار هەستی پێ دەکات

هەڵسەنگاندنێکی شاش هەیە کە پێی وایە ئەگەر شیعە و سوننە سەرقاڵی گیروگرفتی خۆیان بن ئەمە لە قازانجی کوردە.

راستێکەی ئەوان فێر نین گیروگرفت لە گۆڕەڵانی خۆیاندا قەتیس بکەن ولڕیشکیان بەر کورد نەکەوێت ، ئەگەر کورد نەچێتە نێوانیانەوە بۆ چارەسەر ئەوا درێژەی لێدەدەن. هەزار و چوارسەدساڵ تەحەمولیان کرد بۆ چەندانێکی تریش لەسەری نەرۆن؟

بۆیە ئەگەر پریشکی ململانێیان بەر کورد نەکەوێت بێگومان ململانێکە لە کاتی ڵرۆسەی سیاسیی دەخوا کە چەند وێستگەیەکی، لەوانەش وێستگەی ١٤٠، پەیوەنداری بە کوردەوە هەیە.

لێش ئەم تەنگەژەیە بە رەوتی کیسەڵیش بێت بڕگەی ئاسیکردنەوەی بارودۆخی ناوچە دابڕێنراوەکان لە جوڵەدابوو، ئاوارە قەرەبووی وەردەگرت و دۆسێی زەوییە کشتوکاڵییەکان کرابۆوە، سەرۆک کۆمار پرۆژە یاسای چاککردنی سنووری ئیداری پارێزگاکانی ناردبووە پەرلەمان و هاوپەیمانی کوردستانی گەلەکۆمەکێی بۆ دەکرد، لەوەتەی ئەم تەنگژە قەوماوە کات لە تەمەنی عیراقییەکان دەروا و کوردیش خەسارەتی دووجایە. حەسرەتە تەنها بۆ کات نییە بەڵکو بۆ ئەوەشە هەموو تەنگژەیەک جەمسەرگیری دروست دەکا و هەر جەمسەرگیرێکیش لە دژی ئەویتر دەچێ بە قیندا.

حکومەتی عیراقیش مادام جەمسەرێکە لە تەنگژە کە واتا ئەویش قینداره. جەمسەرەکەی تریش لە بنەرەتدا نێوانی لەگەڵ ناوچە دابڕاوەکاندا خۆش نییە. کە واتا یونامی راستی کرد.

٢٠١٢/٧/٢٣

# ژیانی دیکتاتۆرەکان

ئاماژەی کەوتنی هەر رژێمێک بڵاوبوونەوەی سیدی و گرتە ڤیدیۆییەکانی سەرانی ئەو رژێمەیە. وەک ئەوەی ئێستا لە ئەسەد دەقەومێت. یان سبەی لە سەرکردەکانی تری بەعسەوە دزە دەکات.

کە بەعسی ئەمدیو کەوت بەعسی ئەودیو نەیتوانی کەڵک لەدەرسەکانی وەربگرێت. ئیتر باس لە کەوتنی رژێمەکانی تر ناکەم مادام دوو حزبی برا نەیانتوانییوە کەڵک لە یەکتری وەربگرن.

کە بەعسی عیراق کەوت سیدییە شەخسییەکانی سەددام و بنەماڵەکەی بڵاوبووەنەوە. ئەمە ئاهەنگی لەدایکبوونی حەلا و ئەوەیان گەشتێکی بنەماڵە بۆ تکریت، لێرە ئاهەنگی شووکردنی رەغد و ئەوی تریان سەیران بۆ هاوینەهەوارەکانی کوردستانی دوای ئەنفال. گرتەکان هیچ نەبێ ئەوانەی من بینیومن نۆرماڵن. هەموو خێزانێک گەشت دەکەن و ئاهەنگ دەگێڕن.

بەڵام خەڵک تەماشای ئەم سیدییانە دەکەن بۆ بینینی دیکتاتۆر وەک خۆی کە مرۆڤە و ژیانێکی ئاسایی دەگوزەرێنێت لەگەڵ کەسوکارییا. وەک فزوڵێک و وەک تۆڵەیەکیش کە دیکتاتۆر لە حوکمڕانی خۆیدا ژیانی کەسەکانی تاڵکردووە و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی راسپاردووە هەناسەی سینگ و ترپەی دڵ و چرپەی ژیانی شەخسی کەسەکان چاودێری بکەن. دیکتاتۆر لە حوکمڕانی خۆیدا هەموو نهێنی و هەموو تایبەتمەندییەکی گوزەرانی رۆژانەی خەڵکی ئەتک کردووەو تۆماری کردوون. بۆیە کە دەکەوێت خەڵک بەم جۆرە تۆڵەی لێ دەکەنەوە: سەیری ژیانی شەخسی و ساتەوەختە ئاساییەکانی بکەن.

ئەوی لەسەر سەددام و خانەوادەکەی لەفەیسبووک و یوتوب و سایتەکاندا بڵاوبوونەتەوە. ئەوەیان لەسەر خۆیان حەڵاڵکردووە مادام پێشتر ژیانیان لەخەڵکی حەرام کردبوو.

**٢٠١٢/٧/٢٤**

# کوردستانی ڕۆژئاوا

لە بەرواری ڕووخانی ئەسەدەوە تا جێگیرکردنی حوکمڕانی نوێ لە سوریا، کوردەکانی ڕۆژئاوا دەرفەتێکی باشیان هەیە بۆ خۆچەسپاندن. ئەگەر حوکمڕانی نوێ ئیخوانی بێت یان دیموکراسیی ئەوا کوردی سوریا دەرفەتیان لە پێشە کار بۆ مەسەلەکەیان بکەن.

مەسەلەی کورد لەوێ تەنها بریتی نییە لە مافەکانی کورد ئەوی لە دەستوور یان لە گرێبەستی نوێدا دەنووسرێتەوە. پایەیەکی گرنگی تر خۆپێگەیاندنی سیاسیانەیە.

ژیـان لە سایەی بەعسدا، وەک تەجرەبەی بەعس لای خۆشمان سەلماندوویەتی، یانی کوشتنی سیاسەت و کوشتنی دەستپێشخەری و تاودانی پرۆسەی سیاسیی.

بۆیە هەر کەسێک لە بەعس دەربازی دەبێت. ماوەیەکی نەقاهەی گەرەکە تا دێتەوە سەر خۆی.

کوردیی عیراق ئەمەیان کرد، دوور لە بەعس خۆیان پێگەیاند و بە هەڵە و ڕاستی تاقیکراوە بوونە خاوەنی بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئەزمووندار.

ئەم ماوەیە بۆ کوردستانی سوریا هەم بۆ خەباتی نەتەوایەتی و هەم بۆ خۆپێگەیاندنی نەتەوەییە. بۆنە سیاسییەکان دەرفەتیشە بۆ گەشە و فراوانکردنی بەشداری سیاسیی.

هێزە سیاسییەکانی کوردستانی سوریا لەسەریانە لاوان و نەوەی نوێ مەشق پێ بکەن و لە گۆڕەپانی سیاسەتدا قاڵیان بکەنەوە، بەمە خۆشیان دەمەزەرد دەبنەوە و نەوەیەکی نوێ پێدەگەیەنن کە لە دوورمـەودا دا خەزێنەیەکی باشە بۆ کاروانە دوور و درێژەکەی کوردایەتی.

ژنان و لاوانی بەشدار لە تەنسیقیاتی ساڵی ڕابردوو و ئەوانەی لە چالاکی داهاتووش بەشداری دەکەن یەدەکێکی گەورەن و بنەمای کۆمەڵگەیەکی سیاسیی پتەون، ئەوانە سامانی نەتەوەن و وەبەرهێنانی چاکیان پێویستە.

**٢٠١٢/٧/٢٥**

# بەربانگی ئاشتی

خانمێکی پەرلەمانتار میوانداری لایەنە ناکۆکەکان دەکات تا لەسەر خوانی بەربانگ کردنەوە دابنیشن و کێشەکانی وڵات چارەسەر بکەن.

سەمیرە موسەوی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق ئەم دەستپێشخەرییەی کردووە و دەڵێ من خۆم میوانداریيەکە دەگرمە ئەستۆ، خێری بنووسێت هەرچەندە روونی نەکردەوە جۆری خواردن و شیرینی و شەربەتی بەربانگەکە چۆنە؟

ئایا سفرەی بەربانگ دەبێتە فاکتەری کەمەندکێشکردنی سیاسەتکارانی عیراق؟

راستێکەی ئەوان لەسەر نەوس بە شەڕ نەهاتوون هەریەکەیان توانای ئەوەی هەیە سفرەی رۆژووشکاندن برازێنێتەوە و میوانەکانیش تا پارشێوی داهاتوو ئیدارەبدات. ئەوان لەسەر شتی تر بەشەڕ هاتوون کە بۆ هەندێک دەسەڵاتخوازی و بۆ هەندێکیش مافی رەوایە. ناکۆکی عیراقییەکان وا چەقی بەست ئەمساڵ شڵەژانی لە دەستپێکی رەمەزاندا دروست کرد.

دیپلۆماسیی خوان وداوەت هەر لە سەرۆک تاڵەبانی خۆی دێت کە چەندین ساڵ سەرکردە عیراقییەکانی راهێنا هەم لەگەڵ خواردن وسفرەی ئاوەدان و هەم لەگەڵ سیاسەتی چەپکە گوڵ و پێکەوە هەڵکردن لە رێی گیانی لێبووردەیی و تەنازولکردن بۆ یەکتری بسازێن. سەرۆک تاڵەبانیش نها لە سەردانێکی چارەسەرییە و پشت بە خوا کە گەڕایەوە وڵات ئەم پارێزییە تەندروستییە تەنها بۆ خۆیەتی و مەرج نییە میوانە پێکناکۆکەکانی پڕۆسەی سیاسیی بگرێتەوە.

لەگەڵ جەژنی رەمەزان و جەژنی گەڕانەوەی سەرۆک کۆماردا دەستپێشخەری و ریعایەتی لێکگەیشتن دەست پێدەکاتەوە. ئینجا داوەت و میوانداری ئەبێتە تەحسیل حاسلی ئاشتبوونەوە.

تا ئەو وەختە سفرەی پەرلەمانتار موسەوی و سفرەی هەموو عیراقییەکان ئاوەدان بێت.

**٢٠١٢-٧-٢٦**

# خانەقین

ئەنجوومەنی خانەقین بڕیاری دیموکراسیی خۆیدا کە داوای جێگیرکردن، مانەوە و پتەوکردنی ئامادەگی پێشمەرگە دەکات لە خانەقیندا. ئەمە بڕیارێکی چاوەڕوان کراوە لەو شارە کوردستانییەی بە هەموو شێوەکانی گوزارشتکردن دەخوازێت خۆی بە کوردستانەوە گرێ بدات.

دەیان ساڵە خانەقین بە دڵ و بە گیان، بە بەشداری لە شۆڕش و بەرخودان لە دژی تەعریب و راگوێزان ئەم پەیوەستبوونەی خۆی دووپات دەکاتەوە.

دوای رووخانی سەددام هێشتا عیراق بێ حکومەت بوو خانەقین گەورەترین هەڵمەتی ئیمزاکردنی بۆ گەڕانەوە بەرپاکرد. راپرسییەکی میللی بوو بۆ مێژوو و بووە کەرەستەیەکی دیموکراسیی لە بەردەم بزووتنەوەی کوردایەتیدا کە زوو بنە و بارەگای تەعریبی پێچایەوە و ئەوەی کرد کە دەبوایە لە هەموو شارێکی دیکەی لە کوردستان دابڕاو بکرابایە.

لە هەڵبژاردنەکاندا خانەقین گفتی خۆی دا و لە تەنگژەی چەند ساڵی پێش ئێستاشدا وەک کوردی گەردنی لە کێوی بێستوون مەحکەمتر بوو. ئێستاش بە ئاشکرا داوای پێشمەرگە دەکات.

خانەقین وەزمانی کوردی هەموو شتێکی وت. ماوەتەوە سیاسەتی رەسمی کوردایەتی بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دەستپێشخەری گەرموگوڕ. ژوورێکی عەمەلیاتی بەردەوام بۆ خانەقین و گەرمەسێر پێویستە کە تەنها ژووری ئیدارەدانی کاروباری پێشمەرگە نەبێت، بەڵکو ژووری بیرکردنەوە و تەکبیری ستراتیژییش بێت. سەرکردایەتی حزبەکان و بەتایبەتیش یەکێتی حزورێکی بەردەوامیان لەو شارە هەبێت. ئەوێش کوردستانە ومەیدانێکی گیانبازی راستەقینەیە بۆ کوردایەتی.

بەڵکو سا خانەقین کوردستان لەم متبوونە سیاسییە راچڵەکێنێ و ئەنگێزەی تێهەڵچوونێکی نەتەوەیی نوێ بێت.

٢٠١٢-٧-٢٧

# زومـــار

زومـار جگە لـەوەی ناونیشانی ناوچەیەکی دابـڕاوی کوردستانە، بەڵگەیەکی دیکەی ناساغڵەمی سیاسەتە لە وڵاتی عیراقدا.

زومار ئێستا بۆتە (ا) یان (ب)ێک لە زنجیرەی خاڵە ناکۆکەکانی نێوان بەغدا و کوردستان. وێستگەیەکی ترە لە تەنگژەی ئەگەری بەر یەککەوتنی نێوان پێشمەرگە و سوپای عیراق کە نموونەکەیمان، پێش چەند ساڵ، لە خانەقین بینی. هی کەرکوک باس ناکەم چونکە ئەوە تەنگژەیەکی بەردەوامە و پێدەچێ هەموو لایەک لەسەری راهاتبن.

بەغدا ئەڵێ سنووری نێودەوڵەتی سەلاحیاتی سوپای ئیتیحادییە. وەک بڵێی لە هەموو بوارەکانی تردا ئەرکە ئیتحادییەکان جێبەجێکراون و هەر ئەمەیان مابوو، بەڵام بۆچی کورد دڵی لە سوپای عیراق کرمێیە و مەیلی هەرچی بەربەستکردنی هەیە؟

هۆکاری ئەمە تەنها یادگارە تاڵەکانی جاران نییە، خۆ ئەم سوپایە بە حیساب سوپا شۆڤێنی و ناوەندییەکەی دوێنێ نییە، ئەمەیان گوایە سوپای ئیتحادییە وەکو راگەیەندراوەکانی بەغدا بۆ چاوەزار ناوی لێ دەنێن.

ئەمجارەیان گرفتەکە لە سوپاکەدا نییە، گرفتەکە لەحکومەتدایە کە وا تێکی داوە لەگەڵمان، تیپی چاڵغی بەغدادیش بنێرێ بۆ ئاهەنگ گێران. خەڵک بە گومانەوە سەودای لەگەڵدا دەکەن.

ئەگەر بەغدا ١٤٠ی جێبەجێکردبا بۆچی زومار دەبوو بەکێشە؟ بۆچی تەواوی ناوچە دابڕاوەکان لە دابڕاوەوە دەبوونە ناوچە هەستیارەکان.

ئەگەر سوپای عیراق وەک کوڕی خۆی مامەڵەی هێزی پێشمەرگەی کردبا و وەک بەشێک لە مەنزومەی دیفاعی عیراق پۆشتە و پەرداخی کردبا بۆ ئێستا لێی بەگومان دەبوون؟

کێشە لەدەستووردا نییە کێشە لە ئەولەویاتەکانی بەغدادایە.

**٢٠١٢/٧/٢٩**

# كێشەكە چییە؟

كرۆكی كێشەی نێوان هەرێم و بەغدا یەک شتە، عـەرەب بەمە دەڵێت گالیسكەكە لەپێش ئەسپەكەوە دادەنێن یان ئەسپەكە لە پێشەوە و ئینجا كەژاوەی كاروان دەستپێدەكات؟

دەستووری عیراق بنەمای بۆ چارەسەری كێشەكانی كوردستان و بەغدا دیاریكردووە، گرێبەستە سیاسییەكانی بۆ پێكهێنانی كابینەكان كراون ئەوانیش بەدەوری خۆیان نەخشە رێگای قۆناغ بە قۆناغی چارەسەرن. دوا گرێبەست (١٩)خاڵە ناسراوەكەی كوردە كە مەشهوری گشت عالەمە.

ئەی بۆ كێشە هەیە؟ كێشە هەیە چونكە ئەگەر كێشەكان وەكو چارەسەریان بۆ دانـراوە چارەسەر نەكرێن هەو دەكەن، دەڕزێن و موزاعەفاتی خراپیان لێ دەكەوێتەوە. بەغدا دەڵێ خەتای كوردستانە و هەولێریش بە پێچەوانەوە، لێرە فەلسەفەو كرۆكی كێشەكان نیشان دەبن، ئەسپەكە لە پێش عەرەبەكانەكەوە یان بە پێچەوانەوە؟ كێ كاروانەكە بەڕێ بخات؟

-دەیان بنەمای دەستووری هەیە كە دەستوور بۆ وردەكارییەكەی دەڵێ (وینچم ژلک بقانون) -یاسای نەوت و غاز لە دەست حكومەتی هەرێمە یان بەغدا كە ئیتر تەرجەمەی قانوونیی بۆ بەندەكانی دەستوور بكات؟

-بیناكردنی سوپای عیراق بەو جۆرەی نوێنەرەوەی هەموو پێكهاتەكان بێت لە دەست كوردە یان بەغدا.

-ماددەی (١٤٠) لە دەستی كوردستانە یان بەغدا؟

-سەرژمێری گشتی كە ناوچەكان، نەتەوەكان و رێـژەی گەشە و داهات دەسەلمێنێت كێ پەكی خستووە؟

-ئەنجومەنی ئیتحادی و دادگای ئیتحادی كە دانەمەزراون و پتەونەكراون خەتای كوردە یان بەغدا؟

ئەگەر ئەمانە چارە نەكرێن چۆن نەوت، كەركوک و پێشمەرگە و رێژەی بودجە نابنە سەر ئێشەی بەردەوام؟

٢٠١٢/٧/٣٠

# کوردستانی عوسمانلی

له هەرسێ بەشی کوردستانی عیراق، سوریا و تورکیا مەسەلەی کورد لە گەشەکردنێکی چۆنایەتیدایە، بیست ساڵە باشوور حکومەتایەتی دەکات، ئێستاش رۆژئاوا کۆتی بەندایەتی دەپسێنێ. خەبات لە باکووریش هەدادانی نییە.

ئەم سێ (کوردستانە) لە باری مێژووییەوە بە شێکن لە کوردستانی عوسمانلی. بەو مانایە نا کە هی تورکەکانن، بەڵکو پێشتر پێکەوە بوون و سەدەی بیستەم لێکی دابڕین.

وەکو ئەوەی کوردستانی عوسمانلی هی تورکەکان نییە و بیرکردنەوە عوسمانلی کردنەوەیان خەونێکی ئیرتجاعی عوسمانلییە نوێیەکانە ئەوا ئەم رەتکردنەوەیە بە مانای ئەوە نییە ئەم سێ بەشە کاریگەری لەسەر یەک ناکەن و تورکیاش دەستی لە دۆسییەکەدا نییە و سوریا و عیراقیش لایەنێکی کێشەکە نین، بەڵکو بە ئەندازەی دابەشبوونی ئەم سێ بەشە لایەنە پەیوەندیدارەکانی زیادیان کردووە و جگە لە پایتەختی تورکیا دیمشق و بەغداش خاوەندارێتی لە دوسێکەی دەکەن.

جا ئەگەر کورد بیەوێ یاخود نا ئەوا پرسی ئاڵۆزکاوی هەرسێکیان پێکەوە گرێدراون و دەوروبەرمان (کوردستانیانە٩ بیری لێ دەکەنەوە هەتا ئەگەر پەرچەکردایان لە ئاستی هەر بەشێکدا قۆناغبەند بکەن.

چۆن ئەم دەرکەوتەدا هەڵسوورێنین؟

پێش کردار ئەندێشە و بیرۆکە گرنگە. کورد دەبێ ئەندێشە و بیرکردنەوەی لەسەر ئەم پرسە پەرە پێبدات، تەنها لە روانگەی رووداوێکی بچووک یان گرتەیەکی ئەمرۆوە مامەڵەی نەکات. کۆی دیمەنەکە ببینێ و بە نەفەسی گۆڕانکاری سەدەی بیستویەک سەودای لەگەڵدا بکات کە دەشێ تەنها سەدەی گۆڕینی رژێمەکان نەبێت، بەڵکو گۆڕینی تەگبیرە جوگرافییەکانیش بێت.

٢٠١٢/٧/٣١

# ئەمریکا و کوردی سوریا

هێشتا زووە ئەمریکا هەڵوێستی خۆی لەپرسی کوردستانی سوریا یەکلایی بکاتەوە. کوردی رۆژئـاوا هێشتا داوای لە ئەمریکا نەکردوە پشتگیرییەکی باشی پرسەکەی و داواکانی بکات، بۆیە پێچەوانەی ئەوەش راست نییە کە هەر لە ئێستاوە واشنتۆن دەرگای خۆی بەرووی ئەگەرەکانی کورددا دابخات.

کورد دەکرێ رەقەمێکی گرنگ بێت لەدوا رۆژی سوریا وەکو کوردی عیراق وان، لە دۆسێی کوردی عیراقدا واشنتۆن وەبەرهێنانی زۆری کرد، ئەگەر قازانجەکەش سەد دەرسەد بە دڵی کوردو بە دیوی ئەمریکاش بە دڵی واشنتۆنیش نەبووبێت ئەوا لە کۆتا دەسکەوتدا بۆ هەردوولا خراپ نەبوو و گرنگتر لەوەش ئاسۆی تاقیکردنەوەی ئیلهامبەخشی تریش کراوەیە.

لە دۆسێی عیراقدا کەس وەکو کورد بە کەڵکی ئەمریکا نەهات و هیچ کام لە پێکهاتەکانی وڵاتەکە وەکو کورد تا سەر لەگەڵی نەچوون. ئەمە نموونەیەکی باشە کە ئەگەر لە سوریا کۆپیش نەکرێتەوە با رێ لە ئیجتهادی کوردەکانی رۆژئاوا نەگرێت. ئەگەر سەیری تورکیا بکەین کە پەیوەندارێکی هەستیاری دۆخی کوردییە هێشتا ئەنقەرە دەرگای تەواوەتی لە سەر کورد دانەخستووە: لەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریا سەودا لەگەڵ کوردەکانی ناوی دەکات و لە هەرێمی کوردستانیش هیوابڕاو نەبووە و ترسی گەورەی پەیەدەیە. کە تورکیا وابێ هەق نییە رێزدار فیلیب گۆردۆن یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەئێستاوە دەریچەکان سواق بداو بێژێ واشنتۆن پشتگیری بیرۆکەی هەرێمێکی کوردی لەسوریا ناکات.

واشنتۆن ئەزموونی هاوپەیمانی راستگۆیانەی کوردی عیراقی لە پێشە وەکو چۆن دوودڵی پێکهاتەکانی تری تاقیکردۆتەوە.

رۆژی حەماقەتە گەورەکەیە. رۆژی ئەوەی سەددام ملی پێوەنا و

کوێتی داگیرکرد و دەرگای گۆرانکارییەکی گەورەی کردەوە. مێژوو سەرزل و زلهێزەکان دەینووسنەوە دەنا دەبێ دونیا هەمووی لە بیری بێت کەس پێشبینی داگیرکردنی کوێتی نەکرد سەرکردایەتی یەکێتی و بە تایبەتی هەڤاڵ مام جەلال نەبێت. تەنگژەکانی عیراق واقووڵ بووبوونەوە پێویستی بە داگیرکردنی کوێت هەبوو، هەم بۆ مژۆڵکردنی سوپا و هەم بۆ دابینکردنی سەرچاوەی تری تالانکردن و لە هەمووشی گرنگتر بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کەنداو کە سەددام پێی وابوو لە شەڕی ئێراندا داکۆکی لێکردوون و ئەوان سپڵە دەرچوون.

داگیرکردنی وڵاتان هەمیشە کارێکی خراپە بەڵام ئەوی ٢ی ئاب رۆڵی گەورەی گێڕا لە دەرکەوتنی شەڕانگێزی بەعس. بەرپەرچدانەوەی سەددامیش لە کاتی خۆیدا هات، دونیا دوو جەمسەریی تێپەراندبوو و سەددامیش ریزی عەرەبی لەتوپەت کرد. داگیرکردنی کوێت و رزگارکردنی لەگەڵ خۆیاندا گۆڕانی چەمک و ریزبەندی نوێیان هێنایەکایەوە. باهۆزێکی گەورەبوو تا نهاش کە خەریکە دەگەرێینەوە بۆ قۆناغی دوو جەمسەریی، نەنیشتۆتەوە.

باهۆزی بیابان وا هەڵیکرد کە نەک بەغدا بەڵکو هەموو پایتەختە عەرەبییەکانیش دەهەژێنێت. سێ وڵاتی راستەوخۆی پەیوەندار بەم رۆژەوە هێشتا کاروکاردانەوەکانی کۆدەکەنەوە.

عیراق ئەوە حاڵەکەیەتی و کوێتیش ئەگەرچی رزگاری بوو بەڵام لە گەلێک بواردا تا بواری ئەزموونە ناوازە دیموکراسییە خلیجییەکەشی هێشتا رەنگ زەرد و لێو بەبارە. ئەمریکاش دووچاری ١١ی سێپتەمبەر و پەرچەکرداری زۆر هاتووە. لەو سیانەش بترازێ ئەمرۆ دونیا هەموو ٢-ی ئابە.

**١-٢-٨-٢٠١٢**

# ئۆغلو لەکەرکوك برینان ئەکولێنێتەوە

برینی سۆزی مێژوو، هی ئەمرۆش کە پەیوەندی بە پرۆتۆکۆلی پرسپێنەکردنەوە هەیە.

برینی تورک کە لە هەموو ویلایەتە لە دەستچووەکانی عوسمانلی، هەر ویلایەتی موسڵی لە خەیاڵە. لە موسڵی لە دەستچووش هەرگیز کەرکوکی بیر ناچێتەوە.

راستێکەی ئەوە کورد نەبوون لە ڤییەنا پێشیان بە سوپای فەتحی عوسمانلی گرت،وەک گەڵای پایز ویلایەت بە ویلایەتیان هەڵیانوەراند، ئەوە حوکمی مێژوو بوو کە برینی قووڵی لە دڵاندا چاند.

ئۆغلو برینی کوردیشی کولاندەوە، برینی عاتیفەی ئەوەی تورکیا لە کوردستان رازییە، بەلام نەک تا ئەوەی کەرکوکیشی هەبێت. ئۆغلو لەوێ کەرکوکی بە ئەمانەت لای ئەو بەغدایە دانا کە هەر ئێستا ناکۆکە لەگەڵی برینی بەغداشی کولاندەوە کە نارازییە لەم هاتنە بێ روخسەتە. هەمان ئەو بەغدایەی وەفدان دەنێرێ بۆ ئەنقەرە تا کورد کەرکوک نەباتەوە و بێ ئیزنی شەریکە کوردستانییەکانی هەرچی خوا پێی ناخۆش بێت ئەوە لە ناوچە دابڕاوەکان بکات.

بەغدا هەرگیز سوپاسی کوردی نەکرد کە وەختی خۆی برینیان خستە دڵی تورکەوە و دەنگیان بۆ مانەوەی موسڵ لەگەڵ ئەنقەرە نەدا.

ئۆغلو برینیان دەکولێنێتەوە، برینی سایکس بیکۆ، برینی سیڤەر و هی لۆزانیش. بەغداش وەک فەرمانبەرێکی مەسلەکی و بیروکرات بەم دەقی پرۆتۆکۆڵی و ئەو بڕگەی دەستوورەوە گرتویەتی.نازانێ ئۆغلوی (تورک) لە (عیراق) پرسی (سوریا) تاوتوێ دەکات. ئەمەش بەسە تا بزانرێت لە وەرچەرخانەکاندا سنوورەکان کاڵ دەبنەوە و برینەکان دەکولێنەوە.

ئۆغلو برینان دەکولێنێتەوە.

٢٠١٢-٨-٣

# بە قسەی بوشیان نەکرد

کاتی خۆی سەرۆک بۆش پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەی خستەروو. لە دونیای عەرەب و رۆژهەڵات بە گشتی ئەم پرۆژەیە وا وێناکرا کە هیچ نییە جگە لە چەند تەگبیرێکی ئەمریکا بۆ پاراستنی ئەمنیەتی تەلئەبیب و جێکردنەوەی دەوڵەتی نامۆی ئیسرائیل لە دونیای عەرەبدا. بۆیە دژی وەستانەوە. زیاتر ئەوانەش دژی وەستانەوە کە دەستەبژێری حکومڕانن و ئەندێشەی نەتەوە سەردەستەکانیان هەیە.

کەچی لە هەر هەڵسەنگاندنێکدا بۆ ئەو پرۆژەیە ئەوە روون دەبێتەوە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گـەورە دوا چانسی سیستمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دواى ١١ی سێپتەمبەر.

پرۆژەکەی بۆش بۆ ئەوە بوو دەستەبژێری حوکمڕان بەو جۆرەی خۆیان هەن بمێننەوە، بەڵام دەست بە پرۆسەیەکی چاکسازی ئابووری، سیاسیی و کۆمەڵایەتی بکەن، هەروەک سنووری دەوڵەتەکانیش وەک خۆیان بمێننەوە بەو جۆرەی مافی نەتەوە ژێر دەستەکان بدرێت بێ ئەوەی دەستکاری دیزاینی جوگرافیای سیاسیی بکرێت. سازانێکی مامناوەندی بوو

پرۆژەکەی بوش دوا دەرفەت بوو بۆ گۆرانکارییەکی بێ مەزەرەت کە چینی حوکمڕان و نەتەوە حوکمڕانەکان بە کەمێک چاکسازییەوە بمێننەوە.

بە قەسەی بوشیان نەکرد و وەک کاوبۆیەکی ئەمریکایی کە دەخوازێت بە دەمانچە و پەت ڕاوەشاندن گۆڕانکاری بکات، وێنایان کرد.

بوش رۆیی، بەهاری عەرەبی و جەمسەرگیریی ناوچەکە بە کەمترین خەرجی ئەمریکا و زۆرترین ئازاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەسکەوتی خستە کۆشی ئۆباماوە . جا دوای کەوتنی چینی حوکمڕان دوور نییە دیزاینی جوگرافیای ناوچەکەشی بە دواوە بێت

٢٠١٢/٨/٥

# تا دەگیرسێتەوە

لە وەرچەرخانەکاندا هەر کەس فریا دەکەوێت بە ناوی نەتەوە و گروڵە مەزهەبییەکەی خۆیەوە قسە بکات با تەنانەت زمانی سیاسیی و دیبلۆماسی بەتانییەکی شاراوە بێت و لە ژێریدا کەینوبەینی تێدا حەشار دابێت.

ناوچەکە لە وەرچەرخانی گـەورەدایـە و هەر لایەنەو هەوڵدەدا بەرژەوەندی تەسک یان فراوانی گروڵەکەی خۆی دابین بکات.

لەو قۆناغە هەستیارە وەرچەرخێنەرەدا دەژین کە هەر لایەن کەرەستە و قودرەتمەندی بەردەستی کە دەشێ هی ناونیشانی تریش بێت بۆ قازانجی خۆی بەکار دێنێت.

راستە پێکهاتەی دەوڵەتەکان هەیە و سنوور کێشراوە و عورفی دیبلۆماسیی و یاسای نێودەوڵەتی نزیکەی سەدەیەکە هەموو شتێکی رێکخستووە، بەڵام چونکە خراپی رێکخستووە لایەنەکان خۆیان بە مەغدور دەزانن بۆیە دەبینین هەموو کاغەزەکان خەریکە تێکەڵ دەبن و شپرزەییەک بە هەڵسوکەوتی هەمووانەوە دیارە.

دەوڵەتەکان ئەمرۆ قودرەتمەندی دەوڵەت بۆ رەگەز و نەتەوە و تایفەی سەردەستی خۆیان بەکار دێنن و ئەمەش باعیسی ئەو بەریەککەوتنانەیە کە ئەمرۆ دەقەومێت، ئەم پێکهاتەی مەزهەبی ئەم وڵاتە لەگەڵ وڵاتەکەی تر بە پێی بەرژەوەندی مەزهەبی خۆی و پێکهاتەی هاوشێوەی خۆی لە وڵاتەکەی تردا رەفتار دەکات.

لە دۆسێی کوردیشدا دەبینین هەر دەوڵەتە بە گوێرەی مەترسییەکانی کوردی خۆی و کوردی دەرەوە مامەڵە لەگەڵ باسوخواسەکاندا دەکات، بێگومان ئەمەش پەرچەکرداری دروست کردووە.

ئەم دۆخە وا دەمێنێت تا دادەگیرسێت یاخود دەگیرسێتەوە. تا ئەو کاتەش هەریەکە داشی بەردەستی، کە داشی دەوڵەتداریین، بۆ دەستە و نەتەوەی خۆی دەجوڵێنێ.

**٢٠١٢/٨/٦**

# ڕەقەمی یەکێتی

ئەم هەفتەیە باسی گەرموگور لە میدیادا ئەوەیە کێ یەکەم ودووەمە لە کوردستان.لەو نێوانەشدا قسە لەسەر ڕەقمەکەی یەکێتیش دەکرێت و هەر یەکەی لە تریبیۆنەوە ڕایەک دەڵێ و بەشی خۆی لە دیموکراسییەکەی کوردستان بەکار دێنێت و هەقیشێتی.

ڕاستییەکەی ئەم بابەتە لە میدیاکاندا بابەتێکی وروژێنەری خۆشە، بەلام لەسەر زەمیی واقیع و بە ڕەچاوکردنی کەشی پەیوەندییە سیاسییەکان بابەتێکی بارگاوییە بە ئیلتباس. ئایا پێوەر دەرەنجامی هەڵبژاردنە کە هاوپەیمانێتی ویەک لیستی تێدایە یان پێوەر خوردکردنەوەی دەرەنجامەکانە کە کورسی و مورسی هەر لایەک دەژمێرێت؟

لێرە ڕایەکی شەخسی تر ئێژم کە تەنها هی خۆمە،هی ئەم سووچەیە لە ئەسڵی ٢٤ لاپـەڕەی ڕۆژنامەکە: پێم وایە تەجرەبەی چەند ساڵی ڕابردووی عیراق سەلمێنەری ئەوەیە کورسی و ڕەقمەکانی سەنگی سیاسی دیاری ناکەن. لە هەموو وێستگەکانی هەڵبژاردن لە عیراقدا شیعە یەکەم بوون و دەبن، کەچی سەنگی کورد لە ئاشتی و ناکۆکی بەغدادا سەنگێکی گەورەیە، ڕەقم لە چاویا هیچ نییە.

ئەمە لە کوردستانیش هەر ڕاستە، هەڵبژاردنەکان دەنگی ڕێزلێگیراوی خەڵک دەردەخەن، بەلام هەڵبژاردنی پێشوو و هەڵبژاردنی داهاتووش حسێبیان لەسەر دەکرێت و ئەوانەش هەر دەنگی خەڵکی بوون و دەبن.

ئەگەر یەکێتی (٣٧) ساڵی ڕابردووش بخەینە لاوە ئەم چەند مانگەی ڕابردوو دەرخەری قورسایی گەورەن بۆ یەکێتی کە سەرتۆپەکەی ڕۆڵی سەرۆک تاڵەبانییە.

لەبەر ئەوە دەشێ لە کورتی بیبرینەوە :ڕەقم هەیە، بەس ڕەنگە لە دوای خانەی یەکێتییەوە دەست پێ بکات.

٢٠١٢/٨/٧

# سیاسەت و میدیا

لە عیراق میدیا لە شوێنەکە و سیاسەت لە شوێنێکی تر، لەم پەستێنەدا کوردستانیش بەشێکە لە عیراق.

چەند هەفتەیە میدیاکان باسی ئەوە دەکەن لە پەرلەمان لێپرسینەوە لە مالکی سەرۆک وەزیران دەکرێ. کەچی وەک دەرکەوتووە کەس داخوازی لێپرسینەوەی رەسمی پێشکەش نەکردووە. دوو هەفتە پێش ئێستا گوترا سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانی ئیتیحادی میوانداری دەکرێت. سەرۆکی هەرێم بۆ رێگرتن لە قیلوقاڵ و موزایەدە ئامادەیی خۆی نیشاندا کە بچێتە پەرلەمان و راستییەکان ئاشکرا بکات. کەچی وا ئێستا میدیاکان بڵاوی دەکەنەوە کەس بە رەسمی داخوازی وای پێشکەش نەکردووە.

ئەی کەوایە ئەم بڵقی سەر ئاوانە لە کوێوە دێن و کێ لێیان بەرپرسیارە؟

ئەگەر رووداو بەشێوەیەکی رەسمی نەقەوماون بۆچی دزە دەکەنە نێو میدیاکانەوە؟

لە عیراق میدیاکان وەک سەکۆیەکی بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی لە ڕاڕەوەکانی سیاسەتدا دەقەومێت مامەڵە ناکرێت. میدیا سەکۆیەک نییە بۆ ئەوشتانەی روویان داوە، بەڵکو سەکۆیەکە بۆ تاقیکردنەوە و فوو پیاکردنی هەندێک بالۆنی سیاسیی. سیاسییەکان لە جێی ئەوەی مینبەرە رەسمییەکانی سیاسەت وەک حکومەت و پەرلەمان و سەکۆ حزبییەکان بکەنە گۆڕەپانی دانوستانی سیاسیی میدیاکانیان کردۆتە تاقە مینبەر.

بەڵێ وایە لە میدیای هەموو دونیادا رێژەیەک هەیە بۆ ئەم بڵقی سەر ئاو و فوو پیاکردنە بەڵام وای لێ بێت رێژەکە بگاتە ٩٠٪ و میدیاش ببێتە تاقە مینبەری سیاسەتکردن ئەوا مانای وایە سیاسەت گیرۆدەی دەستی میدیا و میدیاش بە سیاسەت ئاڵودە بووە.

٢٠١٢/٨/١٢

# ئیستفزازییە

منیش تێبینیم هەیە لەسەر مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەشتیار و هاتووچۆکارانی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم و بە تایبەتیش ئەوانەی لە بەغدا و ناوچە عەرەبییەکانەوە دێن. پێم وایە بۆ ئەوەی شانازی ئارامی و ئەمنیەتی خۆمان لە دەست بدەین دەکرێ تەکنییکی تر بۆ مامەڵە لەگەڵ هاموشۆکاران و میوانان بدۆزینەوە. دەزگا ئەمنییەکانمان شارەزایی ئەوتۆیان هەیە کە بێ ئاڵۆزی و دواخستن لەگەڵ کەیسی گومانلێکراواندا مامەڵە بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا وەختێک ئەم تێبینیانە لە راوێژکارەکانی حکومەتی بەغداوە دێت لە داخا سەرنجەکانی خۆم دەپێچمەوە و ناچارم بێمە قسە.

راوێژکارێکی حکومەت دەڵـێ ئیجرائاتەکانی کوردستان لەگەڵ هاووڵاتیاندا ئیستفزازییە. هەر ئەم قسەیە خۆی ئیستفزازییە. وەگەرنا ئەم ئیجرائاتانە دەمێکە هەن، بۆچی ئێستا بووە چەند لاپەرەیەکی تر لە دۆسێی ناکۆکییەکانی بەغدا و هەرێم؟

ئەوەی نیشانی دەدا ئەم لێدوانە هیچ پەیوەندی بە پەرۆشی میللییەوە نییە دوا قسەی راوێژکارەکەیە کە دەڵێ لە هەر دانوستاندێکدا لەگەڵ هەرێم ئەم کێشانەش باس دەکەین. وەک بلێی ئێمە ئەنجوومەنی دانوستاندن بۆ ئەوە دادەمەزرێنین نەک پرسی نەوت و کەرکوک و پێشمەرگە. دەخوازن سەرقاڵی ئەم لێدوانە ئیستیفزازییە بین لە سەر گوایە ئەو ئیجراتانە ئیستیفزازییە.

بەم جۆرە بیرکردنەوانە بە بیانووی سەربەخۆیی ئیجرائاتی هەرێمەوە دەخـوازن کوردستان نەک وەک پارێزگا بەڵکو وەک قایمقامیەتێکیش دەستی نەڕوا لە بڕیاری ئیداریدا.

هەرێم دەتوانێت ئەم بیانووەشیان ببڕێت، بـەڵام بـاری ئەمنی شوێنەکانی تری عیراق هی ئەوەن هەرێم بیانکاتە نموونە؟

**٢٠١٢/٨/١٣**

# ژەنەڕالی بەهار...ی عەرەبی

ژەنەراڵەکان دێن و دەڕۆن،هەروەها عەقدیدەکانی جەیشیش، بەڵام مافی نەتەوەکان جێگیرە و ئەگەر لە وێستگەیەکیشدا پەکی بکەوێت لەدوا مەنزڵدا دەورەی خۆی تەواو دەکات و هەموومان پێی شاد دەبین.

ژەنەڕاڵی سیاسییاوی لە حکومڕانی بێت یان لە ئۆپۆزسیۆن ،نەخاسمە ژەنەڕاڵی نەتەوەی سەردەست، هەر لووتبەرزە و لە ئەستێرەکانی سەرشانییەوە دەڕوانێتە دونیا و خۆر و مانگەکانی. ژەنەڕاڵەکانی سوپای سوریای ئازادیش هەر دیسان شێتی ئەستێرەکانی سەرشانیانن با تەنانەت لەگەڵ جلوبەرگە سەربازییەکەیان پێکەوە دوورابێ و نووسابێت و بۆ ریکلامی سیاسیی لەبەر کرابێت.

دیدارێکی عەقید ریاز ئەلئەسعەد "سەرۆک ئەرکانی "سوپای سوریای ئازادم خوێندەوە کە لە هەمان فەرهەنگی "ژەنەڕاڵە" ناسیۆنالیستەکەی شەستەکانەوە، مولازم محەمەد تەلب هیلالەوە وەرگیراوە. پڕە لە نابێ و ناکرێ، نابێ فیدراڵی هەبێ و نابێ وا بکرێت. ئەم هەموو ژەهرەش بە هەنگوینی ((برا کوردەکانمان))یان ئاڵودە کردووە. ئەم ئەستێرە لە شانە کوڕی هەمان فەزای هیلالی عەرەبییە و بۆ زەمانی دوای ئەسەد تیفتیفە دراوەتەوە.

ژەنەڕاڵەکان دێن و دەڕۆن، لە مێژووی رۆم و عەجەم و عەرەبیشدا زۆر میدالیا بە ناوی شەڕی کوردستانەوە وەرگیراون و زۆر ژەنەڕال وەک ژەنەراڵ باقر تەڕ و وشکیان پێکەوە سووتان. رۆژێ دێ ئەم میدالیانە دەبنە دەسکەلای یەخەگیریی لەگەڵ پێشێڵی مافەکان لە ژێر هەر پەردە و ناوێکدا بێت: جا تایتڵی خەزانی بەعسی یان ناونیشانی بەهاری عەرەبی

مافی نەتەوەکان وەک نەبەردی وایە، زۆر لەوە گرنگترن بدرێتە دەست ژەنەڕاڵەکان.

٢٠١٢/٨/١٤

# یەك ریزی و ناكۆكی

کوردستانیش وەک هەر وڵاتێکی تری دونیا کۆمەڵێکی پڕ زیندوێتییە وسیاسەت لە شوێنێک ناگیرسێتەوە و ململانێش کرۆکی پێکدێنێت. بۆیە پێشبینی کردنی راوەستان و مەنگی و نەمانی ململانێی ئارەزووییەکی رۆمانسییە ، بەلام پێداگری لە سەر ئەم ئـارەزووە سەردەکێشێ بۆ خۆسەپاندن

لە جولەی سیاسیی کوردستان یەکێتی و پارتی لەسەر زۆرشت ناکۆکن و ئەم ناکۆکییە بە نوشتەی رێککەوتنی ستراتیژی دەپارێزین. پارتی و گۆڕان لەسەرەتای ململانێدان و هێشتا تۆزی ململانێ توندەکەی دووەمیان لەگەڵ یەکێتی نەنیشتۆتەوە. بەری چەند رۆژێکیش تەماشای بەرنامەیەکی تیڤیم کرد باسوخواسەکەی لەسەر یەکریزی ئۆپۆزسیۆن بوو، یەکگرتوو گلەیی لە کۆمەڵ و هەردوکیشیان گەلەییان لە گۆڕان هەیە و هەرسێکیشیان ناوە ناوە پێداگری لە سەر "یەکریزی" دەکەن بەرامبەر یەکێتی و پارتی کە ئەوانیش تەئکید لەسەر "یەکریزی" دەکەنەوە لە بەرامبەر "یەکریزی" ئۆپۆزسیۆندا. تەبعەن باسی ململانێی ناوخۆیی هەر حزبێکیش لەوانە ناکەم.

کێشەکە لە کوێدایە؟ لەوەدا نییە کە هەڵەیە دوو حزبی حکومڕان یان سێ حزبی ئۆپۆزسیۆن لە ناوخۆیان و لەگەڵ یەکتر ناکۆک بن. کێشە ئەوەیە ئەسپەشێی سیاسەتیان پێ راڤە ناکرێت بەو جۆرەی ئیدارەی ململانێکەی پێ بکەن و لەگەڵ جیاوازییەکانیان هەڵبکەن، هەندێک لەو جیاوازییانە چارە بکەن، هەندێکی دەریچەی نەرمونیان کردنی بۆ بدۆزنەوە و هەندێکیش بۆ زەمەن جێبهێڵن بەڵکو یان چارەیان بکات یان ریزبەندی تریان لێ دروست بکات. بۆچی نا؟

کێشە ناکۆکی نییە، کێشە هەڵنەکردنە لەگەڵ ناکۆکی و لەگەڵ میکانیزمەکانی ئیدارەدانی.

**٢٠١٢-٨-١٦**

یار و نهیار